# کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ

## ۱۹۱۸ – ۱۹۲٦

پرۆفیسۆر د. میم کەمال ئۆقە

**وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش**

■ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

■ کتێبی ژمارە: (٤)

■ کتێب: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ

■ نووسینی: پرۆفیسۆر د. میم کەمال ئۆقە

■ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ سەلام ناوخۆش

■ چاپی یەکەم: هەولێر – ۲۰۰۰

■ دەرهێنانی هونەری: قاسم قادر

■ چاپخانەی خەبات/ دهۆک

■ ژمارەی سپاردن (۲۷۱)ی ساڵی (۲۰۰۰) دراوەتێ.

**لە جیاتی پێشەکی**

# هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە

**پێناسەی ویلایەتی موسڵ:**

دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێراندا ڕۆڵێکی گرنگی لە تیرکردنی ململانێی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانلی لە سەدەی شازدەهەمدا بینی، وڵاتی کوردان لە نێوان بەرداشی ئەو دوو هێزەدا باجی زۆری داوە.

ئەوەی پەیوەست بێ بەم باسەوە ئەوەیە: دەوڵەتی سەفەوی هەر لەبەرایی دروست بوونییەوە بەوە خەریک بووە جێ پێی خۆی لە دەڤەری ژێر دەسەڵاتی عوسمانلیدا بکاتەوە.

دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی ١٥٠٨دا شاری موسڵی داگیر کرد، ئەو داگیرکردنە، هەر خاک داگیرکردن نەبوو ، بەڵکو هەوڵێکی جدی بوو بۆ بە «شیعەکردنی» گەلانی دەڤەرەکە.

ساڵی ١٥١٤ ململانێی هەردوو دەوڵەت چووە قاڵبێکی ترەوە، چونکە پاش ئەوەی سوڵتان سەلیمی عوسمانلی - لە ڕێگای مەلا ئیدریسی بەدلیسییەوە- بەڵێنی بە میرانی کورد دا کە ئەگەر لە دژی شا سمایلی سەفەوی پشتی بگرن ئەوا ڕێ بە میرەکان دەدا هەر یەکە لە ناوچەی خۆی سەربەخۆ بێ.

ئەو بەشدارییەی کوردان لە ململانێیەکەدا وای کرد لە شەڕی چالدێراندا، سەفەوییەکان تووشی شکستێکی گەورە بێن و لە ئاکامیشدا کوردستانی عوسمانلی بوو بە بەشێک لە ئەمپراتۆریەتی عوسمانلی.

بەم جۆرە ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٥١٦-ەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی، لە پاش ئەو دەست بەسەردا گرتنە، موسڵ بوو بە لیوا «سەنجەق»ێکی عوسمانلی سەر بە ویلایەتی دیار بەکر(١).

پاشان ساڵی ١٥٣٩ موسڵ وەک مەڵبەندێکی ویلایەتی عوسمانلی سەربەخۆ بووە. ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانلیدا کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٥٣٩- ١٥٤٠ دەگەڕێتەوە، دەردەکەوێت.

لە بەڵگەنامەکەدا سنووری ویلایەتی موسڵ بەم شێوەیە دیارکراوە: ویلایەتی دیار بەکر لە باکوور، ویلایەتی شارەزوور لە ڕۆژهەڵات، ویلایەتی بەغدا لە باشوور، ویلایەتی ریقە لە ڕۆژئاوا سنووری بووە.

لە بەڵگەنامەکەدا سنووری ئیداری موسڵ زۆر بەرتەنگ کراوەتەوە بە جۆرێ تەنها ئاماژە بۆ شەش سەنجەق کراوە، ئەوسا ناوەندی ویلایەتەکەش شاری موسڵ بووە.

سەنجەقەکانیش ئەمانەبوون: ئەسکی موسڵ، تکریت، زاخۆ، عانە، کەشاف. ئەم دابەشبوونەش یەکەمین دابەشبوونێکی ئیداری ویلایەتی موسڵ بووە(٢)، هەروا عوسمانلییەکان ئەو ناوچانەیان وەک بنکەیەک دژی دەسەڵاتی سەفەوی بەکار دەهێنا. هەر بۆیە سەفەوییەکان لە دەرفەتێک دەگەڕان ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانلییەکان دەربهێنن.

«لە ساڵی ١٦٢٣دا بەکر سوباشی لە بەغدا ئاژاوەیەکی نایەوە. لە ئاکامدا سەفەوییەکان توانیان لەو ساڵەدا دەست بەسەر موسڵدابگرن، بەڵام لە ساڵی ١٦٢٦دا عوسمانلییەکان توانیان جارێکی تر دەست بەسەر شارەکەدا دابگرنەوە»(٣).

جارێکی تر سەفەوییەکان نەیانتوانی موسڵ داگیر بکەنەوە. لە ساڵی ١٦٢٦ تاکو ١٨٧٩ موسڵ هەندێ جار تەنها سەنجەقێک بووە، هەندێ جاریش بەتایبەتی لە سەردەمی مەدحەت پاشادا بۆتە ویلایەت، بەڵام ساڵی ١٨٧٩ بۆتەوە ویلایەتێکی سەربەخۆ.

ساڵی ١٨٧٩ ویلایەتی موسڵ بریتی بوو لە سێ لیوا، هەر لیوایەکیش لە چەند قەزایەک پێکهاتبوو، بەم جۆرە:(٤)

**پێکهاتنی ئیداری ویلایەتی موسڵ پاش ساڵی ١٨٧٩**

| ویلایەت | ویلایەتی موسڵ | | |
|---|---|---|---|
| لیوا | موسڵ | کەرکوک | سلێمانی |
| قەزا | موسڵ - ئامێدی | کەرکوک - ڕواندز | سلێمانی - گوڵ عەنبەر |
| | زاخۆ - دهۆک | کۆیە - ڕانیە | مەعمور حەمید - بازیان |
| | ئاکرێ - سنجار | هەولێر - کفری | شارباژێر - جاف |

لەو سەردەمدا هیچ قەوارەو کیانێک بەو هەموو نەتەوە و مەزهەب و ئایینەوە بەناوی عێراقەوە نەبووە، ناوچەی کوردی جاران ناسراوبوو بە «عێراقی عەجەمی» ، عێراقی نا عەرەبی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، کە ئەوسا دەستی «ئیستعماری عەرەبی» نەگەیشتبووە ناوچەکە، لەم سونگەیەوە ناوچەکە بەو ناوە ناونراوە [٥].

هەروا بۆ جیاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ یان کوردستان بەگشتی لە ناوچەی عەرەبی لە هەندێ سەرچاوەدا بە ناوچەی کوردی گوتراوە «اقلیم جبال» . هەرچی خوارووی ناوچەی کوردنشین بووە ئەوا بە عێراقی عەرەبی ناوی هاتووە، لەسەردەمی عوسمانلییەکان ئەو بەشە، کوردستانی خواروو ناوی «ویلایەتی موسڵ» بووە، هەرچی وڵاتی عەرەبانیش بووە، ئەوا بە ویلایەتی بەغدا و بەسراوە ناسراون، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزیشدا ئەوا عێراق ناسرابوو بە مسیۆپۆتامیا و وڵاتی نێوان دوو زێ. ویلایەتی موسڵیش پێی دەوترا مسیۆپۆتامیای سەروو[٦]. لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە: هەر چەند ئەو کۆمیتەیەی کە کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەی موسڵ پێکی هێنا، بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵی بە «عێراقی عەرەبی»دا، بەڵام بە ئاشکرا دوو ڕاستی زۆر گرنگی لە بارەی ئەو ویلایەتەوە دووپات کردەوە:

**یەکەم:** ٨/٥ی دانیشتوانی ناوچەکە کوردن، کوردیش نە تورکن و نە عەرەب و لە ڕەگەزی ئارین.

**دووەم:** ئەگەر بیانووی نەژادی (نەتەوەیی) بە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دابنرێت ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ[٧]. بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ویلایەتی موسڵ، هەر یەک لە ئینگلیز و تورکیا و عێراق، هەر یەکەی بۆ مەبەستێ، ژمارەی کوردی لە ناوچەکە بە جۆرێ دەخەملاند کە لە بەرژەوەندی خۆی دابێ. هەروەها لەو خەملاندنانەدا کوردە غەیرە موسڵمانەکانی وەک ئێزیدی و کاکەیی و مەسیحی بە کورد دانەنراون، هەر بۆ ئەوەی وای دەربخەن کە ژمارەی کورد لەو ویلایەتەدا لەچاو تورک و عەرەبدا هێندە زۆر نییە.



## سەرژمێرییەکانی ویلایەتی موسڵ (٨)

| نەتەوەو کەمایەتییەکانی ویلایەتی موسڵ | خەملاندنی تورکیا (راپۆرتی تورکیا بۆ لۆزان) | خەملاندنی بەریتانیا (راپۆرتی ئینگلیز ساڵی ١٩٢١) | خەملاندنی عێراق |
| --- | --- | --- | --- |
| کورد | ٢٦٣٨٣٠ | ٤٢٣٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ |
| عەرەب | ٤٣٢١٠ | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ |
| تورکمان | ١٤٦٩٦٠ | ٦٥٨٩٥ | ٣٨٦٥٢ |
| ئاشووری | ----- | ٦٢٢٢٥ | ٦١٣٣٦ |
| جولەکە | ٣١٠٠٠ | ١٦٨٦٥ | ١١٨٩٧ |
| ئێزیدی | ١٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ |
| شارییەکان | ٥٠٣٠٠٠ | ----- | ------ |
| کۆچەرەکان | ١٧٠٠٠٠ | ----- | ------ |
| کۆ | ٦٧٣٠٠٠ | ٤٦٨ و ٧٨٥ | ٧٩٩٠٩٠ |

ئەگەر بە وردی لەو خەملاندنانە بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ:

یەکەم: تورکەکان، ژمارەی کورد و عەرەبیان لە ویلایەتەکەدا بە جۆرێ خەملاندوە، کە لە ڕاژەی بانگەشەکانی خۆیان دابێ، هەروەها ژمارەی تورکمانەکانیشیان ئەوەندە زۆر کردووە بە جۆرێ، نزیک بێ لە ژمارەی کوردان.

دووەم: هەر یەک لە ئینگلیز و عێراق ژمارەی عەرەبەکانیان لە هەرێمەکەدا زۆر کردووە، هەروەها ژمارەی تورکمانەکانیان لەچاو خەملاندنەکەی تورکیا زۆر کەم کردۆتەوە، هەروەها هەردووکیان ئێزیدی و کاکەییەکان و مەسیحی و کۆچەرە کوردەکانیان بە کورد دانەناوە، هەر بۆ ئەوەی ژمارەی کورد کەم بکەنەوە بە جۆرێ نزیک بێ لە ژمارەی عەرەب لە ویلایەتەکەدا.

لە ئاکامدا هەر چەند کۆمەڵەی گەلان- هەروەک بەڕەسمیش بڕیاری دا- کە ویلایەتی موسڵ لە ڕووی ئەتنیکییەوە وڵاتی کوردانە و ئەگەر ئەو

هۆکارەی سەرەوە بە هەند وەربگیرێ دەبێ دەوڵەتێک بۆ کوردان دروست بکرێ، بەڵام گوشاری بەریتانیا بۆ سەر کۆمەڵەی گەلان لەلایەک و لاوازی هەڵوێستی تورکان لە بەرانبەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئەنادۆڵ لەلایەکی ترەوە، وای لە کۆمەڵەی گەلان کرد بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبی بدا.

لە پاش دیاریکردنی سنووری «تورکیای نوێ» و «عێراقی نوێ» هێڵی برۆکسل بەبێ ویستی کورد بوو بەسنووری لێک جیاکردنەوەی باشوور و باکووری کوردستان لەیەکتر.

لەپاش ڕازیبوونی تورکیا بەو هێڵە وەک سنوورێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا ئەوا لە ١٨ی تەمموزی ١٩٢٦-ەوە ویلایەتی موسڵ «بەڕەسمی» کرا بە باکووری عێراق.

## هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە

زۆر هۆکار هەبوون کە هەریەکەیان بە جۆرێک کاریگەری خۆی هەبووە لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە.

هۆکاری هەرە سەرەکی خۆی لە ماهیەتی ئیستعمار دەنوێنێ، هەر یەک لە ئینگلیز و فەڕەنسا و روسیا پێش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگدا بڕوخێنن، لە ڕێگای ڕێککەوتنی سایکس- بیکۆوە، بڕیاری دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانییان دابوو، بەڵام ئەو پرسیارە دیتە گۆڕێ، بۆچی لەو نێوەندەدا کورد لەچاو گەلانی ناوچەکە لە هەموویان زیاتر زەرەرمەند بوو؟!

بەر لە هەموو شتێ هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی ویلایەتی موسڵ دەورێکی زۆر گرنگی بینی کە هەر یەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا بتوانن گەورەترین سەر ئێشە نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ تورک و عەرەبیش دروست بکەن. واتە ئەو دابەشکردنەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئیمپریالیزم بووە بۆ ئەوەی لەلایەک جارێکی تر ئیمپراتۆریەتێکی دی لە ناوچەکە دروست نەبێتەوە، هەروەها لە بریتی ئەوەی هەر یەک لە تورک و کورد و عەرەب بە دژایەتی ئیمپریالیزم خەریک بن، وای لێ کردن بەیەکتر خەریک بن ئاکامیش هەروا کەوتەوە!



لەلایەکی تر بەریتانیا بەر لەوەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی دامەزرێنێ پەیوەندی لەگەڵ کورداندا هەبوو، لەو بارەیەوە ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ: دوای ئەوەی شێخ مەحمود لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی ئەو دەمەی سلێمانیدا پێک هات نامەیەکی بە دزییەوە بۆ ویلسن و گەورەی هێزەکانی ئینگلیز لە کەرکوک نارد[٩] لە نامەکەدا شێخ بڕیاری ئەوەی دابوو کە ئەو ئامادەیە بەناوی ئینگلیز و لەژێر چاودێری ئینگلیز دا سەرۆکایەتی حکومەتی کوردی لە سلێمانیدا بکات.

ئەو نامەیەی شێخ مەحمود ئەو «بانگەشانە» ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن شێخ لەبەر «موسڵمانێتی» ئامادە نەبووە لەسەر مەسەلەی کورد لەگەڵ ئینگلیزدا تۆقە بکا.

هەروا شێخ مەحموود نامەیەکی تریشی بۆ ویلسن ناردووە لە ئاکامیشدا ویلسن، مێجەر نۆئیل و دەستەیەکی نارده سلێمانی، ئەویش لەبەردەم پیاوماقوڵانی سلێمانی لە ١٩١٨/١١/١دا وتی:

شێخ مەحموود لەلایەن حاکمی عامی عێراقەوە بە «حکمداری کوردستان» ناسراوە»[١٠].

لێرەدا دووبارە ئەو پرسیارە دەکەینەوە بۆچی لە کاتێکدا ئینگلیز پێش ئەوەی فەیسەڵ بکا بە شای عێراق، شێخ مەحموودی کردە حوکمداری کوردستان و لە پاشانیش مەسەلەکە سەرەوگێڕ بۆوە، لە بریتی دەوڵەتی کوردی لە ویلایەتی موسڵ دامەزرێ، ئەو ویلایەتە بێ پرسی کوردان کرا بە بەشێک لە عێراقی عەرەبی؟!

لێرەدا دیسان وێڕای جەخت کردن لەسەر سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەکەدا -کە هەر لە بەراییەوە لەگەڵ ئەوە نەبوو کورد دەوڵەتی هەبێ- بەڵام نابێ کاریگەریی ڕەوتی ڕووداوەکانیش فەرامۆش بکەین.

لەلایەک ئینگلیز بۆ ئەوەی شێخ مەحموود ئاگاداربکەنەوە وتێی بگەیەنن کە لە سنووری دەسەڵاتی خۆی دەرنەچێ - کە لە نەزەری ئینگلیز شێخ مەحموود ئەو سنوورەی بەزاندبوو- مێجەر نۆئیلییان گۆڕی و لە جێی ئەو مێجەر سۆنیان نارد، ئەمەیان هەر بۆ ئەوە دانرابوو کە کێشەکان ئاڵۆزتر بکات.

هەروا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە شێخ لە نێو بەرداشی جلخوار و ئینگلیزویستەکاندا بە ڕوونی هەنگاوی نەدەنا.

لەمەشدا دەتوانین پاساو بۆ شێخ بهێنینەوە، چونکە هیچ لایەکیان- ئینگلیز و تورک - لەگەڵ شێخدا ساغ نەبوون، بۆیە لە نەزەری ڕەفیق حیلمی، نۆئیل گەیشت بووە ئەو قەناعەتە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئایندە لە بەرژەوەندی کورد نابێ.

لە ئاکامیشدا ئینگلیز سلێمانی بە زەبری هێز گرت و حکومەتی دەسکردی عێراقیش بڕیاری دا کە سلێمانی لیوایەکی عێراقییە.

هەروا بە حوکمی ئەوەی ئینگلیز پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردان و شۆڕشی شیعەکانی باشووری عێراق هێشتا نەیتوانیبوو تەناهی لە ناوچەکە فەراهەم بێنێ، هەروەها بە هۆی بەدەسەڵات بوونی کەمالییەکان لە تورکیا و داواکردنی ویلایەتی موسڵ، ئینگلیز جارێکی تر ناچار بوو شێخ مەحموود بێنێتەوە سلێمانی و دووبارە حکومەتی کوردی دابمەزرێنێ.

لێرەدا جارێکی تر تورکەکان لە ڕێگای ئۆزدەمیرەوە، توانیان نێوانی ئینگلیز و کورد تێک بدەن، بە جۆرێ لایەک باوەڕی بە لایەکەی نەمێنێ.

ئینگلیز وای پیشان دەدا کە کێشەکە پەیوەستە بە کەسایەتی شێخ مەحموودەوە، بۆیە ماوەیەک هەوڵی دا بەدیلێ بۆ شێخ لەناو کوردان بدۆزێتەوە کە وەک شا فەیسەڵ تەواو گوێ ڕایەڵ بێ- وەنەبێ ئینگلیز ئەو هەوڵەی نەدابێ، بەڵکو هەر لەو بارەیەوە «سەید تەهای شەمزینی» تاقی کردەوە، بەڵام ئاکامەکە بەدڵی ئینگلیز نەبوو، بۆیە ئەمجارەش ئینگلیز شەڕی کوردی کردەوە و حکومەتەکەی سلێمانی ڕووخاند.

ڕووخانی حکومەتی «خەلافەی ئەستەمبوڵ» و سەرکەوتنی کەمالییەکان هۆکارێکی دی زۆر گرنگ بوو لەسەر پەرژ و بڵاوبوونی هیوای کوردان بە ئینگلیز و، وتووێژەکانی تورکیا و بەریتانیا لەمەڕ چارەنووسی ویلایەتی موسڵ زێتر ماهیەتی دیماگۆجیەتی هەڵوێستی هەردوولای لەهەمبەر کوردان نیشان دەدەن.

د. کەمال مەزهەر دەڵێ هەریەکەیان هەوڵی دەدا کورد بکاتە جۆکەری بردنەوەی یارییەکە.

تورکەکان بۆ خۆ نزیک خستنەوە لە کورد، فەتاح بەگی خزمی شێخ مەحموودیان لەگەڵ خۆیان بۆ ناوچەکە هێنابوو[١١].

هەروەها تورکەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە کوردێکی زۆر لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانی تورکدا هەن.

لەمەشدا مەبەستیان بوو بە ئینگلیز بڵێن کورد و تورک یەک ڕەگەزن،



بۆیە تورکیا مافی ئەوەی هەیە حوکمی ویلایەتی موسڵ بکات[١٢].

هەر چەندە چارەسەرکردنی مەسەلەکە بە کۆمەڵەی گەلان سپێردرا، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئینگلیز باڵادەست بوو، کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا دەبێ ویلایەتی موسڵ بکرێ بەبەشێک لە عێراق.

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، ئەوا دوو هۆکاری تر ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە.

یەکەم: ڕۆڵی کێشەی مەزهەبی لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە، ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ عێراق لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە سێ ویلایەت پێکهاتبوو، ویلایەتی موسڵ (کوردستانی خواروو)، ویلایەتی بەغدا (ویلایەتی عەرەبی سوونی) ویلایەتی بەسرا (ویلایەتی عەرەبی شیعە).

بە حوکمی ئەوەی شیعەکانی باشووری عێراق لەگەڵ ئێرانییەکاندا هاومەزهەب بوون، هەتا عوسمانییەکانیش بە هاووڵاتی ناعوسمانی (ناڕەسەن)یان دادەنان.

ئەو شیعانە ژمارەیان چوارقاتی عەرەبەکانی ناوەندی عێراق بوو[١٣]. لەکاتی داگیرکردنی عێراق، هەروەها لە شۆڕشی ١٩٢٠یشدا شیعەکان زەبرێکی زۆر کوشندەیان لە سوپای ئینگلیز دابوو. هەرچی عەرەبەکانی ناوەندی عێراق بوون (کە خۆیان ناونابوو عەرەبی سوونە- لە ئەسڵدا ئەو ناوە هەر بۆ جیاکردنەوەی مەزهەب بووە، نەک بە چەمکی ئەمڕۆ «ئیسلامی» بووبن و مەبەستیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بووبێ). لەگەڵ ئینگلیز دەسازان و ئامادەبوون بەپێی سیاسەتی ئینگلیز هەڵسوکەوت بکەن بە جۆرێ ڕازی بوون کە «فەیسەڵ»ی نا عێراقی ببێتە مەلیکی عێراق، هەروەها بە پلانی سێر پیرسی کۆکس ڕازی بوون، کە سیاسەتی دەرەوە و ئابووری و نەوتی عێراق بەدەست ئینگلیزەوە بێ[١٤].

لەو نێوەدا ئینگلیز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بیری لەوەکردەوە ئەو عەرەبانە بەدەسەڵات بکات.

ئەو عەرەبانە ١٥٪ی عێراقیان پێک دەهێنا- جا بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە زۆر بکرێ و لە هەڕەشەی شیعەکانی باشوور بپارێزرێت- ئینگلیز بڕیاری دا ویلایەتی موسڵ، کە ٢٨٪ی عێراقیان پێکدەهێنا و وەک پاڵپشتێک بۆ عەرەبەکانی ناوەندی عێراق، بکرێتە بەشێک لە عێراق.

لەمەشدا ئینگلیز مەبەستی ئەوەبوو لەلایەک ململانێی مەزهەبی بوژێنێتەوەو لەلایەکی تریشەوە ململانێی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا بخولّقێنێ.

دووەم: ڕۆڵی نەوت لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە، عێراق لە دێر زەمانەوە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت ناسراوە.

هەندێ نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەتا هیرۆدۆتی مێژوونووسیش لەو بارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە [١٥]. هەروا زۆر نووسەریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیش زلهێزەکانی وەک ئەڵمانیا و روسیا و بەریتانیا دەیانزانی کە نەوت لە ویلایەتی موسڵ هەیە، هەتا دەتوانین جەخت لەسەر ئەوەش بکەین کە هۆکاری نەوت دەوری زۆر گرنگی بینیوە سەبارەت بەوەی کە ئینگلیز ڕێز لە بەندەکانی ئاگر بەسی مۆدرۆسیش نەگرێ.

لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر کەمال مەجید دەنووسێ: بوونی نەوت لە کەرکوک سوپای ئینگلیزی هاندا کە ئاگر بەس بشکێنن و دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بگرن کە دەکەونە باشووری زێی خابوورەوە[١٦].

هەروابێتەوە سلێمانی و موسڵ-یش لەسەردەمی ئاگربەسدا داگیر نەکرابوون، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئینگلیز دەیزانی نەوت لە ناوچەکەدا هەیە هەر بۆیە لە ڕێگای هەردوو بەندی حەوت و شانزەی ئاگر بەسەوە، شەرعیەتی بە داگیرکردنی موسڵ دا [١٧].

لە پاشان کلیمانسۆ هەستی کرد، کە بە لە دەست دانی ویلایەتی موسڵ زیانێکی زۆر گەورەیە بۆ بەرژەوەندی فەڕەنسا، ئەوا بە لوئیدی وت: ئەگەر بمزانیایە ئەو شتە هێندە بە نرخە، ئەوا هەرگیز دەست بەرداری نەدەبووم[١٨].

وەک وتمان ئینگلیز هەر لە پاش جەنگ بەڵێنی ئەوەی بە خۆ دابوو کە بە هیچ جۆرێ دەست بەرداری ئەو ناوچەیە نەبێ.

کەسێکی وەک لۆرد کیرزۆن کە دەورێکی زۆر گرنگی هەبووە لە دارشتنی ستراتیژییەتی ئینگلیز لە پاش جەنگدا بە ڕاشکاوی دەڵێ: «سوێند خۆران لەسەر دەریایەکی نەوتەوە بەسەرکەوتن گەیشتن» [١٩].



هەروەها هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئینگلیز بۆ داگیرکردنی بەغدا نۆوەد و هەشت هەزار کەسی لێ کوژراوە، بەڵام ئینگلیز کە بینی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بێجگە لە ویلایەتی موسڵ تەواو ئامانجە ستراتیژییەکانی ئینگلیز لە ناوچەکە ناپێکن، هەروەها بە حوکمی ئەوەی لە ڕووی جوگرافیشەوە ویلایەتی موسڵ ترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز دروست دەکرد، هەر بۆیە ، ئینگلیز هەموو هەوڵ و تەقەللای خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەو ناوچە دەوڵەمەندە لە بندەستی تورکەکان دەربهێنێ. لۆرد کیرزۆن کە تەواو دەرکی بەوە کردبوو ویلایەتی موسڵ چ گرنگییەکی هەیە بۆ ئینگلیز، هەر بۆیە «زیرەکانە» توانی ویلایەتی موسڵ لەژێر دەستی تورکان دەربهێنێ، ئیدی ئینگلیز بۆ ئەوەی وا بکات عەرەبەکانیش لە تەناهی تەواودا نەژین، لە ڕێگای کۆمەڵەی گەلانەوە جاروبار مەسەلەی کوردی دەوروژاند، لەمەشدا مەبەستی هەر وروژاندن بوو نەک بەهاناوە هاتنی کوردان، چونکە وەک دەزانین کورد لەسەردەمی مەلەکیدا چەندەها شۆڕشیان لە دژی دەسەڵاتی عەرەبی عێراقدا بەرپاکردووە، بەڵام ئینگلیز لە کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشانەدا دەوری سەرەکی بینیووە.

لەو چەند لاپەڕەیەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەوەی عوسمانییەکان پێیان دەوت ویلایەتی موسڵ وڵاتی دێرینی کوردانە و تورک و عەرەب هەر یەکەی بەبێ بەڵگەی مێژوویی هەوڵیان داوە دیمۆگرافیای ئەو شوێنە بگۆڕن.

هەروەها بۆمان دەردەکەوێ کە چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی- هەر یەکەی بە جۆرێ- دەوری خۆیان بینیووە لە لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبییەوە.

**سەلام**

**١٩٩٨/٥/١٥**

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١- د. ئازاد نەقشبەندی، کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت؟ گۆڤاری مەتین، ژمارە (٥٧) تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، ل٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

٣- نجم سورچی، مصیر ولایة الموصل (کردستان الجنوبیة) مابعد عام ٢٠٠٠، ١٩٩٩، ل٢٩.

٤- سەرچاوەی یەکەم.

٥- هیوا، الفیدرالیة الاسلامیة و وحدة العراق، گۆڤاری «ئاڵای ئیسلام»ساڵی نۆیەم، هەر دوو ژمارەی ٢ و ٣، نوفمبر ١٩٩٥، ل٢٢.

٦- لە سەردەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکانیشدا، عێراقی عەرەبی هەر بەو ناوە ناسرابوو، هەروەها هەتا سوپای ئیسلام نەگەیشتە ناوچەکە عێراق بەشێک بوو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فارسی، بڕوانە: پرۆفیسۆر کەمال مەجید، النفط و الاکراد، دراسة العلاقات العراقیة - الایرانیة - الکویتیة.

٧- د. فاضل حسین، مشکلة الموصل، دراسة في الدبلوماسیة العراقیة- الانگلیزیة- الترکیة وفي الرأي العام، ١٩٧٧، ل١٠٢.

٨- نەجم سورچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

٩- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، بەشی یەکەم، ل٥١.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

١١- د. کەمال مەزهەر، کۆمەڵەی گەلان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٧)، ل٣.

١٢- د. فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو.

١٣- ڕەفیق سابیر، ڕۆڵی کێشەی مەزهەبی لە لکاندنی کوردستانی خواروو بە عێراقەوە، گۆڤاری نۆژەن، ژمارە (٢)، ل٥١.

١٤- کمال مجید، النفط و الاکراد، دراسة العلاقات العراقیة- الایرانیة- الکویتیة، دار الحکمة، لندن ١٩٩٧، ل١٤.

١٥- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤

١٧- بەپێی بەندی حەوتەم هاوپەیمانەکان مافی ئەوەیان هەبوو، ئەگەر پێویست بکات، ئەوا هەموو شوێنە ستراتیژییەکان داگیر بکەن... بەپێی بەندی شازدەهەمیش دەبوو ئوسمانییەکان حامیە و شوێنە عەسکەرییەکان لە سوریا، حیجاز و عێراق... تەسلیم



بە نزیکترین سەرکردەی هاوپەیمانەکان بکەن، بڕوانە فاروق الحریری، الحرب العظمی، ل٣٢٤-٣٢٥.

١٨- د. فاضل حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩، دەمێ کلیمانسۆ هەستی بەو زیانە زۆرە کرد لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ لوئید پەشیمان بۆوە، بەڵام لە ٢٠/١/١٩٢٠دا ڕازی بوو.

١٩- کەمال مەجید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

## - 1 -

# کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ

**دەسپێک:**

ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیان بردەوە، دەوڵەتی عوسمانیش وێڕای ئەوەی لە دارنیل (١٩١٥)و کوت – عێراق (١٩١٦) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەڵمانیای هاوپەیمانی لە جەنگدا دۆڕان، لە ئاکامدا ناچار بوون کە ئاگر بەسی مۆدرۆس مۆر بکەن[١] و چەک دابنێن.

لە نەزەری ئینگلیز، دەوڵەتی عوسمانی بە هۆی داکۆکی کردن و بەرگری کردنێکی مەزنی لە گالی پۆلی و هەرەسهێنانی روسیای قەیسەری و بڵاوبوونەوەی گیانی دوژمنداری و رِق لێ بوونەوە لە رِۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ماوەی ساڵێک یان دوان شەڕەکەی درێژ کردبۆوە.

هەر لەبەر ئەمە لە نەزەری لەندەنەوە دەبوو تورکەکان سزا بدرێن، هەروەها دەبوو تورکیای عوسمانلی بۆ چەند هەرێمێک دابەش بکرێ، کە هەر یەکەی لەسەر بنەمای کەمایەتی ئیتنیکی لەژێر ڕاسپاردەی ئینگلیز بێ.

هاوکات لەگەڵ ئاگر بەسدا، ئینگلیز، پەرلەمانی عوسمانی هەڵوەشاندەوە و دەستی گرت بەسەر کۆشک و بابی عالیدا. بە داگیرکردنی ئەستەنبوڵ، ئینگلیز دەستی کرد بە دەستگیرکردنی عەسکەری و مەدەنییەکان وەک یەک، هەروەها ئەوانەی بەو ڕەوشە ڕازی نەبوون و نیازی بەرگریان هەبوو، ئینگلیز بۆ مالتا دووری خستنەوە. لەمەش زیاتر لەندەن چاوپۆشی لەداگیر کردنی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانییەکان[٢] و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە کرد.

دوا دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی پابەند بوو بە دانوستاندنەکانی پاریسەوە، ئەمەیان تا ڕادەیەک نێوەندێکی نێودەوڵەتی بوو کە کێشەی موسڵ لە نێو پەیوەندییەکانی ئەنگلۆ- تورکی لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٦دا سەرهەڵبدات[1].

موسڵ ئەوسا ویلایەتێک بوو لە ئەتلەسی ئیدارەی عوسمانیدا ئەوەندەی پێویستە لێرەدا تۆمار بکرێ ئەوەیە کە «ویلهەلمینی» ئەڵمانی، یەکەم هێز بوو کە بەرژەوەندییەکانی لە هەموو ناوچەکەدا بەر لەجەنگ پارێزرابوو، بەبیانووی دروست کردنی هێڵی ئاسنی بەغدا- بەرلینەوە دەیەویست دەست بەسەر موسڵ دابگرێ.

ساڵی ١٩٠٧ نەوت لە موسڵ دۆزرایەوە، ئەم کردارەش شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ، کە بە هۆی هەوڵی ئەندازیارە ئەڵمانییەکانەوە بووبێ کە خەریکی دامەزراندنی هێڵی ئاسنین بوون.

شایانی باسە لەسەردەمی عەبدولحەمیدی دووەمدا (١٨٧٦- ١٩٠٩) هیچ ئیمتیازێکی بەرچاو بۆ ئەڵمانیا لە ئارادانەبوو، بەڵام کاتێک پارتی تورکە لاوەکان کە کۆمیتەیەکی ئیتحاد و تەرەقی بوون، هاتنە سەر حوکم، دەستبەرداری ئەو هەڵوێستەی عەبدولحەمید بوون و ڕێیان بە نیشتەجێ کردنی جولەکە کۆچەرەکان دا کە لە ئەوروپا لە ترسی چەوساندنەوە هەڵاتبوون.

ئیتحادییەکان باوەڕیان وابوو کە بەم کارە (نیشتەجێکردنی جولەکە لە موسڵ) دەتوانن سوود لە پارە و پسپۆریی تەکنەلۆژیی جولەکە وەربگرن.

ئینگلیز بەمە دڵ خۆش نەبوو، چونکە وا گومانی دەبرد کە زایۆنیزم زیاتر لە ویلهێلمستراس نزیکترن.

هەروەها ئینگلیز دەترسا کە کرداری نیشتەجێکردنی جولەکە لە موسڵ ببێتە هۆی زیاتر لاوازکردنی دەسەڵاتی ئینگلیز لە میسۆپۆتامیای سەروو.

ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەرزی واقیع کاری پێ نەکرا، لەگەڵ هەڵایسانی جەنگدا هەوڵی لە پێشینە و بەرایی ئینگلیز ئەوەبوو کە دەیویست بەرەو قوڵایی دەوڵەتی عوسمانلی پێشڕەوی بکات.

سەرەتا بە دابەزاندنی هێز لەبەسرا (عێراق) دەستی پێکرد و هەر لەوێش فەشەلی هێنا، لە شاری کوت -یش (١٩١٦) دووچاری زەبرێکی کوشندە بوو، هەر بۆیە نەیتوانی لە بەسراوە پێشڕەوی بکات.

لەو پێودانگەوە ئینگلیز ڕێگەیەکی نوێی دۆزیەوە بۆ هێرش کردنە سەر دەوڵەتی عوسمانلی، ئەو ڕێگەیەش لە «میسر»ەوە بوو، ئەمەش لەدوا مانگەکانی جەنگدا بوو، کە ژەنراڵ ئالەنبی هێرشی داگیرکاریی لە فەلەستینەوە دەست پێکرد.

گاڤێک لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا ئاگر بەسی مۆدرۆس مۆرکرا، هەر چەندە تورکەکان لە هیلال ئەلخەسیب کشابوونەوە، بەڵام هێشتا لە موسڵ باڵا دەستبوون[٣].

## - 2 -

# بەرایی داگیرکاریی ئینگلیز

لە مانگی نۆڤەمبەر بەدواوە ژەنراڵ مارشال لەبەسراوە دەستی بە پێشڕەوی کرد و لە ڕێگاوەش دەستی بەسەر دەروازەی شوێنە ستراتیژییەکانی باشووری دەوروبەری موسڵدا گرت، بەڵام عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەی سوپای شەشی عوسمانی هێشتا هەر لە موسڵ بوو و بەرگری دەکرد، لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی عەلی پاشادا، مارشال، پرۆستیتۆی خۆی ئاڕاستەی مفەوەزی سامی لە ئەستەنبوڵ کرد.

لەو بارەیەوە مارشالی تورە [٤] دەنووسێ و دەڵێ: «دەبێ ئەو مەسەلەیە بدرێ بە بابی عالی و داوا لە ئیحسان پاشا بکرێ خۆی بەدەستەوە بدات»[2].

کات لە بەرژەوەندی تورکەکاندا بوو، هەر چەند زیاتر کات بەسەر دەچوو دژواری زیاتر ڕووبەڕووی مارشال دەبۆوە بۆ ئەوەی موسڵ داگیر بکات، بەبیانووی کوشتاری ئەرمەن لە شارەکەدا مارشال داوای لە عەلی پاشا کرد کە موسڵ بدات بە دەستەوە.

لە نامەیەکدا بۆ عەلی پاشا، مارشال دەنووسێ: «ئەگەر تاکو پازدەی نۆڤەمبەر موسڵ بەدەستەوە نەدەی ئەوا تەنیا تۆ بەرپرسیار دەبی لە هەر خوێن ڕشتنێکدا کە لە ئاکامدا ڕوودەدات».

لە ئاکام مارشالی تۆقیو بێ ئەوەی هیچ فەرمانێک لە لەندەن وەربگرێ یان ڕەزامەندی ئەستەنبوڵ وەربگرێ بڕیاریدا کە بەرەو موسڵ بجوڵێ و لە هەشتی نۆڤەمبەر هەر چۆنێ بێ موسڵ بگرێ.

لە یازدەی مانگدا هەموو تورکە فەرمانبەرەکان – عەسکەری و مەدەنی– دەستیان لەکارکێشایەوە [٥].

لەو نێوەندە مارشال دووچاری ئەمری واقیع بوو کە لە مەودوا دەبێ ئینگلیز سوپاسگوزاری ئەو بێ.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە بەدروستی لە ١٩١٨/١١/١٦دا ئەفسەری موخابەرات لە سوپای هندیدا، مێجەر نۆئیل گەیشتە سلێمانی، نۆئیل هەرزوو ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکەی کۆکردنەوەو بەڵێنی ئینگلیزی لەمەڕ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان پێ ڕاگەیاندن [3].



نۆئیل زوو درکی بەوە کرد کە مانەوەی موسڵ لەژێر چاودێری ئینگلیز هیچی لەگەڵ ناکرێ، چونکە وا دیاربوو ئینگلیز لە ڕاستیدا موسڵی داگیرکردووە، بەڵام بەڕێوەی نابات.

لەو کات و ساتەدا کۆلۆنیل ویلسن بە کۆمۆسەری مەدەنی لە بەغدا دامەزرا، بەڵام ئەویش ڕووبەڕووی چەندەها کێشە ببۆوە لەگەڵ خێڵە نانیزامییەکانی ناوچەکەدا، ئینگلیز نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ئەو خێڵانە بکات.

ئینگلیز باوەڕی وا بوو ئەگەر ئەوان شێخ مەحمود بکەنە حوکمدار ئەوا کوردەکان هێور دەبنەوە، بەڵام پێشبینییەکەیان ڕاست دەرنەچوو، چونکە لەلایەک کەرکوک و سلێمانی ئامادە نەبوون دان بە دەسەڵاتی شێخ مەحمود دابنێن(4) [٦]. هەروەها عەشیرەتە موسڵمانەکانیش لایەنگیریی خۆیان بۆ تورک دەردەبڕی، هەروەها ئەو عەشیرەتانە ئامادە نەبوون باج بە ئینگلیز بدەن و لێرە و لەوێش خەریکی شەڕی نێوشار بوون لە دژی هێزە داگیرکارەکانی ئینگلیز.

دەنگۆی وا هەبوو کە عەشیرەتەکان بەردەوامن لە زیاتر خۆ پڕچەک کردن، هەروەها دەنگۆی واش هەبوو، کە حزبی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانلی لە پشت ئەو کارەوە بێ.

بۆ ئەوەی ئەو پەرەسەندنە ترسناکە بووەستێنرێ، ژەنراڵی مارشال داوای لە نۆئیل کرد، کە گەشتێک بەناو عەشیرەتەکانی موسڵدا بکات، بەڵام نۆئیل زوو بۆی دەرکەوت کە ئەو عەشیرەتانە پشت بە تورکەکان دەبەستن، چونکە لە دەسەڵاتی نەسرانی دەترسێن.

بەلای ئەو عەشیرەتانە دەسەڵاتی ئەرمەنی و ئینگلیز یەک واتا دەبەخشن، ئەو سەرکردە کوردانەی کە نۆئیل بینیبوونی بە نۆئیلیان وتبوو کە ئەوان لە شەڕ دژ بە داگیرکار بەردەوام دەبن و دوا دڵۆپە خوێنیان لەو ڕێگایەدا دەڕێژن.

پاش ئەو هەڵوێستە نۆئیل ڕووی کردە عەرەبە نیشتەجێیەکانی ناوچەکە، بەڵام کاردانەوەی ئەوانیش لەبەرانبەر هێزی داگیرکار لەگەڵ کورداندا هیچ جیاوازی نەبوو.

نۆئیل سەرسام بوو کە چۆن یەکێتیی ئیسلامی لە موسڵدا بۆتە سەیوانێک عەرەب و کورد و تورکی کۆکردۆتەوە لە دژی دەسەڵاتی

داگیرکاری ئینگلیز[5].

کە ویلسن بۆی دەرکەوت کە بەرەی دژ بە ئینگلیز لە موسڵ بۆتە بەرەیەکی هاوبەش، داوای لە مێجەر نۆئیل کرد لەگەڵ عەشیرەتی بەدرخاندا هاوکاری بکات وەک ڕێگا چارەیەک بۆ لاوازکردنی پڕۆپاگەندەی یەکێتیی ئیسلامی (هەر لەو بارەیەوە مستەفا کەمال فەرمانی بە حاکمی دیاربەکر کرد کە نۆئیل و فائیق تاپۆ بگرن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی نۆئیل نێوانی لەگەڵ کورداندا خۆش بوو لەوێ رزگاری بوو. وەرگێڕ)

## - 3 -

## کاردانەوەی ناوخۆ لەبەرانبەر داگیرکردنی موسڵ

داگیرکردنی ئەزمیر لەلایەن یۆنانییەکانەوە مەسەلەکانی بەرەو چوارچێوەیەکی تر برد لە باشووری ئەنادۆڵدا.

دانیشتوانی ئەو دەڤەرە ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە ئەوانیش وەک دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ دەکەونە ژێر ڕەحمەتی حوکمی کەمایەتی مەسیحی (ئەرمەنی)یەوە. لە ئاکام و کردەوەکانی بەرگری لە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانلی، پاڵنەرێکی بەهێز و مەزنی بە خۆوە بینی. تەلیگرامی نارازی بوون دەنێردران و داوایان دەکرد کە دەبێ «کوردستان» بەشێکی جیانەکراوە بێ لە تورکیا.

لەمەش خراپتر بۆ ئینگلیز شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بوو، شێخ مەحمود لە ١٩١٩/٥/٢٢دا لە هێرشێکی چاوەڕێ نەکراودا دەستی بەسەر سلێمانی داگرت و هەموو فەرمانبەرەکانی ئینگلیزی ڕاپێچی زیندان کردن.

لەو هێرشەدا شێخ ، یارمەتی لە ئێرانەوە بۆ هات کە هەزار و پێنج سەد سواری بە چەکەوە بۆ نارد و گەیشتنە سلێمانی [٧].

لە پاش ئەو هەوڵەی شێخ ، ئینگلیز زێتر ترسی لێ نیشت کە عەشیرەتی تر بچنە پاڵ شێخ مەحمودەوە.

ئینگلیز دەنگۆیەکی بەرگوێ کەوتبوو کە لەوانەیە تورکەکانیش هاوکاری شێخ مەحمود بکەن، نۆئیل بە ئینگلیزەکانی ڕاگەیاند کە شا فەیسەڵ چۆتە ئەستەنبوڵ و خەریکی سازدانی ڕێککەوتنێکی کاتییە (لە



بارەی کێشەکانیان) لەگەڵ سوڵتان وەحیدەدیندا، «وەک هێمایەک بۆ ئەو ڕێککەوتنەش قسەی وا هەیە کە وەحیدەدین خەریکە یەکێک لە کچەکانی خۆی لە شا فەیسەڵ مارە بکات».

لەلایەکی تریش ئینگلیز بۆ ئەوەی ڕادەیەک بۆ دەسەڵاتی شێخ مەحمود دابنێ لە ١٩١٩/٥/٢٨دا هێزی ئامادەباشی خۆی کە لە کەرکوک مۆڵی دابوو، دەستی بە ئۆپراسیۆنێکی تەمبێکردن بەرەو سلێمانی کرد، بەڵام عەشیرەتەکانی دەوروبەری چەمچەماڵ بەرپەرچی ئەو پێشڕەوییەی ئینگلیزیان دایەوە و نەیانهێشت سەرەتا ئینگلیز هیچ پێشڕەوییەک بکات.

بۆ ئەوەی سوپای ئینگلیز لەو گەمارۆیە رزگاری ببێ، بەریتانیا داوای لە هێزی ئاسمانی ئینگلیز کرد لە میسر بۆ ئەوەی بە هانای سوپاکەیەوە بێ و لەو تەنگژەیە رزگاری بکات.

ئەو بۆمبابارانکردنەی هێزی ئاسمانی کاری خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کرد و توانی سوپای ئینگلیز لەو گەمارۆیە رزگار بکات و بتوانێ بەرەو سلێمانی بخشێت. لە ئاکامیشدا شێخ مەحمود ناچار بوو دەست بەکشانەوە بکات ، هەرچی سوپای پیادەی ئینگلیزیش بوو ئەوا لە ١٩١٩/٦/١٧دا توانی بەرەو سلێمانی بێ و گەمارۆی سلێمانی بدات و شێخ مەحمودیش ناچار بکات چەک دابنێ[6].

لە کاتێکدا کە دوژمنکاریی گەلی موسڵ لە هەمبەر ئینگلیز دا هەر لە برەودابوو ئەوا چارەنووسی وڵاتیش ببووە بابەتێکی سەرەکیی پەیامە ڕەسمییەکانی نێوان دلهی و بەغدا و قاهیرە.

خوێندنەوەیەکی قووڵی بەڵگەنامەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ئەوسا ئینگلیز چەند نیگەران بووە لەبەرانبەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا.

لە هەمان کاتیشدا بەرگری نیشتمانیی تورک لە بەهێز بوون دابووە و بە جۆرێک کە سەراپای ئەنادۆڵی گرتبۆوە. بزاڤی نیشتمانیی تورک دەگەڵ کۆنگرەی سیواسەوە دەستی پێکرد، ئینگلیز دەیویست مستەفا کەمال دەستەمۆ بکات. لە پیلانێک کە حکومەتی ئەستەنبۆلیش بەشداربوو تێدا، ئینگلیز دەیەویست بزاڤی نیشتمانی تورک لەنێو بەرێت. بە پێی پیلانەکە وا دانرابوو کە نۆئیل و عەشیرەتە هاوپەیمانەکانی بچنە پاڵ هێزەکانی عەلی غالبی حاکمی (پارێزگاری نوێی ئەرزەڕۆم) و هێرش بکەنە سەر سیواس لەبارەی پیلانی نۆئیل- عەلی غالب لە ئەرشیفدا نوسینێکی زۆر هەیە،

بەڵام ئەوەی شایانی باس بێ، مستەفا کەمال پاشا لەدواچرکەی کردارەکەدا توانی ئەو پیلانە هەڵوەشێنێتەوە، نۆئیل، نەیتوانی کار لە عەشیرەتەکان بکات و لەدژی ناسیۆنالیستەکان بیانجولێنێ، بەر لەوەی نۆئیل ناوچەکە بەجێ بهێڵێ لە یاداشتەکانی خۆیدا ئەوەی تۆمارکردووە کە بە تووڕەیی لەگەڵ عەشیرەتەکان قسەی کردووەو دەری کردوون و پێی وتون: ئێوە هێشتا تورکتان خۆش دەوێت و بێ ئەوانیش هیچتان پێ ناکرێ[7][8]!

## _ 4 _

## گفتوگۆکانی لەندەن

پاش ئەوەی نۆئیل لە موسڵ گەڕایەوە، راپۆرتێکی لە بارەی گەشتەکەیەوە پێشکەش بە گەورە لێپرسراوانی خۆی کرد. نۆئیل لە راپۆرتەکەدا داوای کرد بوو کە پێویستە ئۆتۆنۆمی بە عەشیرەتەکان بدرێ هەروەها بێجگە لە دەسبەرداربوون لە موسڵ بۆ تورک، ئینگلیز هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تری نییە[8] راسپاردەکانی نۆئیل نیگەرانی زیاتریان بۆ ئینگلیز دروست کرد، بەر لەوەی لە ١٩١٩/٩/٢دا کۆببنەوە، بڕیار دروستکەرانی لەندەن - پاش بیستنی ئەو قسانەی نۆئیل - هەستیان کرد، کە نۆئیل پێی لەبەڕی خۆی زیاتر راکێشاوە، هەر بۆیە دەبێ ئاگادار بکرێتەوە، وێڕای ئەمانەش، پێشنیارەکانی سیاسەتی نۆئیل پەسەند کران، لۆرد کیرزۆن کە لە تەواوی کۆبوونەوەکەدا قسەیەکی لەدەمدا دەرنەهاتبوو، لە کۆتایدا هەستایەسەرپێ و وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد، لە وتەکەیدا کیرزۆن جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ لە کۆتاییدا میسۆپۆتامیا لەژێر ماندێتی ئینگلیزدابێ، هەروەها دەبێ موسڵ-یش لەناو سنوری میسۆپاتامیادا بێ[9] بە واتا موسڵ-یش بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئایندەدا، دوا وشەکانی کیرزۆن دۆشێکی ساردبوو بۆ ئەو کەسانەی جۆرەها راچێتەی چارەسەری جیاوازیان بۆ کێشەی موسڵ گەڵاڵە کردبوو، مەیلە مۆنۆپۆلییەکەی کیرۆزن رێی لە کەسانی دی نەگرت کە ئەلتەرناتیڤی تر بۆ کێشەکە نەخەنەڕوو، زنجیرەیەک راپۆرت هەروەها چەند پەیپەری تر کە لە ناوچەکەوە بە لێشاو لەبارەی مەسەلەکەوە هاتن. ئاکام وا کەوتەوە کە جارێکی تر لە(١٧)ی تشرینی دووەمدا کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی



ناوەڕاستی(وەزارەتەکانی پەیوەندار) کۆبێتەوە، نۆئیل بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی بەشداربێ لە کۆبوونەوەکەدا، لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەم جارە نۆئیل پێشنیاری کرد کە دەبێ مسیۆنێران بنێردرێنە موسڵ بۆ ئەوەی بتوانن عەشیرەتەکان بکەنە نەسرانی: ئەگەر بکرێ ئەو عەشیرەتانە بکرێنە (مەسیحی باش)ئەوا تێگەیشتنی زیاتریان دەبێ لە بەرانبەر ئەرمەنەکاندا. لە نەزەری نۆئیل، ئەگەر ئەم بیرۆکەیە سەربگرێ، ئەوا دەتوانرێ پرۆپاگەندەی یەکێتیی ئیسلامی کە تورکەکان بانگاشەیان بۆ دەکرد، دەمکوت بکرێ..[10]!.

ئەوانەی لەلایەن دەستەی ئەرکانەوە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەببوون گلەییان دەکرد کە داگیرکردنی موسڵ دووچاری بارگرانییەکی گەورەی کردوون، هەروەها ئەو خەرجییە زۆرەی کە کرداری داگیرکردنی موسڵ بەسەر ئینگلیزی داهێناوە تەنگژەیەکی ماددی دروست کردووە، هەر بۆیە ڕەوشەکە وا دەخوازێ ئینگلیز لە موسڵ بکشێتەوە، دووبارە کیرزۆن وەک حاڵەتێکی چاوەڕێکراو سەرەتا بێ دەنگ مایەوە!!

لە هەمان کاتدا کۆمۆسیۆنی باڵای ئەستەنبۆل کابوسێکی تری بەکیرزۆن بەخشی کە بۆ کیرزۆنی نووسی بوو، کوردەکانی ئەنادۆڵ و موسڵ چارەنووسی خۆیان بە مستەفا کەماڵەوە بەستۆتەوە.

بۆ ئەوەی بگەنە ڕا کۆکردنەوەیەکی بە کۆمەڵ-سەرژمێرییەک- هەر چ نەبێ لەناو وەزارەتی (هندی)دا بکرێ، وەزارەتی دەرەوەی هیند داوای لە هەموو موخابەراتە سیاسییەکانی نێو موسڵ کرد کە بگەنە لەندەن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بە کۆمەڵ بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، ئەو پرسیارانە لە کۆبوونەوەکەدا وروژێندران. چۆن دەتوانن بەرگری لە سنوورەکانی موسڵ بکەن بەو هێزە کەمەی کە لە ژێر دەستتان دایە؟ شارەزاکان وتیان ناکرێ لە کەرکوک بکشێینەوە، بەڵام راتان چییە ئەگەر بێتو حکومەتێکی گوێڕایەڵ(کارتۆنی) لەهەرێمی کوردی لەژێر راسپاردەی ئینگلیز دامەزرێنین؟

بەمەش عەشیرەتەکان پاڵپشتی هەوڵە سەربازییەکانی ئینگلیز دەکەن. رایەکی تر کە لە کۆبوونەوەکەدا وروژێندرا ئەوەبوو: نەستورییەکانی دەوروبەری رووباری ورمێ بهێنرێنە موسڵ، ئەو هەموو پێشنیارانە بۆ کیرزۆن ڕەوانە کران، بەڵام کیرزۆن دڵی بەو راسپاردانە خۆش نەبوو[11]!

سالّی ١٩١٩، سالّی نیگەرانی بوو بۆ ئینگلیز[٩] لە پاش خۆی زنجیرەیەک پرسی بەجێ هێشت: چی بکرێ لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی بە تەواوی لەژێر دەستی ئێمە (ئینگلیز) دان؟ گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵە ئەتنیکییەکانی باکووری عێراقدا بەبنبەست گەیشت، گاڤێک لەسان ریمۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی ناوخۆ گفتوگۆی لەسەرکرا، ئاکامەکەی زۆر دووربوو لە ئاواتی کوردەکان، لەو نێوەندەدا نیگەرانی ئینگلیز تا دەهات زێتر دەبوو، چونکە لەلایەکی تریش بزاڤە نیشتمانییەکەی مستەفا کەمال-یش لە ئەنادۆل بەرەبەرە زێتر رەگی خۆی دادەکوتا، لە موسڵ-یش بەرگری ناوخۆ سەری هەڵدا بوو، ئەویش دەیوست وەک راپەڕینەکەی ئەنادۆڵ بێ. دەسەڵاتدارانی ئینگلیز توانیان ئەو جولانەوەیە- دەربڕینی نارازیبوون لەبەرانبەر ئینگلیز- دەمکوت بکەن، بەڵام ئەمە تەنها دەسپێک بوو، چونکە وا چاوەڕێ دەکرا کە هاوکاری ئیتحادییە ناسیۆنالیستەکان و کوردەکان شۆڕشێکی بەرفرەی لە دژی دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیز لێ بکەوێتەوە.

لە٢٣ی شوباتدا، کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبیرۆی وەزارەتی دەرەوە بەسەرۆکایەتی کیرزۆن کۆبۆوە.

کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر هیچ رێگا چارەیەکی تایبەت نەدا، بەڵام تەنها سێ ئەلتەرناتیڤی خستەڕوو:

١- موسڵ بە عێراقەوە بلکێندرێ.

٢- ئینگلیز لە موسڵ بکشێتەوە (وەزارەتی دەرەوە ئەو رایەی پێشنیارکرد).

٣- دامەزراندنی کۆنفیدرالییەکی کوردی (وەزارەتی دەرەوەی هیند ئەو راسپاردەیەی کرد)[12]. ئەو نیگەرانیانەی لە ئارادابوون چەندەها رەخنەی توندیان لێ کەوتەوە، ئەنجومەنی پیران و رای گشتی بە بەردەوام گوشاریان دەخستە سەر ئەنجومەنی وەزیران، تا دەهات رەخنەی زیاتر ڕووبەڕووی وەزارەتە پەیوەنددارەکان دەکرانەوە، ئەمەش وای کرد کە ململانێیەکە-کێشەکە- بەبنبەست بگات.

کیرزۆن تا دەهات ترسی زیاتری لێ دەنیشت. «ئێمە ناتوانین هەتا هەتایێ لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە. گونجاوترین رێگە ئەوەیە کە چارەسەری مەسەلەکە بۆ کۆنفرانس بەجێ بهێڵدرێ»[13].



_ 5 _

## تورکەکان، کوردەکان، عەرەبەکان

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا، کەرکوک نیشانەکانی بەرپابوونی یاخیبوونی نیشان دەدا، لەو بارەیەوە کۆمۆسیۆنی باڵای بەغدا بە لەندەنی راگەیاند کە ڕووداوەکان لە کەرکووک بەرەو (خاڵی کوڵان) دەچن:

بۆیە ئینگلیز فەرمانی بە پیاوەکانی دا کە توندو تیژتربن: هەروەها هەموو جۆرە خڕبوونەوەیەک قەدەغەکرا هەتا زیارەتی مەزاری پیاوچاکانیش، چونکە لە نەزەری ئینگلیز، لە ڕێگای ئەو کردارانەوە حەماسەتی یەکێتیی ئیسلامی زیاتر پەرەی دەسەند، پشکنینی ماڵان بەدوای چەکدا دەستی پێکرد، گرتن و راوەدونان و دەرکردنی زۆرەملێی ناسیۆنالیستەکان جێبەجێ کرا، هەتا هەندێ لەسەرکردە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیان لەبەردەم پەتی سێدارەدا دۆزیەوە و لە سێدارەدرا[14].

لە نێو سەرکردە کوردەکاندا، سەید عەبدولقادر بەناوی کوردەوە دیدەنی کۆمیسیاری باڵای ئەستەنبۆڵی کردو داوای لێکرد کە بەریتانیا ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردان دامەزرێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە سەید عەبدولقادر داوای جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانلی دەکرد، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کورد هەردەم پشتگیریی (دەسەڵاتی ڕۆحی) سوڵتان دەکەن و وەک خەلیفەیەک تەماشای دەکەن. جموجۆڵێکی زۆر لە کۆمۆسیۆنی باڵا لە ئەستەنبول هەبوو، لە (١٦)ی نیساندا، داماد فەرید پاشای سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئەستەنبۆڵ هەر لە ڕێگای ئەو کۆمۆسیۆنەوە داوای لەبەریتانیا کرد کە عەشیرەتە کوردەکان بنێرێ بۆ شەڕی مستەفا کەمال. بۆ ئەو کردارە سەربازییەش عەلی غالب بکرێ بە بەرپرسی ئەو ئۆپراسیۆنە، چونکە کورد بە ئاسانی بەدوای فەرمانەکانی عەلی غالب دەکەون، لە دیدی داماد فەریدەوە، عەشیرەتەکان رقیان لە مستەفا کەمال دەبێتەوە چونکە ناوبراو بەلشەفییە...! خودی خۆشی هەر لەبەر هەمان هۆ، مستەفا کەمالی بە سوک و چروک دەزانی.

ئینگلیزیش کەیفی بە مستەفا کەمال نایێ، چونکە مستەفا کەمال دژی پەیمانی سیڤەرە، لەسەر ئەو بنەمایە کە هەر سێ لا دژی مستەفا کەمالن دەبێ هەموو هێزەکانیان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی جولانەوەی تورک (مستەفا کەمال) بکوژن[15].

هاوپەیمانەکان لە مانگی نیساندا لە سان ریمۆ(١٠) کۆبوونەوە، سەبارەت بە موسڵ لیۆد جۆرج پلانی خۆی وا خستەڕوو، پاش ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی دەبێ، کۆمیتەیەک لە ئەستەنبۆڵ کۆببێتەوەو خەریکی لێکۆڵینەوە بێ سەبارەت بە هەرێمی کێشە لەسەر، ئەگەر پێویستیش بوو ئەوا دەبێ پەیامێک ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ.

ڕەشنووسی بڕیارەکەی لێود ڕەزامەندییەکی گشتی بە خۆوە بینی، ئامانجی ئینگلیز لەو پلانەدا ئەوەبوو کەجارێ مەسەلەی سەپاندنی (هەیبەتی شەرعی) بەسەر موسڵدا دوابخرێ. هەروا ئەو پلانە ڕەشنووسەی ئینگلیز تەواو لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئینگلیز دەسازا، ئینگلیز موسڵی کردبووە ئامانجی ستراتیژی خۆی، بۆیە هەر پلانێکی دادەنا مەبەستی سەرەکی بەرژەوەندی خۆی بوو، لەمەدا ئینگلیز دەگەڵ هاوپەیمانەکانیشدا بەتایبەتی فەرەنسا ڕاست نەبوو، هەرچی گفتوگۆی نەوتیش بوو ئەوا کۆتایی هاتبوو بڕابۆوە، فەرەنسا ٢٥٪ی بەردەکەوت، ئەو بەشەش کاتی خۆی بەشی ئەڵمانیا بوو((16).

لەگەڵ ئەوەشدا، موسڵ سەرئێشەی زیاتری بۆ هێزە داگیرکارەکانی ئینگلیز دروست کردبوو، ئەمەلەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، ڕاپەڕینەکەی ئەنادۆڵیش هەر لە برەو دابوو، (بێل)ی سیموز کە بە گەشتێک هاتبووە ناوچەکە لە ڕاپۆرتێکدا بۆ لەندەن کە لە هەشتی ئایاردا نوسیویەتی دەڵێ: ئیحسان پاشا کە لە کاتی جەنگدا فەرمانەدەی سوپای شەشی عوسمانلی بووە لە موسڵ، خەریکی دابەشکردنی چەک و ئەسپ و پارەیە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا، یانەی ئیتحادییەکانیش زۆر چالاکانە پشتگیری لەبەرگری ناوخۆ دەکەن(17). ڕاپەڕینێک لە ئارادایە، هاکا قەوما، ئینگلیز لەژێر فشاری ڕەوشەکەدا دەستی بەکشانەوەکرد بەرەو باشووری ڕۆژئاوای ڕواندز و لەوێ خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کرد.

لەولاوەش، مستەفا کەمال هاتە ئەنقەرەو کۆمەڵەی ناسیۆنالیستانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردەوە، لە مەراسیمی کردنەوەدا، سەرکردەی تورک وتارێکی دا و وتی:« ئامانجی یەکەم وسەرەکی ئێمە ئەوەیە سنووری خوارووی خۆمان دیاری بکەین کە لە باشووری ئەسکەندەرۆنەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەست پێ دەکات، کەوا بێ سنووری دەوڵەتی ئێمە موسڵ و سلێمانی و کەرکوک دەگرێتەوە، ئەوە سنورە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی



ئێمەن»(18). (١١).

عەرەبەکانی موسڵیش خەریکی هاوپەیمانی و هاوکاری تورکە ناسیۆنالیستەکان بوون، چونکە تێڕوانینی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی عێراق هەمان تێڕوانینی ناسیۆنالیستە تورکەکان بوو.

بەشێوەیەکی گشتی تورکەکان و عەرەبەکان هەمان ئامانجیان هەبوو، هەروەها لەمەش زیاتر هەردووکیان یەک دوژمنیان هەبوو ئەویش بەریتانیا بوو.

ئەو کۆمەڵە بە عەرەبکراوەی (هیلال الخصیب) کە بە خۆزگەبوون جارێکی تر ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دابمەزرێتەوە، نابێ فەرامۆش بکرێن و بەچاوێکی کەم تەماشا بکرێن.

هەروەها هەندێ دەنگۆ هەبوون جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مستەفا کەمال پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ شا فەیسەڵدا هەبووە (بۆ زیاتر بڕوانە نووسینێکم بە ناوی هەوڵە سەرنەگرتووەکانی نزیکبوونەوەی عەرەب و تورک لە نێوان ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢١ دا: ئێماس و سەرچاوەکان لە نامیلکە، ئەنقەرە ١٩٨٨).

شایانی باسە، لە کاتێکدا ئینگلیز بیری لەوە دەکردەوە کە عەشیرەتە کوردەکان بەکار بێنێ بۆ لەناوبردنی هەڕەشەی تورک ئەوا مستەفا کەمال کوردەکانی لە دەوروبەری خۆی گرد کردبۆوەو خەریکی ئۆپراسیۆنێکی عەسکەری هاوبەش بوون لەدژی هێزە داگیرکارەکانی ئینگلیز لە باکووری عێراقدا.

**- 6 -**

## یاخیبوونەکان و هەوڵ و تەقەلاکان بۆ داسەکناندن

شۆڕشی ١٩٢٠ ڕووداوێکی گرنگ بوو، هەر زوو پەلوپۆی هاوێشت، ئەو شۆڕشە بە بەشداری عەشیرەت و ڕۆشنبیر و ردێنسپییەکانی شار هەڵگیرسا و ئەفسەرە عەرەبە کۆنەکانی سوپای عوسمانلیش پاڵپشتی شۆڕشەکەیان کرد(١٩).

ئینگلیز دووچاری ڕەوشێکی ناخۆش ببۆوە، چونکە ڕووبەڕووی شۆڕشێکی سەرتاپاگیربۆوە، ئینگلیز بۆ ئەوەی لەو تەنگژەیە رزگاری ببێ، هەوڵی دا وەک دوا چارە ئەو کۆمەڵە عەرەبیانە بەکاربێنێ بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکە کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا بە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز

دامەزرابوون.
لۆرد کیرزۆن سەبارەت بە شۆڕشەکە دەڵێ: « گەورەترین هەڕەشە کە لە ئێمە دەکرێ هاوکاری نێوان توندڕەوەکانی عێراق و کەمالییەکانە» ، لەمەدا کیرزۆن ڕاستی دەکرد.

سەرکردەیەکی عەرەب کە خاوەن هەیبەت و دەسەڵات بێ لە نێو ناسیۆنالیستەکانی عێراقدا هەر خودی شا فەیسەڵ بوو، بۆیە ئینگلیز هۆشداری دا کە دەبێ گوشار بخرێتە سەر شافەیسەڵ بۆ ئەوەی سەنگەری خۆی نەگۆڕێ. لەمەش زیاتر ئینگلیز هانای وەبەر سەید تالب برد کە ئەویش سەرکردەیەکی ناسراوی دیکەی عەرەب بوو.

بۆ ئەو مەبەستە دەستبەجێ هەواڵ بۆ سەید تالب لە هیندستان ناردرا، لەبەر ئەوەی سەید تالب سەرکردەیەکی دژە ئینگلیز بوو بۆ هیندستان دوورخرابۆوە. سازش کرا بۆ ئەوەی سەید تالب ڕازی بکرێ، ئینگلیز دانی بەوە دەنا کە ئەوان بەشێوازێک دێنە ناو عێراقەوە وەک ئەو شێوازەی کە لە ئێرلەندا هەیانە[20] (١٢).

بۆ ئەو مەبەستە هێشتا سوپای زیاتر لە هیندستان و بەریتانیا هێنران[21]، باجی ئەو ئاشوبە کۆمیسیاری باڵا دای[22].

ویلسن لە ٦/١٧دا بیرۆی کۆمۆسیۆنی باڵای بە سێر پێرسی کۆکس سپارد، یەکەم بزاڤی پیرس کۆکس ئەوەبوو بەڵێنی هەندێ تەنازولاتی بە عەرەبەکان دا، هەروەها دەسبەجێ جۆرێک لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە عەرەبەکان پێکهێنرا، ئەمەش لە خۆڕا نەبوو، چونکە ئینگلیز بەبێ شک دووچاری کێشەیەکی زۆر ببوو لە ناوچەکەدا.

چەرچل لە وەزارەتی جەنگدا هەردەم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ دەسبەجێ سوپا لە عێراقدا بکشێندرێتەوە.

ئەو ڕایەی چەرچل لەبەر ئەو تەنگژەیە بوو کە بودجەی دەوڵەت تێی کەوتبوو، لە نەزەری چەرچل، باشترین شت بۆ ئینگلیز ئەوەبوو: نیزامی ئینتداب بەسەر عێراقدا بسەپێندرێ و حکومەتی عێراق بە شایەکی گوێڕایەڵ بسپێردرێ، بەڵام چەرچل باوەڕی وابوو کە لە ڕووی سیاسییەوە نابێ لە موسڵ بکشێنەوە، چونکە موسڵ نەوتی هەیە.

لەمەش زیاتر کشانەوەیەکی لەو بابەتە دربێکی گەورە لە هەیبەتی بەریتانیا دەدات. هەر لەو ڕوانگەوە چۆن دەکرێ لە خاکی بەڵێنەکان



بکشێینەوە[23]؟.

لە کۆتاییدا لەندەن بڕیاری دا کە دەبێ کۆنفراسێکی گشتی لە بارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەسترێ.

ئەوەبوو چل سەرکردە – یاخود چل دز، چەرچل واتەنی – لە قاهیرە کۆبوونەوە[24].

هەموو بابەتەکان لێدوانیان لەسەرکرا(١٣)، بڕیار هاتەدان کە فەیسەڵ بکرێ بە پاشای عێراق، لۆرانسی عەرەب لە نیسانی ١٩٢١دا شا فەیسەڵی بینی و «هەواڵێکی خۆشی» پێ ڕاگەیاند.

لە پاشان لە ١٩٢١/٦/٢٩دا شا فەیسەڵ حوکمی بەغدای گرتە دەست و هەرزوو ڕیفراندۆمێکی بە پەلە بۆ بە پادشا کردنی فەیسەڵ سازدرا لەبەرانبەر ئەو خۆپالاوتنە نەخشە بۆ کێشراوەی فەیسەڵ، شارەکانی موسڵ و کەرکوک و سلێمانی بەشداری ریفراندۆمەکەیان نەکرد(١٤).

لە یازدەی نیسانی ١٩٢١دا بیرۆی موخابەراتی بەریتانی لە ئەستەنبوڵ ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی لە بارەی هاوکاری مستەفا کەمال و سێنوسی شێخی لیبیا پێشکەش بە گەورە لێپرسراوان کرد. شێخ کەسایەتییەکی ئایینی بوو لایەنگری تورکەکان بوو، خەریک بوو دەست بە گەشتێک بکات بۆ میسۆپۆتامیا، لە گەشتەکەیدا بە ئەنادۆڵ تێپەڕی بوو، لەوێش چوو بووە سعودیە و پەیوەندی بە دریسی یەمەن کرد بوو بەو نیازەی سەلامەتی ڕێگای بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتیی گەلانی موسڵمانی ئاسیا بکات» ، هەروەها ڕاپۆرتی تر دەهاتن و دەیانوت کە هەندێ ئەفسەری عەرەبی هاوسۆزی تورکان ڕژاونەتە نێو کەرکووک و بە دزیەوە خەریکی ئاژاوە نانەوەن لەناو کەرکووکدا لە دژی ئینگلیز.

لە بەرانبەردا هێزەکانی ئیتحادیە ناسیۆنالیستەکان بەڵێنی چەک و تەقەمەنییان بە بزاڤەکانی بەرگری دابوو، بەریتانیا سەری لە مەسورمابوو کە چۆن خەڵکانی ئەو ناوچەیە پاش بۆمباباران کردنی سەختی ئینگلیز هێشتا لایەنگری تورکیا دەکەن؟!

لە ئاقار ئەو هەڵوێستەدا کۆکس وتبووی کە دەبێ بۆمبا بارانکردنی ئەو ناوچانە هەر بەردەوام بێ[25].

کۆمیسیاری باڵا لە بەغدا، وەزارەتی دەرەوەی ئاگادار کردەوە کە ئەگەر کۆبوونەوەی لەندەن فەشەل بێنێ، ئەوا کردنەوەی دەرگای دوژمنکاری لە

ناوچەکەدا بێ شک دەبێت.

ئا لەو ڕەوشەدا ئینگلیز بە ئاشکرا پێویستی بە پاڵپشتی عەشیرەتەکان دەبوو. بۆ وەدەستهێنانی ئەم پاڵپشتیەش ئینگلیز دەبوو هەندێ تەنازولاتی کۆنکریتی بۆ عەشیرەتەکان بکات و وازبێنێ لە بەڵێنی بۆش بۆ کوردان، بەڵام ئەگەر ئەوان جۆرێک لە چارەسەری مام ناوەندیان لەسەر دایە لەگەڵ مستەفا کەمال ئەوا ئەو هەموو بەڵێنانە دەبنە سەرچاوەی بێزاری بۆ وەزارەتی دەرەوە.

کۆکس باوەڕی وابوو کە دەبێ بەرپرسیارێتی و ستاتیوسی عەشیرەتەکان بڕیاری لەسەر بدرێ پێش ئەوەی مێجەر نۆئیل لەگەڵ سەرکردەکانی بەدرخانی و رناک کۆببێتەوە(26).

لەندەن درکی بەوە کردبوو کە تاکو باری موسڵ هێمن نەکرێتەوە ئەوا ئەوان (ئینگلیز) ناتوانن لە ناوچەکە بکشێنەوە، هەروەک لە کۆنفرانسی قاهیرە بەڵێنیان دابوو.

چەرچل لەو باوەڕە دابوو کە تەنها بۆ وەدەستهێنانی نیاز پاکیی مستەفا کەمالیش، نابێ ئینگلیز لە موسڵ بکشێتەوە، هەر لەو بارەیەوە وەزارەتی هیندستان ئەو بۆچوونە توندەی خستەڕوو کە بێجگە لە شەڕ هیچ ئەلتەرناتیڤێکی ترمان نییە(27).

سێر هۆراس رومبۆلدی کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز لە ئەستەنبوڵ لە نامەیەکدا بۆ کیرزۆن لە یازدەی ئایار دەنووسێ، کە ئەوان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان هانداوە بۆ ئەوەی هاوکاری یۆنانییەکان بکەن لە داگیرکردنی ڕۆژئاوای تورکیا دا(١٥).

ئینگلیز هەر لەبەرایی سەرهەڵدانی بزاڤی نیشتمانیی تورک هەمیشە بۆ لێدانی ئەو بزاڤە پشتی بە عەشیرەتەکان بەستووە، لەمەشدا هەر ڕەنج بەخسار بووە.

یۆنانییەکان پەیوەندییان بەنەمرود پاشای دوژمنی باوەکوشتەی ئیتحادییەکان کردبوو، نەمرود پاشا یەکێ لەو کەسانەبووە کە لە قۆناغی دوای جەنگ ئەندام بووە لەو ئەنجوومەنەی کە پێکهاتبوو بۆ مەیسەرکردنی کاری هێزە داگیرکارەکانی ئینگلیز لە گرتن و ڕادونان و سزادانی سەرکردەکانی عوسمانی.

نەمرود مستەفا کە بەڕەگەز کورد بوو بە ڕاسپاردەی یۆنان داوای لە



کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز لە ئەستەنبوڵ کرد کە ڕێی پێ بدەن هەموو هێزەکانی عەشیرەتە کوردەکان کۆ بکاتەوە و ئۆپراسیۆنێکی بەرفرە لە دژی ناسیۆنالیستە تورکەکان ئەنجام بدات(28).

- 7 -

## ئینگلیز نیازپاکی بۆ فەیسەڵ دەردەبڕێ

لە کاتێکدا پەیامی نێوان بەغدا و لەندەن هەر بەردەوام بوو، لە ئەستەنبوڵ دەنگۆیەک بڵاوبۆوە کە مستەفا کەمال چەند سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر یۆنانییەکاندا بەدەست هێناوە.

مستەفا کەمال پاشا لەلایەک وەک سەرکردەیەکی پان – تورکیزم ناسرابوو، بەمەیلیش لایەنگری بەلشەویەت بوو، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو نە پلانێکی دوژمنکارانەی هەبوو وەنەدەیەویست خاکی عەرەبەکان بە تورک بکات. بە حوکمی ئەوەی ئەو سەرکردەیەکی دژە ئیمپریالیزم بوو، بۆیە نەفرینی لە سیاسەتەکانی ئینگلیز بەسەر عێراقەوە دەکرد.

ئەو هەڵوێستەی مستەفا کەمال لەبەرانبەر سیاسەتی ئینگلیز لە عێراقدا هەڵوێستێکی مەبدەئی بوو، هەر بۆیە نەدەبوو ئینگلیز، مستەفا کەمال تاوانبار بکات یاخود خۆی لێ تورە بکات.

ئەگەر بەجدی ئینگلیز سەبارەت بە ئاسایشی عێراق نیگەرانە ئەوا بۆ نەهێشتنی ئەو نیگەرانییە دەبێ ئینگلیز بە شێوازێکی چاک مامەڵە لەگەڵ مستەفا کەمالدا بکات.

بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ مستەفا کەمال و فەیسەڵ کۆبکرێنەوە(29)؟ لەندەن ئاگای لەو ڕاستییە هەبوو کە مستەفا کەمال هەوڵی دەدا فەیسەڵ ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئەویش بێتە ڕیزی مەعەسکەری دژە ئینگلیز، وێڕای زانینی ئەو ڕاستییە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز بێ گوێدانە ئەو خەتەرەی دێتە پێشێ، بیرۆکەی بە پادشاکردنی فەیسەڵی جێبەجێ کرد.

ئینگلیز ئەمەشی هەر بۆ ئەوەبوو لە ڕێگای فەیسەڵەوە پەیتا پەیتا لە مستەفا کەمال نزیک بێتەوە.

هەروەها نزیک بوونەوەی فەڕەنساش لە ئەنقەرە، زێتر ئینگلیزی هەراسان کردبوو، بۆیە ئینگلیز خەریکی هاندانی عەشیرەتی رناک بوون لە دژی مستەفا کەمال، بەڵام پێشبینییەکانی ئینگلیز وەک ئینگلیز

دەیەویست ئەوەها دەرنەچوون، چونکە ئەنقەرە پێشتر ئەو هەوڵەی پووچەڵ کردبۆوە ، هەروەها بە ئاسانی کوردەکانی بەلای خۆیدا راکێشابۆوە(30).

لەلایەکی تر دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە عێراقدا خەریکی وروژاندنی چەندەها بیرۆکەی جیاواز بوون، داوایان دەکرد کە ڕێیان پێ بدرێ نۆئیل بۆ ناوچەکە بنێرن و مەسەلەکە بۆ ئەو لێ بگەڕێن، بەڵام نۆئیل، لۆرانسی کوردان وەک برادەرەکانی ئەوناوەیان لێ نابوو، کرداریکی نوژداری لە تەهران بۆ کرابوو، لە چاک بوونەوە دابوو.

سێر پێرسی لۆراین لە لەندەن بۆ ئەو مەبەستە هاتبوو نۆئیل ببینێ، بەڵام هەر چۆنێ بێ رێک نەکەوت یەکتر ببینن(31)، بەڵام ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە کەس لە وەزارەتی دەرەوەدا بەو پرۆژە ڕازی بووبێ، هەر بۆ نموونە مێجەر بریی لەو بارەیەوە سەرنجێکی داو وتی: ئەگەر شیمانەی هیچ ئاشتی یان نزیک بوونەوە یەک لەگەڵ مستەفا کەمالدا لە ئارادایە ئەوا دەبێ نۆئیل دوا کەس بێ کە بۆ ناوچەکە بنێردرێ!

فەرمانبەرێکی دیکەی حکومی وتی: باشترین ڕا بۆ ئینگلیز ئەوەیە واز لە کوردان بێنێ و بۆ خۆیان خەریکی خۆیان بن.

بەهەر نرخێ بێ وەزارەتی هیند پێی لەسەر ئەوەداگرت کە ئەوان پێویستیان بە موخابەراتێکی خاوەن بەهرەی وەک نۆئیل هەیە لە باشووری ئاسیادا (32).

لە ٢٤/ ١٠دا کۆکس و یاریدەرەکەی یۆنگ لەگەڵ فەیسەڵدا کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا یۆنگ بە ڕوونی بە فەیسەڵی وت کە بەریتانیا ، ئیمپریالیزمی پێشکەش بە عەرەب نەکردووە، بەڵکو دەرسی ناسیۆنالیزمی داون.

زۆر زەحمەت بوو بۆیۆنگ لەسووربوونی فەیسەڵ بگات لەسەر داواکردنی موسڵ، دەبوو فەیسەڵ دەرک بەوە بکات کە دەوڵەتێکی کوردی دۆست بەربەست لەبەردەم پێشڕەوی تورکان بەرەو عێراق دروست دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا لەندەن پێی خۆش بوو کە هەریەک لە تورکیا و عێراق بشێن پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ یەکدا ببەستن.

ڕاستە کە تورکەکان بە هۆی پرۆپاگەندەوە هاوکاری ئایندەی نێوان تورکیاو عێراقییان دوور دەخستەوە.

تورکەکان لەژێر ئالای «یەکێتیی ئیسلامی» خەریکی هان دانی



عەشیرەتەکان بوون لە دژی ئینگلیز، ناوچەیەکی کوردی ئۆتۆنۆمی، لەژێر ڕاسپاردەی ئینگلیزدا لە باکووری عێراقدا دەبووە هۆی زیاتر لاوازکردنی پرۆپاگەندەی «دژە عەرەب» و «دژە ئینگلیز» ، بەڵام شتێکی لەو بارە خەتەرێکی بۆ یەکێتیی ئیسلامی ناوچەیی هەڵگرتبوو(١٦).

بە حوکمی ئەوەی عەرەبەکانیش موسڵمانن، ئەوا لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە دەبووە هۆی لاوازکردنی هێزە عەرەبییە ناسیۆنالیستەکانی دژە ئیمپریالیزم لەو وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کردارە هاندانێکی دڵخۆشکەری بە یەکێتیی ئیسلامی دەبەخشی.

سەبارەت بە یۆنگ باشترین ئیجرائات کە پێی هەڵسابن دۆزینەوەی چارەیەکی مامناوەندی بوو.

فەیسەڵ هەر لە کۆبوونەوەکەدا پرسیاری کردبوو ئاخۆ ئینگلیز ئەو بە پادشای عێراقێک دەزانن کە موسڵ بەشێک بێ لەو یان ئەوان ئەو بە پادشای هەموو خاکی عەرەب – لە عێراقدا – دەزانن بێجگە لە موسڵ؟!

وەک وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە نوێنەرانی ئینگلیز بە فەیسەڵیان وت: ئەوان «گاڵتە دەکەن» و پێویست ناکات فەیسەڵ خۆی تووڕە بکات.

ئێمە نازانین ئاخۆ فەیسەڵ بەم وەڵامە هێور ببۆوە یان نا، بەڵام ئەو لە پرسیار کردن هەر بەردەوام بوو «بەریتانیا بەرگری لە عێراق دەکات ئەگەر لە ڕێگای موسڵەوە هێرشی کرایە سەر؟»

دووەم: تا چ زەمەنێک بەریتانیا بەرگەی کێشە ناوخۆییەکانی موسڵ دەگرێت؟

سێیەم: لەبەرچی بەریتانیا پاڵپشتی هێزە جوداخوازەکانی موسڵ دەکات؟

دوا پرسیار: فەیسەڵ دەیویست بزانێ کە بەریتانیا چ جۆرە ئیدارەیەکی بۆ موسڵ لە زەین دایە(33)؟

کۆکس زۆر نارەحەت بوو، چونکە زۆر دژوار بوو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی فەیسەڵ بداتەوە، بۆیە لە ٢٨/ ١٠ دا نامەیەکی بۆ چەرچل نووسی و داوای یارمەتی لێ کرد تا لەم تەنگژەیە ڕزگاری بکات.

کۆکس داوای لەچەرچل کردبوو ڕاستی بە فەیسەڵ بڵێ کەبەریتانیا بەو هەموو توانا سەربازییەی هێزەکانییەوە ناتوانێ موسڵ لە هەڕەشە و پەلاماری تورکەکان بپارێزێ؟

لە دیدارێکی تر بۆ هەندێ پرسیار، کۆکس هەندێ وەڵامی شاراوە و تەماوی ئامادەکرد، کۆکس باوەڕی وابوو کە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆ زەرورییە، چونکە ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە لەلایەک دەبێتە هۆی لاوازکردنی پرۆپاگەندەی تورکەکان، لەلایەکی تریش مەسەلەی ڕەهایی لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە دەرگای زیاتر بۆ دەکرێتەوە و مەیسەر بوونی مەسەلەکە ئاسانتر دەبێ.

فەیسەڵ خۆی زۆر بەو پێشنیارە دڵ خۆش بوو شەیدای شتێکی لەو بابەتە بوو، هەروەها کۆکس لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر بەریتانیا بتوانێ تورکەکان بێنێتە ڕایێ ئەوا بەریتانیا بێ گوێدانە پەیمانی سیڤەر ئامادە دەبێ دەست لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەڵگرێ، بەمەش ئەنقەرە واز لە خەونەکانی لە موسڵ دەهێنێ.

لە ئاکامدا فەیسەڵی عێراق چەند گەرەنتییەکی پێویست بەدەست دەهێنێ(34).

ململانێ لەسەر موسڵ جارێکی تر لە نێو کارنامەی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵدایەوە.

هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەی ناوبراو لە ٣/١١/ دا لە وەزارەتی (بیرۆی) هیند لە لەندەن کۆبۆوە.

ئامادەبووان پرسیارەکانی فەیسەڵ-یان لە خۆ دەکرد: ئاخۆ بەریتانیا دەتوانێ پێشگیری لە پێشڕەوی هێزەکانی تورک بەرەو باشوور بکات؟ هەموو دەیانزانی کە ئەوە دژوار و مەحاڵە، لە دیدی ئامادەبووانەوە کرۆکی مەسەلەکە پەیوەست بوو بە پەیوەندییەکانی ئینگلیز لەگەڵ ناسیۆنالیستە تورکەکاندا.

لیندسێ لە وەزارەتی دەرەوەدا هەڵی دایێ و گوتی: ئەگەر کاتی خۆی بهاتبایە هاوپەیمانەکان بەرەیەکی عەسکەری یەکگرتوویان لە دژی تورکەکان پێکهێنابا ئەوا دەیانتوانی بە یەکجاری ئەنقەرە لەناوبەرن، بەڵام ئێستا ئەمە ناکرێ، بەڵام هەرچی فەیسەڵ بوو ئەوا زۆر ترسی لێ نیشت بوو و ئارامی لێ بڕابوو، فەیسەڵ لەوە دەترسا تورکەکان هەر هێرش بکەنە سەر موسڵ و تورکمانەکانی ناوچەکەش دەچنە هاری سوپای خزمەکانیان و شۆڕش لە دژی حوکمی وی هەڵدەکەن(35).

هەروا فەیسەڵ نەیدەویست ڕووبەڕووی هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی تورکی ببێتەوە لە عێراقدا، ئەگەر تورک ببنە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقدا کە



ئینگلیز خوازیار بوو لە ژێر سیستەمی ئینتیدابدا دابمەزرێ، ئەوە خۆی لە خۆیدا واتای دانپێنانی بە کەمایەتی تورکی لە وڵاتدا دەگەیاند، ئا لەو کاتەشدا فەیسەڵ دووچاری گوشار دەبوو بۆ ئەوەی تەنازولاتی ناوخۆ دەربکات، بۆ رزگاربوون لەو دیلمایە فەیسەڵ یاسای ڕەگەزنامەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ئامادەکرد، بەپێی ئەو دەستورە دەبوو تورکەکانی - تورکمانەکانی عێراق - بەخواهێشتی خۆیان واز لە ڕەگەزنامەی ئەتنیکی خۆیان بێنن و بە - نووسین - بەڵێنی ئەوەبدەن کە لەژێر هەر بارێکدا نابێ ناسنامەی هاووڵاتی تورکی بەکاربێنن (36).

لەندەن پاڵپشتی ئەم یاسایەی نەکرد: چی ڕوودەدا ئەگەر زۆربەی هاووڵاتیانی عێراق ڕەگەزنامەی تورکیایان پەسەند کرد (37)؟

لە جیاتی ئەوە ئینگلیز پێشنیاری کرد کە دەبێ پەرلەمانتارە پاڵێوراوەکان سوێندی وەفاداری بۆ فەیسەڵ بخۆن (38).

## - 8 -

## تەق و تۆقی عەسکەری
## لە سەرسنوور

پرسەکە چووبووە قۆناغی شەڕێکی ڕانەگەیەنراو لەنێو لایەنەکاندا، هەردوولا دەیانویست بەر لەوەی دەرگای گفتوگۆی دیپلۆماسی بکەنەوە مکوڕبن لەسەر بەرژەوەندییە سەربازییەکانیاندا لەو نێوەدا ئینگلیز بە تێپەڕبوونی کات بەرژەوەندی بەرایی خۆی بۆ تورک لە دەست دا و ڕووبەڕووی بەرەیەکی لایەنگری تورکی چاوەڕێکراو دەبۆوە.

بە کەوتنی وەزارەتی لوئید جۆرج - کە خۆی بە شاهۆی مەسەلەکانی تورکی دەزانی، بواری چوونە نێو شەڕێکی گشتی لەگەڵ تورکیادا وا پێدەچوو لە ئارا دابێ.

بەشێوازێکی تر بە کەوتنی لوئید شیمانەی شەڕێکی گشتی لەگەڵ تورکیا دا کەم ببۆوە، یۆنار لۆی سەرەک وەزیرانی نوێی بەریتانیا پێکهاتنی بە پەسەندتر دەزانی لە شەڕ، هەروەها ئامادەش بوو سوپای ئینگلیز لە ناوچەکە بکشێتەوە، کیرزۆنیش لەلای خۆی زیاتر جەختی لەسەر ئەو نوقتەیە دەکرد و خەریکی ڕێ خۆشکردن بوو بۆ بەستنی

پەیمانێک لەگەڵ فەیسەڵدا.

عێراق لەسەر هەمان هێڵی سیاسەتی دەرەوەی لەندەن دانرابوو، بەواتای عێراق ببووە بەشێک لە ئامانجی ستراتیژی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، ئەگەر لە ڕوانگەی پەیوەندییە ڕەسمییەکانی ئەنگلۆ- تورکی لە مەسەلەکان بڕوانین ئەوا ساڵی ١٩٢٢ لە مێژوودا بە ساڵی دوژمنکاری تۆمار دەکرێ.

لە یەکی شوباتدا مستەفا کەمال پاشا تەلیگرامێکی بۆ وەزیری بەرگری نارد و تێیدا وتبووی:

«ئێستا لە پێشڤەچوونە سیاسییەکاندا دەفامرێتەوە کە فەیسەڵ خەریکە حکومەتێک لە عێراق دابمەزرێنێ، ئینگلیزیش لە خۆ ئامادەکردن دایە بۆ ئەوەی موسڵ لەژێر ماندێتی خۆی دابێ، ئیدی بۆ ئەوەی موسڵ رزگار بکەن، کە بەشێکە لە میثاقی نیشتمانیمان دەبێ سوپا بەرەو ناوچەی ڕواندز بنێرین»(39).

ئەم فەرمانەی مستەفا کەمال ئاراستەی مێجەر ئۆزدەمیر کرابوو کە لە بەرەکانی باشووری بزاڤی نیشتمانیدا شۆرەت و ناوبانگێکی باشی هەبوو(١٧).

ئینگلیزیش لەلایەکی ترەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو. هێزە هاوبەشەکانی ئینگلیز و عەرەبی عێراق دەست پێشخەرییان کرد لە تەقەکردن لەسەر سنووری کێشەلەسەر، هەروەها بۆمباران کردنی ئاسمانیش هەر بەردەوام بوو(40)، وێڕای ئەوەی ئینگلیز هوشداری بە تورکان دابوو کە هیچ چالاکییەکی عەسکەری ئەنجام نەدەن، بەڵام ئۆزدەمیر هێزی عەشایری کۆکردبۆوە و توانیبووی وا لە فیدائییە هەڵاتووە موسڵمانەکانی باکووری ئەفریقیا لە لەشکری فەڕەنسیدا بکات کە بەشداری لە سوپاکەیدا بکەن، بەم جۆرە ئۆزدەمیر لە ٢٢ی حوزەیراندا بە خۆی و میلیشیاکەییەوە دەستی بەسەر ڕواندز داگرت.

هەروا بەشێکی تری سوپای تورک لەناو وڵاتدا هەبوون، پیاوەکانی ئۆزدەمیر لە دەورەی موسڵ بڵاوبیوونەوە و چاوەڕێی هێرش کردنە سەر ئینگلیز بوون ڕۆژی (٣١)ی ئاب بۆ ئەو هێرشە دانرابوو (41).

دەسەڵاتدارانی ئەنگلۆ- عێراقی بە بۆمباباران کردنی هەرێمی کێشە لەسەر وەڵامی ئەو چالاکییەی تورکییان دایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی موخابەراتی بەریتانی ئەو هاوکاری و سەرکەوتنەی



ئۆپراسیۆنی تورکی - کوردی ئاکامێکی ترسناک و جیدی بۆ لەندەن دروستکردبوو(42).

لە ڕاستیدا هەرواش دەرچوو: لە ٣١ی ئابدا هێزەکانی ئۆزدەمیر زەبرێکی کوشندەیان سرەواندە هێزەکانی ئینگلیز لە دەربەند(١٨).

لە ١٨ی ئەیلوولدا ئۆزدەمیر لە ئاکلاڤ بوو ئەوسا لە شوێنێکی وابوو دەیتوانی پەیوەندی بە ناسیۆنالیستەکانی شارۆچکەی موسڵەوە بکات. هەر لە سەرو بەندەدا فەیسەڵ ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە چالاکی ئەو میلیشیانە ببێتە هۆی ئەوەی سوپای نیزامی تورکیش بەرەو ناوجەرگەی موسڵ پێشڕەوی بکات.

فەیسەڵ دەیدیت کە چۆن عەشیرەتەکان بەسەرکردایەتی ناسیۆنالیستە تورکەکان لە هێرشی بەردەوامدانە بەرەو سەرووی میسۆپۆتامیا.

بۆمبارانکردنەکەی ئینگلیز نەیتوانی ورەی میلیشاکان لاواز بکات. لەو نێوەدا ئینگلیز مژۆلی دروست کردنی ئینشقاق بوو لە نێو بەرەی ئۆپۆزسیۆندا.

ئینگلیز دەیەویست لە ڕێگای مێجەر نۆئیلەوە کەلێن بخاتە پەیوەندی نێوان تورک و کوردانەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەرانای بۆ ئەوەی هاوکاری کوردان بە دەست بێنێ لە دژی تورکان لە ڕێگای نۆئیلەوە نامەیەک بۆ شێخ مەحمود نێردرا لە هیند. ئەوەی شایانی باس بێ شێخ مەحمود بە هۆی ئەوەی شۆڕشی لە دژی ئینگلیز کردبوو بەرەو هیند دوورخرابۆوە.

لە پەیامەکەدا ئینگلیز ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندبوو کە شێخ مەحمود بە «حاکمی» موسڵ بناسێ ئەگەر بێتو هێزەکانی خۆی لە دژی تورکان بەکاربێنێ و ببێتە هاوپەیمانی ئینگلیز، بەڵام هەروەک ڕەوتی ڕووداوەکان دەریان دەخست کە شێخ مەحمود ئەو کاریگەرییەی نەبووە کار لە هەستی کوردان بکا و هەڵوێستییان پێ بگۆڕێ(١٩).

سەرچاوەکانی موخابەراتی ئینگلیز ئەوەیان دووپات دەکردەوە، کە مستەفا کەمال - وەک قارەمانێکی هەڵکەوتووی خەباتی نیشتمانیی تورک - ببووە ڕەمزی خۆشەویستی تورکمان و کوردەکانی هەرێمی کێشە لەسەر. لە دیدی عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی بەغداوە، فەیسەڵ و پیاوەکانی لە ئاقار پێشڕەوییەکانی تورکدا بێ دەسەڵات دەهاتنە بەرچاو، ئەوان ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەگەر بێتو مستەفا کەمال نیازی خۆی بەرەو عێراق

بگۆڕێ ئەوا وڵات – عـێــراق – وێڕای بوونی لەشکری ئینگلیــز لەوێ ناتوانێ بەرگری لەیەک پارچەیی عێراق بکات (43).

نۆئێل هەوڵیدا لە دواساتی تێکۆشانیدا پشتگیری و یارمەتی خێڵە کوردەکانی ناوچە سلێمانی بەدەست بێنێ.

کۆمەڵێ لەسەرکردەی خێڵە کوردەکان – وەک چاوەڕێ دەکرا چوونە بەغداو لەوێ هەم چاویان بە کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز لە بەغدا و هەم بە شا فەیسەڵ کەوت.

تیمێ لەو سەرکردانە خۆیان بە نوێنەرانی هەموو عەشیرەتەکانی موسڵ ناساند و داوایان لە ئینگلیز کرد کە ئۆتۆنۆمییان پێ بدا، ئەوان داوای کۆنفیدراسۆنێکیان دەکرد کە لەژێر سەرکردایەتی شێخ مەحمود دابێ، کۆلۆنێل ویلسن وەک کۆمیسیاری باڵای ئینگلیز لە بەغدا، پێی گوتن کە ئەو ناتوانێ بەڵێنی هیچیان پێ بدات تاکو داواکەیان پێشکەش بە لەندەن نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویلسن بەشاندەکەی گوت کە ئەو لەرووی پرانسیپەوە، بەو شتانە ڕازییە کە ئەوان داوای دەکەن.

هەرچی شێخ مەحمود بوو، خەریک بوو لەگەڵ تورکان ڕێک بکەوێ، بۆیە ویلسن بیری کردەوە کە شێخ ئەو کەسە نییە کە مرۆڤ پشتی پێ ببەستێ.

لە ئاکامدا پاش ئەوەی ئینگلیز «شێخیان لەدەست چوو» ڕوویان کردە سەید تەها و سمکۆ، هەر لەو بارەیەوە سەید تەها لە ١١/٤دا کۆمیسیاری باڵای لە بەغدا بینی.

سەید تەها داوای «مام ناوەندی» تری هەبوون، سەید تەها بە ئینگلیزی گوت: ئەگەر بێتو ئینگلیز بەهێزی ئاسمانی پاڵپشتی بکات، ئەوا ئەو دەتوانێ تورکان لە ئەنادۆڵ بکاتەوە (44).

لە کاتێکدا کە ئەو هەموو دانوستاندنانە لە گۆڕێدا بوون، تورکەکان خەریک بوون بێنە ناو زاخۆوە، هەروا هەندێ ڕاپۆرت ئەوەیان دەگەیاند کە تورکەکان لە دیاربەکر خەریکی خۆ ڕێکخستنێکی نیزامی بن، بۆ ئەوەی زەبرێکی کوشندە لە موسڵ بدەن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕەوشەدا بیرۆی – وەزارەتی کۆلۆنیالی تۆقی بوو، هەر بۆیە حکومەتی عێراقی هان دەدا کە ئیجرائاتی توند لەهەمبەر تورکەکان وەربگرێ، بەڵام ئینگلیز دەیزانی کە بۆ ئەوەی هاوکاری تەواوی عێراقییەکان بەدەست بێنێ. پێویستی بە هەڵوێستێکی دیار و ئاشکرایە



لە وەزارەتی دەرەوە لەهەمبەر ئاوات و ویستی عەرەب دا، ئەمەش شتێک بوو کە چاوەڕێ دەکرا، ئینگلیز ئەوندە خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو کە پێی ڕازی بێ(45).

لە کاتێکدا کە عەشیرەتەکان –کوردەکان– شان بە شانی میلیشیای تورکەکان بەردەوام بوون لە بەرگریکردن لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز لە موسڵ. لەندەن دوا بڕیاری خۆی لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکان بە کۆنگرەی لۆزان دا. لە ١٩٢٢/١٢/٨دا کۆمیتەیەکی عێراقی لە لەندەن کۆبۆوە و ئەو تێلێگرامانەی خوێندەوە کە کیرزۆن لە لۆزان ناردبووی.

لە کۆبوونەوەکەدا First Lord لە وەزارەتی دەریا، سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئینگلیز پەترۆلی موسڵ بەدەست بێنێ.

پێی وترا کە نیگەران نەبێ، چونکە ئەو زەوییەی کیرزۆن بۆ تورکانی بەجێ دێڵێ هیچ نەوتی تێدانابێ! وێڕای ئەمەش کۆمیتەکە بە تێکڕای دەنگ لەگەڵ ئەوە دابوون کە هیچ ئیمتیازاتێک بە ئەنقەرە نەدەن، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵ دەدا ئەویش ئەوەیە دەبێ لەمەزیاتر چاوەڕێی چ ئاکامێک لە هەڵوێستی ئینگلیزی کەللە ڕەق بکرێ؟! شەڕ؟ هێزی ئاسمانیی شاهانەی ئینگلیز لەو باوەڕەدابوو کە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ تورکاندا هەر لە سنووری موسڵ دانابێ، بەڵکو بە ئاسانی هەم زێتر دەبێ و هەم ڕۆژهەڵاتی نزیکیش دەگرێتەوە بە جۆرێ هەتا شەڕ گەرووەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە ڕازیبوون کە دەست پێشخەری شەڕ یان ئاشتی دەبێ بەدەست کیرزۆنەوە بێ (46).

لەلایەکی تریش تورکەکان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ چەند پێکدادانێکی سەرلێشواوانە:

پاش ئۆپراسیۆنە خێراکانی ئۆزدەمیر، ئەنقەرە خۆشبین بوو، فەوزی ئەقماق پاشای سەرۆک ئەرکانی تورکیا لە ١٩٢٢/٩/٧دا چەند تێلیگرامێکی بۆ بەرەکانی ڕۆژهەڵات ناردبوو و وتبووی: کە «موسڵ بە زەبری هێزی سەربازی دەگرین» ئۆپراسیۆنێک کە پێشڕەوی هاوڕێک لە هەردوولای ڕووباری دیجلە بەدەست بێنێ، یەکێ لەو کردارانە بوو کە حسابێکی جدی بۆ کرابوو، ئەو تەنیشتەی باشوور چاوەڕێ دەکرا بە هێرشی دووەم، کە بڕیاربوو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکات، پاڵپشتی لێ دەکرا. بۆ ئەو مەبەستە سەربازێکی نیزامی زۆر کە لە ناوچەکانی وان و

هەکاری و ئادری مۆڵ درابوون، دەبوو بازنەیەک - گەمارۆدانێک - بەیارمەتی هێزی عەشیرەتەکان و میلیشیا ناوخۆییەکانی تورک، بە نێو ئامێدی، سلێمانی و کەرکوک دەست پێ بکەن.

ئۆزدەمیر دانرابوو بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەموو ئۆپراسیۆنەکە بکات (47)، لەو ئۆپراسیۆنەدا تورکەکان بیریان لەوە دەکردەوە، کە بەر لەوەی دەست بە دانوستاندنی دیپلۆماسی بکەن، چەندی لە توانایان بێ، هەوڵ بدەن زیاتر سنوور بەرەو باشوور ببەزێنن بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی لۆزاندا هەڵوێستی بردنەوەیان بە هێز بکەن، بەڵام وا بڕیاریان دابوو کە کارێکی وا نەکەن ئۆپراسیۆنەکە ببێ بە ئۆپراسیۆنێکی سەرەکی سەربازی.

## - 9 -
## کۆنفرانسی لۆزان(٢٠)

پرسی موسڵ لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٢٢/١/٢٣دا لە کۆنفرانسی لۆزان بە دەرکەوت، عیسمەت پاشا لەو بارەیەوە دوا یان ڕێکتر بڵێین ئەو یاداشتنامەیەی خوێندەوە کە پێشتر ئامادە کرابوو.

لە یاداشتەکەدا عیسمەت پاشا گریمانەکانی ئینگلیزی لە بارەی موسڵەوە لە هەموو ڕوویێکەوە: سیاسی، مێژوویی، ئابووری بەبێ بنەچە لەقەڵەم دا، عیسمەت پرسیاری کرد بۆچی ئینگلیز هێندە دژی ڕاوەرگرتنی گشتییە؟ وەزیری دەرەوەی تورکیا (عیسمەت پاشا) لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو تاکو وتی: ئاخۆ عێراقییەکان ئیرادەیەکی ئازادیان دراوەتێ، ئاخۆ ئینگلیز نیزامی «ڕاسپاردن- وصایة» یاخود «ئینتداب» یان بەسەردا ناسەپێنێ؟!

بۆیە عیسمەت ئەو قسانەی دەکرد، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە سیستەمی جیهان بەرەو چەرخی چارەی خۆنووسین دەچێ، هەروەها دەبێ نەتەوەکان ئەوەندە وشیارییان هەبێ بۆ ئەوەی بشێن لە هەر شێوازێک لە شێوازەکانی پشتگیری بڕوانن وەک هۆکارێکی سیاسی یان خەبات لەدژی بە کۆلۆنی کردنی ئابووریدا(48).

کیرزۆن لە نۆرەی خۆیدا وەڵامی عیسمەت پاشای نەدایەوە، چونکە ئەو دەیزانی کە لەو بارەیەوە کارتەکانی ناتوانن لەگەڵ کارتەکانی عیسمەت پاشا یاری بکەن!.



لە ڕاستیدا کیرزۆن دەترسا، کە تورکەکان هەر لە بەراییەوە یەکسەر مەلەفی مەسەلەی موسڵ بکەنەوە ئەگەر بێتو عیسمەت لەسەر تاکتیکی پێشووی بەردەوام بوایە، ئەوا بێ گومان دەکرا ماهیەتی ئینگلیز وەک هێزێکی ئیمپریالی کە چاوی لە پەترۆلی موسڵە، بەدەرخست با.

ئا لەو کاتەش ئەوا ڕای گشتی جیهانی لە بەرەی تورکەکان دەبوو، کە ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ئینگلیز هەر لە بەراییەوە تەنگە تاو ببێ، لەلایەکی تریش شیمانەی ئەوە دەکرا تورکەکان لە هەموو مەسەلەکان چەند زێدە مافێک - ئیمتیازات - بەدەست بێنن.

لەو نێوەدا کیرزۆن زوو کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی کرد و نەیهێشت کۆنفرانسەکە لەژێر دەستی دەربچێ بە قازانجی تورکان هەر بۆیە یەکسەر دەستی بەسەر کارنامەی ئیجرائاتەکانی کۆنفرانسەکە داگرت و هەر خۆی خۆی کردە سەرۆکی کۆمیتەی «مەسەلە سەربازی و هەرێمییەکان» کە ئەمانەش لە مەسەلە هەرە گرنگەکان بوون.

لە ئاکام - بۆ ئەوەی ڕەوشەکە بە قازانجی ئینگلیز تەواوبێ - کیرۆزن ئەو بابەتانەی وادیاربوو کە تورک هەڵوێستیان لێ لاواز بوو کردە بابەتە یەکەمەکانی کارنامەی کۆنفرانسەکە.

تاکتیکی دیکەی فاشیلانەی شاندی تورک ئەوە بوو: عیسمەت پاشا ڕازی بوو بە پێشنیاری کیرۆزن کە ئەوان پێویستە لە هۆڵی کۆنفرانس لە پرسی موسڵ نەدوێن، بەڵکو لە ژوورێکی تایبەتی (دوو قۆڵی) لەو مەسەلەیە بدوێن بۆ ئەوەی ڕێ بە ڕاگەیاندن و پڕۆپاگندە و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە نەدەن، کە لەوانەیە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە تەگەرە و بەربەست لەبەردەم ڕێگاکانی چارەسەری مەسەلەکەدا دروست بکات. لەوێ کیرزۆن دەتوانێ زیاتر پێ لەسەر دانیشتنە بنەڕەتییەکان دابگرێ، کە دەبنە هۆی زیاتر لەیەک گەیاندن و نزیک بوونەوە بەرەو هاوکارییەکی داهاتوو، بەتایبەتی لەیەکگەیشتن و هاوکاری ئایندەیی لە بارەی دابەش کردنی نەوتی موسڵ لە نێوان هەردوولادا.

عیسمەت پاشا بە ئاواتی زێدە مافەکان، بە پێشنیارەکانی کیرزۆن ڕازی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژوو نووسینەوە دەرفەتی تێڕامان و گریمان نادات ئەگەرنا عیسمەت لە هۆڵدا ماباوە و لە بریتی پێ داگرتن لەسەر مەسەلە ئابوورییەکان پێی لەسەر مەسەلە ئەتنیکی و ستراتیژییەکان دابگرتبا، کە ئەمانە بەرژەوەندی تورکی-ن، مەسەلەکە بە

بەرژەوەندی تورک تەواو دەبوو.

هەروەها لەو بارەدا هەم ڕای گشتی و هەم هاوپەیمانەکانی ئینگلیزیش (کە پێیان خۆش نەبوو بەشی شێر لە نەوت بە تەنیا بۆ لەندەن بێ) پاڵپشتی دۆزی تورکییان دەکرد، بەڵام لۆرد کیرزۆن دەیزانی بزماری خۆی لە کوێ دەدا.

لە پاشان لۆرد کیرزۆن مەلەفی ئەرمەنییەکانی کردەوەو ئەوەی وەبیر ئامادەبووان خستەوە کە بە گوێرەی پرۆپاگندەکانی سەردەمی جەنگ، تورکەکان تاوانبار بوون بەوەی ئەرمەنەکانیان کۆمەڵ کوژی کردووە.

ئەگەر یەکێک نامە نهێنییەکانی شاندی ئینگلیز بخوێنێتەوە بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ، کە کیرزۆن هەرگیز ڕاست نەبووە لە دیارکردنی نیشتمانێک بۆ ئەرمەنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا(49).

ئەگەر وروژاندنی مەسەلەی ئەرمەنەکان جێی خۆی بگرتبا، ئەوا مەسەلەکە دوو سوودی بە کیرۆزن دەبەخشێ:

**یەکەم:** کاریگەریەکی زۆر گرنگی لەسەر ڕای گشتی جیهان دەبوو، چونکە ئەوسا لە ڕێگای شەڕە قسەی نێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩١٨ەوە تورکەکان وەک «دوژمنێکی سەرەکی» تەماشا دەکران، هەروەها تاوانبار دەکران کە ئەوان لە پشت ئازارەکانی کۆچ پێ کردنی «ئەرمەنەکان» دابوون (50).

لەو ڕەوشەدا تورکەکان لە بریتی داواکردنی موسڵ، ئەوا دەبوو لە حاڵەتی داکۆکی کردن دابان و کاتێکی زۆریان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکردبا، ئەو هەڵوێستەش وای دەکرد شاندی تورک هەڵوێستی لاواز بێ لە هەمبەر بڕیاردان و جەخت کردن لەسەر موسڵ.

**دووەم:** فایلی ئەرمەنی «چەکێکی تەواو» بوو بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ تورکیای نوێ نەهێڵدرێ جارێکی تری «کەمایەتی» تێدابێ.

لە تۆمارێکدا کە بە قەسابخانەی ئەرمەنییەکان بۆیە کراوە، لەوانەشە ئەمە بانگاشەی بێ بنەچە بن، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نابێ تورک لەگەڵ کورد و کەمایەتی نەستوری لە موسڵدا بمێنێ. بەواتای نابێ لێ بگەڕێن تورکەکان جارێکی تر لە شوێنێکی کە کورد و کەمایەتی نەستوری لێیە فەرمانڕەوایی بکەن.

لەدەمێکدا کە کۆنفرانسی لۆزان خەریک بوو ڕازی بێ لەسەر ئەوەی موسڵ بەجێ بهێڵدرێ بۆ ویلایەتی قەزائیی تورکی، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو



دەرفەتە لەدەست ئینگلیز نەچێ، وەک وەڵامێک بۆ ئەو ڕەوشە کیرۆزن زاراوەی «کەمایەتی موسڵمانی» پێشکەش بەکارنامەی کۆنفرانسەکە کرد، کیرۆزن لە لۆزاندا خۆی تەیار کردبوو بۆ ئەوەی بتوانێ مەسەلەی موسڵ لەکارنامەی کۆنفرانس بهێنێتە دەرەوە و بە جیا موناقەشە بکرێ.

کیرزۆن پێنشیارەکانی خۆی لە ڕەشنووسی پەیمانێکدا لە تەنیشت ڕاسپاردەی تری نوێ سەبارەت بە خۆ بەدەستەوە دان داناو وتی دەرفەتی هیچ گفتوگۆی تر نەماوە و داوای لە شاندی تورک کرد کە بڕیاری کۆتایی بدەن ئاخۆ لەسەر ئەو مسودەیە ڕازین یان نا.

عیسمەت داوای کاتی زیاتری کرد، بەڵام کیرۆزن دیاربوو زیاتر چاوەڕێی نەدەکرد. لە ئاکام لە ١٩٢٢/١٢/٤دا شەمەندەفەرەکەی بەرەو پاریس چوو، کۆنفرانسەکەش تووشی بنبەست بوون بوو.

## - 10 -

## تورەبی لە نێو ئەنجوومەنی نیشتمانی تورکدا

لە کاتێکدا هێشتا عیسمەت لە لۆزان بوو، مستەفا کەمال پاشا ئەو وتارەی خوارەوەی لە ١٩٢٣/١/٢دا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی باڵا خوێندەوە، ئێمە چەند جارێک جاڕمان داوە کە هەرێمی موسڵ لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە نێو سنوورە نیشتمانییەکانمانەوە. ئەوانەی لە لۆزانیش ڕووبەڕوومان بوونەتەوە ئەوە بە دڵنیایی دەزانن، کاتێ ئێمە بڕیارمان لەسەر سنوورەکانمان دا قوربانی مەزنمان داوە. ئێمە ئەوەمان کرد لەسەر بنەمای لەیەک گەیشتن هەر چەندە ئەو کارەشمان لە دژی بەرژەوەندییەکانمان بوو.

پاش ئەو قوربانییانەی دامان ئەمڕۆ تابلێی نا عەدالەتییە ئەگەر تەنیا بچووکترین پارچە زەویشمان لە خاکی نیشتمانیمان لێ بسێنن(51).

لە ١٩٢٣/١/٢٠دا کێشەی موسڵ جارێکی تر وروژێنرایەوە، بەڵام ئەمجارە لە کۆبوونەوە «نهێنییەکانی» ئەنجوومەنی باڵادا.

ه. ڕەئوف وەک سەرۆک وەزیرانی تورکیا، دانیشتنی ئەنجوومەنی بەوە کردەوە کە ئەو دانیشتنەی ئەنجوومەن تەرخانکراوە بۆ «میثاقی نیشتمانی» و حکومەت هەوڵ دەدات چەندی پێی بکرێ «وەرگرتنی نامەکە» بەدەست بێنێ.

ئەوان ئەگەر پێویستی بکردبا، خۆیان ئامادەکردبوو موسڵ بە زەبری چەک بستێننەوە، ئەوەی جێی سەرنجە ڕەئوف لەسەراپای وتەکەیدا هەر جەختی لەسەر گرنگیی ستراتیژی موسڵ دەکرد، کەچی بە هیچ جۆرێ ئاماژەی بۆ مەوجوداتی ئابووری ناوچەکە نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەئوف بانگاشەی ئەوەشی کرد کە هاوشانەکانیان -ئینگلیز- «پیلانچی، پسپۆڕ و فێڵزانن».

«ئەگەر لەگەڵ ئینگلیز هێمن و لەسەرخۆ بین ئەوا فەشەل دێنین، بۆیە دەبێ دوا وشە بەچەک بوترێ»(52).

ڕەئوف لەو باوەڕەدابوو کە ئینگلیز خەریکی هاندانی عەشیرەتەکانە، هەشت ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە عەلی ئۆرقو بەگی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ تورکیا لەپێناوی مەسەلەی موسڵدا ئامادەیە شەڕی ئینگلیز بکا ؟!.

ئۆرقو بەگ نیگەرانی دایگرتبوو کە ئەگەر بێتو ڕەوشەکە چارەسەر نەکرێ ئەوا شیمانەی ئەوە دەکرێ کە لە ڕێگای بەکارهێنانی یۆنانییەکانەوە، بەرەیەکی تر لە دژی تورکان بکرێتەوە.

هەروەها ئۆرقۆ بەگ لەوەدەترسا کە ڕۆژئاوا ئابلوقەی ئابووری بەسەر تورکیادا بسەپێنێ، بۆیە ئۆرقۆ پرسیاری کرد ئاخۆ ئابووری تورکیا دەتوانێ بەرگەی ئەو گوشارە بگرێ(53) ؟!.

ڕەئوف بەم جۆرە وەڵامی ئورقۆی دایەوە کە ئەوان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بە هیوای ئەوەن پەرلەمانتاران ڕێنوێنیان بکەن. هەر ئەمەش هانی داون کە مەسەلەکە بهێننە ناو ئەنجوومەنی باڵاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو دڵنیا بێ کە کێشەکە هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی نە بە نەوتەوە هەیە و نە بە مەسەلەی هەرێمەوە، بەڵکو کێشەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاسایشی تورکیاوە.

هەرچی ئینگلیز بوو ئەوا هزری وابوو کە موسڵ بگوازێتەوە بۆ ناوچەیەکی دەسەڵاتداری پاوەنکراو بۆخۆی بۆ ئەوەی دوژمنکاری تورکیا لەو ڕێگایەوە بکات.

وێڕای نیگەرانییەکانی ناو پەرلەمانی تورکی ئەوا ڕۆژنامەگەریی تورکیش بە حەساسیەتەوە دەیڕوانییە مەسەلەکە.

کەش و هەوای گشتی وای دەگەیاند، کە موسڵ لەژێر دەستی تورکان چۆتە دەرەوە، لەژێر گوشاری ئەو ڕەوشەدا مستەفا کەمال وەک هەوڵێک بۆ



هێورکردنەوەی دەزگای ڕاگەیاندن ئەو بڕیارەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

«ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە نێو سنووری نیشتمانی دەوڵەتی تورکیاوە، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەو هەرێمە لە تورکیای دایک دابڕێ و وەک دیارییەک بیدا بە کەسانی تر. ئەو کێشەیە هیچ پەیوەندی بە کاری کۆمەڵەی گەلانەوە نییە(54)، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا عیسمەت پاشا لە لۆزان گەڕایەوە و کۆنفرانسی لۆزانیش بەهیچ نەگەیشت.

کێشەکانی ئیمتیازاتی بیانی بەسەر تورکیا و مەسەلەی موسڵ ئەوەیان دەگەیاند کە ئەو دوو کێشەیە بوونەتە دوو کوتلەی لەگرێژنە دەرچووی پەرژو بڵاوی بەردەم ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی.

لە دانیشتنی٢٣ی شوباتی ١٩٢٣دا، عیسمەت پاشا، ڕووبەڕووی ئەنجوومەنی باڵا بۆوە، گاڤێک گفتوگۆکان هاتنە سەر مەسەلەی موسڵ، عیسمەت بە کورتی مەسەلەکەی بڕییەوە و وتی:«من لەگەڵ کیرزۆندا ڕێککەوتم کە مەسەلەی موسڵ لە دانیشتنەگشتییەکان باس نەکەین، هەر بۆیە لە نێوان خۆماندا دوو قۆڵی موناقەشەی مەسەلەکەمان کرد(55).

بە گوێرەی قسەکانی وەزیری دەرەوە دانوستاندنێکی توند لە نێویاندا ڕوویداوە، هەروەها یاداشتیشیان لەو بارەیەوە گۆڕیوەتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا وەک وەزیری دەرەوە دەڵێ ئینگلیز هەڕەشەی لێ کردوون، کە ئەوان گفتوگۆکە دەپچڕێنن، هەرچی شاندی تورکیش بووە ئەوا هەر لەسەر هەڵوێستی بەرایی خۆیان ماونەتەوە، هەرچی ئەنجوومەنی باڵابوو، ئەوا نەک هەر بە ئاکامەکان - هەر چۆنێ بن - ڕازی نەبوو، بەڵکو بە لێکدانەوەکانی عیسمەتیش قایل نەبوو.

لە ٢٧ی شوباتدا مستەفا دوراق (نوێنەری ئەرزەرۆم) هەستایە سەر پێ و ڕەخنەی لە دواخستنی چارەسەری مەسەلەی موسڵ گرت.

هەر لەو بارەیەوە دوراق وتی: ئەگەر موسڵ لەدەست بدەن، ئەوا لە ڕۆژهەڵات هیچ جێگەیەکتان نابێ، ئەنجوومەنی نیشتمانی باڵای تورکی وشیاربوو کە تورکیا دەبێ چ باجێک بدات بە دواخستنی چارەسەری مەسەلەکە، هەروەها گەیاندنی مەسەلەکە بە کۆمەڵەی گەلانەوە، بۆیە پەرلەمانتاران دەستییان کرد بە گوشار خستنەسەر ڕەئوف (ئۆبێی) هەروەها سەرۆک وەزیران.

با بەدوای ڕووداوەکان دابچین:

«نەجمەدین (لەسرت): ڕێزدار ڕەئوف تۆ لە دانیشتنە نهێنییەکاندا

وتت کە موسڵ زۆر گرنگە بۆ ئێمە و کشانەوە لە موسڵ دەبێتە هۆی کشانەوە لە هەموو ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، ئەرێ تۆ ڕای خۆت گۆڕیوە لەو بارەیەوە؟

یان شتێکی چاوەڕێنەکراو وای لێ کردووی کە ڕای خۆت بگۆڕی؟.

ڕەئوف: ڕای خۆم نەگۆڕیوە من سوورم لەسەر ڕای خۆم.

نەجمەدین: چونکە گەیاندنی کێشەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان بێجگە لە وازهێنانی مەسەلەکە بۆ ئینگلیز چی تر نییە.

ڕەئوف: نەخێر مەسەلەکە هەمان شت ناگەیەنێ.

نەجمەدین: خاوەن شکۆ ئەمە وەڵام نییە، من وەڵامی پرسیارەکەی خۆم دەوێ.

ڕەئوف: من ڕای خۆم نەگۆڕیوە، من هەر ڕای پێشووم هەیە. مەسەلەی موسڵ، مەسەلەی هەموو ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتە.

پرسی ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، پرسی تورکیایە.

ئەگەر ویلایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات لە مەترسی دابن (لە ژێر هەڕەشە دابن) بە ئاشکرا تورکیا دەکەوێتە خەتەرەوە.

من بەو باوەڕەوە لە مەسەلەکە دەدوێم[56]، پاش ئەو ڕاگۆڕینەوانە، نوێنەری بەدلیس پرسی: ئاخۆ «هێشتا» موسڵ لە نێو سنووری «میثاقی نیشتمانی» دایە؟ سەرۆک وەزیران بە «بەڵێ» وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە، مستەفا کەمال بینی وا گفتوگۆکان لەسنوور دەردەچن، بۆیە هاتە نێو گفتوگۆکان و وتارێکی درێژی لەو بارەیەوە پێشکەش کرد: «ئەگەر ئێمە لەسەر پرسی موسڵ سووربین ئەوا ئێمە دەچینە نێو شەڕەوە».

لەو پێودانگەوە مستەفا کەمال ئەنجوومەنی ئامۆژگاری کرد کە لەسەرخۆ و بەشێوازێکی دوور لە گرژی و توندی جەخت لەسەر سوود و زیانەکانی پرسەکە بکەن.

سەبارەت بە پرسیاری ئاخۆ موسڵ هەر لە نێو میثاقی نیشتمانیدا دەمێنێتەوە؟ مستەفا کەمال وتی: کە پۆلێن کردنی وا توند دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ڕێگای ئاشتیدا، هەرگیز نابێ دیارکردنێک هەبێ بۆ ئەم هێڵە جوگرافییەی یان ئەو هێڵەی میثاقی نیشتمانی تورکی پێک دەهێنێت.

تخوبەکانی میثاقی نیشتمانی بە جۆرێک کێشراون کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تورک بپارێزن، هەروەها ئەو سنوورانە لەلایەن ڕایە ژیرەکانی ئەو ئەنجوومەنە باڵایەوە کێشراون. هەرگیز باس کردنی دیارکردنی



سنوور لەسەر نەخشەیەکی تایبەتدا هەڵنەکۆڵدراوە[57]، غازی کۆتایی قسەکانی بەوە هێنا «کە دواخستنی مەسەلەکە بە زەروری ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە لە شوێنە سەرەکییەکانمان دەکشێینەوە».

دەبێ وا لە پرسەکە بگەین وەک ڕێگایەک بۆ کڕینی کات بۆ وەدەست هێنانی هێز، ئێستا ئێمە دەتوانین ئاشتی بەدەست بێنین، مانگێک یان دووی تر ئێمە هەوڵ دەدەین کێشەکە چارەسەر بکەین، ئەگەر ئێوە ئێستا سووربن لەسەر چارەسەری مەسەلەی موسڵ، ئەوا ئێوە لەسەر ڕێگای خۆتان هەر ڕووبەڕووی ئینگلیز نابنەوە بەڵکو ڕووبەڕووی فەڕەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن و دوژمنانی تریش دەبنەوە، بەڵام بە دواخستنی مەسەلەکە (ڕازی بوون بەوەی مەسەلەی موسڵ لە کۆمەڵگەی گەلان چارەسەر بکرێ) ئەوا ئێمە تەنیا ڕووبەڕووی ئینگلیز دەبینەوە، ئەگەر بڵێت ؛«با بەرەو موسڵ پێشڕەوی بکەین» ئەمە دەکرێ و دەتوانین موسڵ بگرین، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم کردارە کۆتایی بە دوژمنکارییەکان دەهێنێ، ئەگەر ئێوە «پاش ئەو ئوپراسیۆنە» باردۆخەکانی پاش چەنگ بپێون ئەوا دەتوانن لیستێک لەبەربەست و تەگەرەکان بژمێرن[58].

سەرەڕای ئەو هەموو ڕەخنە توندانەی نێو ئەنجوومەنی باڵا، هەروەها بەهیچ نەگەیشتنی کۆنفرانسی لۆزان، هەردوولا (ئینگلیز و تورکیا) جارێکی تر کۆبوونەوەو لە ئاکامدا لە ١٩٢٣/٧/٢٤دا پەیمانێکیان مۆرکرد. هەردوولا ڕێککەوتن کە بۆ ماوەی ساڵێک لە نێوخۆیاندا (دوو قۆڵی) لە مەسەلەکە بدوێن، ئەگەر وتوێژە دووقولۆڵییەکان نەگەیشتن بە هیچ چارەسەرییەک، ئەوا دەبێ کێشەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ.[٢١]

شایانی سرنجە ئینگلیز هەتا لە کاتی دان وستاندنەکانیشیدا هێڵی بروکسلی پێشێل دەکرد و لە دوولاوە بەرەو تورکیا دەستی بە پێشڕەوی کردن کردبوو. لە ١٩٢٣/٤/٨دا سوپای ئینگلیز لە لایەکەوە بەرەو (گەلی شەیتان) خشا وە لە لایەکی تریش بەرەو دۆڵی زاب بە نیازی (سەر دەریا) جولا. ئۆزدەمیر پەیوەندی لەگەڵ هەکاری پچڕا وخۆی لە بەردەم هەڵوێستێکی سەربازی حەساس دۆزییەوە، بۆیە بێجگە لە کشانەوە بەرەو ئێران هیچ چارەسەرێکی تری بۆ نەمایەوە. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش پاش ئەوەی ئۆزدەمیرو میلیشیاکەیان چەک کرد ئەو جا ڕێیان پێدان بگەڕێنەوە

تورکیا. ئۆزدەمیر لە ٥/١٠ دا گەیشتەوان. ئەو پاشەکشەی ئۆزدەمیر بۆ وان کۆتایی بە هەموو چالاکییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا هێنا[59].

## - 11 -

## گفتوگۆ دوو قۆڵییەکان و شۆڕشی نەستورییەکان

گفتوگۆ دووقۆڵییەکانی ئینگلیز و تورکیا لە ١٩٢٤/٥/١٩ لە ئەستەنبۆل دەستیان پێ کردەوە. کۆبوونەوەکەش لە هۆڵی «کۆنفرانسی قۆچی زێڕین» هەروەک لە ڕووی میللییەوە بەوە ناسراوە، بەسترا. شاندی ئینگلیز بە سەرۆکایەتی کۆکس بوو هەرچی شاندی تورکیا بوو ئەوا بەسەرۆکایەتی عەلی فەتحی (ئۆقیار) بوو.

هەردوولا دووبارە وتوێژە سەرەکییەکانیان دووبارە کردەوە،[60] بەڵام ئەمجارە ئینگلیز بانگاشەی هەکاری دەکرد، ئەوەش بەڵگەیەکی تر بوو کە لەندەن هەوڵی دەدا هەر دەلیڤەیەک هەڵکەوێ بۆ تەناهی، ئینگلیز ناهێڵێ و لە نێوی دەبات، ئامانجی ئینگلیز لەمەدا هەر بۆ ئەوە بوو کە زەمینەیەکی لەبار بسازێنن بۆ ئەوەی کێشەکە بەرەو گۆڕەپانێکی گشتی (گۆڕەپانی نێودەوڵەتی) ببەن، چونکە ئینگلیز لەو مانۆڕەدا لەو زەنە دابوون کە لەو گۆڕەپانەدا دەتوانن مەسەلەکە باشتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

بە شێوازێکی تر، ئینگلیز خەریکی «کات بردنەسەر» بوو. ئینگلیز سەلماندیان کە سەرکەوتوون، کۆبوونەوەکانی لیوارەکانی قۆچی زێڕین بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن. هاوکات دەگەڵ ئەو کێشانەدا، تورکیا لە سنووری باشووری ڕۆژهەلات ڕووبەڕووی قەیرانی نەستۆرییەکان بۆوە. لە ١٩٢٤/٨/٧دا نەستورییەکان ڕاپەڕینێکی چەکداریان لە دەوروبەری هانگەدی بەرپا کردو دەستیان بەسەر تەواوی حامیەی ئەوێ داگرت، هەروەها پارێزگەری هەکاریان وەک بارمتەیەک گرت. ئەمەش شۆڕشێکی ئاشکرابوو. بەپێی سەرچاوەکانی تورک، هەندێ چەکدار جلی ئینگلیزیان لەبەردابووەو بەشداریان لە ڕاپەڕینەکەی نەستوریان کردووە[61].

ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا لە ٨/١٤ لە ئەنقەرە کۆبۆوە. بڕیاردرا جەعفەر تەیار پاشا دامەزرێ - دیار بکرێ- بۆ ئەوەی شۆڕشی



نەستوریەکان سەرکوت بکات، لەو کاتەدا بیرۆکەی هێرشێک بەرەو موسڵ کەلکەلەی تورکیای مژۆل کرد.

لە پاداشتەکانی جەعفەر تەیار پاشادا دەخوێنینەوە کە ئەو داوای لە مستەفا کەمال پاشا کردووە، کە تۆڵە لە ئینگلیز بکاتەوە، چونکە ئینگلیز ئاگر بەسی مۆدرۆسیان پێشێل کردووە. هێزە داگیرکارەکانی ئینگلیز بەبێ ئەوەی هیچ ئیعتبارێک بۆ هەستی خەڵکی موسڵ دابنێن، هاتنە ناو موسڵ لە کاتێکدا هێشتا عوسمانییەکان لە ناو موسڵدا بوون، ئێستا تورکەکان دەتوانن ئەوەی لە دەستیان دابوو جارێکی تر بەرێوەی ببنەوە هەروەها ئەو شۆڕشە بکەنە بە هانەیەک بۆ ئەوەی موسڵ داگیر بکەنەوە. ئەمەش دەبێتە دەلیڤەیەکی مێژوویی. جەعفەر تەیار دەڵێت:« ئەگەر ئەو لەو ئۆپراسیۆنەدا فەشەلی هێنا، ئەوا با ئەنقەرە هەموو لۆمەی فەشەلەکە بخاتە سەرشانی ئەوەوە. ئەویش ئامادەیە قوربانی بدا». جەعفەر تەیار بانگشەی ئەوە دەکات کە مستەفا کەمال وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو پاڵدەرە لەناکاوە، بە جیدی بیرۆکەی ئەو چالاکییەی پەسەند کردبوو، لە بارەی ئەوە تۆمار کراوە کەوتویەتی: بۆیە من تۆم هەڵبژارد کە ئەو کارە ئوستادییە ئەنجام بدەی،[62] بەڵام ئێمە نازانین چی وا لە مستەفا کەمال کردووە خۆی لەو هێرشە دووربگرێ. هەرچی شۆڕشی نەستورییەکان بوو، ئەوا هەر لە نێو سنورەکاندا سەرکوت کرا.

## - 12 -

## کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلان

لە ٦/ئابی/١٩٢٤دا ئینگلیز لە کۆمەڵەی گەلان نزیک بۆوەو داوای کرد پرسی موسڵ لە نێو کارنامەی سیاسی خۆیدا جێ بکاتەوە[63] (٢٢) لە یاداشتێکدا، لەندەن خەریکی زیندوو کردنەوەی ئەو وتوویژانە بوو کە لە لۆزان دەنگییان لەسەردرابوو. دوو هەفتە دوای یاداشتەکەی ئینگلیز، تورکیاش یاداشتی خۆی بە کۆمەڵەی گەلاندا. ئەوەی شایانی سرنج دانە گۆڕانی هەڵوێستی ئینگلیز بوو سەبارەت بە کێشەکە. پێشتر بەلای ئینگلیزەوە کێشەکە بریتی بوو لە چارەنووسی ناوچەکە، بەڵام ئەوسا هەروەک لە وتوویژەکاندا دەردەکەوێ، مەسەلەکە لەدیدی ئینگلیز ببووە مەسەلەی دیاریکردنی سنووری عێراق! هەرچی تورکیا بوو پێدەچوو سوور

بێ لەسەر مسۆگەرکردنی مافی خەڵکی موسڵ لە بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی نیشتمانیدا. لەو ڕوانگەوە، ئەنقەرە جارێکی تر سووربوونی خۆی ڕاگەیاند لە بارەی دەنگدانێکی گشتییەوە.

سەرەتا کێشەکە نێردرا بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی گەلان لە پاشان بۆ کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی. لە کاتێکدا خۆ ئامادەکردن بۆ تەناهی نێودەوڵەتی دەستی پێکرد بوو، ئەنقەرە بێزاری خۆی لە بارەی هێرشە ئاسمانییەکانی هێزی ئینگلیز بۆ ناوچەی کێشە لەسەر دەربڕی [64].

کۆمەڵی گەلان لە ژێر گوشاری ڕەوشەکەدا پێشنیاری «شەڕ ڕاگرتنێکی کاتی» کرد، هێڵی برۆکسل - هەروەک بەو ناوە ناونرا، دیارکرا.

ئەو هێڵە لە باکووری سنجاقی سلێمانییەوە تێ دەپەڕێ، هێڵەکە ڕووبەرێکی کورتی زەوی و هەکاری بۆ تورکیا دەهێشتەوە.

پاش ئەوە کۆمیتەی لێکۆڵینەوە دەیتوانی دەست بکات بە لێکۆڵینەوەکانی، کاونت تەلەکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەنگاریا، دی ویرسێنی باڵیۆزی سوید لە بوخارست و کۆلۆنیل پۆلسی کۆنە ئەفسەری سوپای نەرویجی لە١٣/١١/١٩٢٤دا لە جنێڤ کۆبوونەوە. لە پاشان لە لەندەنەوە بەرەو ئەستەنبوڵ و بەغدا بەرێکەوتن، دوا هەوارو جێگەی مەبەستیان موسڵ بوو، کاتێک کۆمیتەی لێکۆڵینەوە دەستی بە لێکۆڵینەوەکانی کرد ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەکانی ئینگلیز بۆوە.

پێش هەموو شتێ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز نارەزایان دەربڕی کە چۆن دەبێ نازم و کەریم فەتاح لەگەڵ شاندی تورکی دابن.

بیانووی ئینگلیز بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوەبوو، کە هەریەک لەو دووە بە ئەسڵ خەڵکی موسڵن، هەروەها هەردووکیان داواکراون لەلایەن ئیدارەی حکومەتی عێراقەوە [٢٣].

لە نەزەری ئینگلیز ئەو دووانە ئاشتی لە بەین دەبەن، هەر بۆیە دەبێ داوایان لێ بکرێ بەشداری نەکەن لەگەڵ شاندی تورکیدا [65].

دووەم ئینگلیز وەک موناوەرەیەک هەندێ مەرجی سەپاند بوو بە سەر بەشداربووانی تورکیدا، ئینگلیز بانگاشەی ئەوەی دەکرد کە دەسەڵاتدارانی عێراق ناتوانن گەرەنتی پاراستنی ژیانی ئەو کەسانە بدەن.

بێهوودەیی دووەم درۆ و دەلەسەکانی ئینگلیز ئاشکرا بوو کە مەسەلەکە وا نییە، چونکە شاندەکە بەرەو هەر شوێنێ هەنگاوی بهاویژتبا ئەوا



جەماوەری شوێنەکە بە نووسراوی «بژی تورکیا» پێشوازیان لێ دەکردن.

بەڵگەنامەکان شاهێدی ئەوە دەدەن کە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی کۆمیتەکە بێتە موسڵ خۆیان بۆ چەواشەکردنی ئیرادەی میللی خەڵکی موسڵ ئامادەکردبوو.

فەیسەڵی پادشای عێراق، گەشتێکی بۆ میسۆپۆتامیای سەروو کردبوو، هەروەها ئەو ویلایەتانەی کە باوەڕ دەکرا دژی فەیسەڵ بن ئەوا وەک بەشێک ئیجرائاتی تەمبێ کردن بە هێزی ئاسمانی بۆمباباران کران.

ئێدمۆندز - کە ببووە ئەفسەری سیاسی- ئەوسا کرابووە ئەندامێکی شاندی ئینگلیز بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی موسڵ. لە یاداشتەکانیدا ئیدمۆندز دان بەوە دەنێ کە هەوڵی ئەو بۆ ئەوە بووە مەسەلەکە بە بەرژەوەندی ئینگلیز و عێراق یەکلابکاتەوە.

ئینگلیز توانیبووی کۆنترۆڵی پۆلیسی ناوخۆ و دام و دەزگاکانی ناوخۆ بکات، ئیدمۆندز ڕاستگۆیانە دەڵێت: «ئێمە لە ڕەوشێک دابووین دەمانتوانی گوشار بخەینە سەر هەموو بەشەکانی دانیشتوان، ئێمە دەمانتوانی بگەینە هەموو زانیارییەکی باوەڕپێکراو کە پێویستمان پێ بوو بۆ ئەوەی لە وتووێژەکاندا لایەنی بەرانبەر قەناعەت پێ بێنین[66].

عێراق هەر تەنیا ئەوەندە ئیجرائاتانەی نەکردبوو، بەڵکو حکومەتی ناوەندی فەرمانێکی دەرکرد و چەند کۆمیتەیەکی بەرگریی نیشتمانیان پێکهێنا بۆ ئەوەی پرۆپاگەندە بۆ دۆزی ئینگلیز بکەن.

هەندێ تەلەگرامی دەستکرد بەسەر «کۆمیتەی لێکۆڵینەوە» باراندران، هەندێ ڕێپێوان و خۆپیشاندان سازدران، بەڵام کۆمیتەکە بۆی دەرکەوت ئەو کردارانە چەند دەستکردن، هەروەها بە زەبری هێز و بەزۆر بە خەڵک کراون، دەسەڵاتدارانی بەغداش ئەو تەرزە کارانەیان واز لێ هێنا.

کۆمیتە زنجیرە سێرڤییەکی لەگەڵ دانیشتووانانی ناوچەکەدا کرد.

بەر لەوەی کۆمیتەکە دەست بە چاوپێکەوتن و دیدارەکانی بکات لەگەڵ خەڵکدا، حکومەتی عێراق چەند لیستێکی ئامادەکراوی ناوەکانی بە کۆمیتەکە دا. بانگاشەی تورکان لەو بارەیەوە بە درۆ خرایەوە یاخود ڕەتکرایەوە کە عێراق شتی وای کردبێ، لەمەش زیاتر ئەندامەکانی ئینگلیز لە کۆمیتەکەدا لۆبی زۆر پسپۆر بوون، «پۆلس» زۆر جار گلەیی دەکرد کە ئیدمۆندز بۆتە سێبەری ئەو لەگەشتەکانیاندا.

بەخت، یاری تورکەکان نەبوو، چونکە لەلایەک کاونت تەلەکی، کە

وادیار بوو نزیکتر بێ لە گریمانەکانی تورکی، نەخۆش کەوت و کەوتە نەخۆشخانە.

دووەم زستانێکی ناخۆش ناوچەکەی گرتەوە و بەفرێکی زۆر موسڵی داگرت، لە نێو ئەو کەش و هەوا نەیارەدا، نەدەکرا بەناو سەراپای وڵاتدا بگەڕێی. جارێکی تر ئەگەر بێتو باوەڕ بە قسەکانی ئیدمۆندز بکەین، ئەندامانی کۆمیتەکە خوا خوایان بوو چەندی زوو پێیان دەکرێ کۆتایی بە ئەرکەکەی خۆیان بێنن و بگەڕێنەوە ئەوروپا.

لە کۆتایی، کۆمیتە لە ١٦/تەمموزدا ڕاپۆرتێکی (٩١) لاپەڕەی ئامادەکرد و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانی کرد.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەگەری هەردوولای ناکۆک بە نەزەر ئیعتبار وەرگیرابوو ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکە کە دیراسەی لایەنی جوگرافی و مێژوویی و سیاسی و ئابووری ناوچەکەی دەکرد بە دیقەت و چاودێرییەوە پەیڕەوکران، بەڵام هەرچی مەسەلەی دەنگدان بوو، بڕیار درا نەکرێت.

کۆمیتەکە لەو باوەڕەدابوو کە ناتوانرێ پرۆسەی لێکۆڵینەوە بۆ وەرگرتنی ڕای گشتی هاوچەرخ لە نێو گەلی «بدائی»دا جێبەجێ بکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپۆرتەکە بە ڕوونی و ڕاشکاوی دان بەوە دەنێ کە ئەگەر بێتو ئەنقەرەش داوای ئەوە نەکات کە موسڵ دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی قەزائی تورک، ئەوا عێراقیش هیچ مافێکی سیاسی بەسەر هەرێمەکەدا نییە، بەڵام دەبێ عێراق گەرەنتی ئاسایشی سنوورەکانی بەدەست بێنێ (٢٤)، لە دەقی قسەکاندا دەفامرێتەوە کەترسی عەرەب دەبوو دەرک پێ بکرێت.

هەر لەبەر ئەو حەساسیەتە، عێراق پەیمانێکی لەگەڵ ئینگلیزدا مۆرکرد، لەمەش زیاتر عێراق کەوتە ژێر نیزامی ئینتدابەوە وەک کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەردا کە ئەمەش یەکەم و گرنگترین ڕاستی بوو کە شیمانەی ئەوەی لێ دەکرا کار لە چارەنووسی ئایندەی موسڵدا بکات.

ئەگەر بێتو بەراوردی ڕەوشی موسڵ لە پێش شەڕدا لەگەڵ زەمەنی ئینتدابدا بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەوشی موسڵ لە قۆناغی ئینتدابدا لە ڕووی ڕەوشی ئابوورییەوە باشتر بووە.

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە وێڕای هەموو هەوڵ و کۆششەکان ، عێراق هێشتا ناتوانێ ئاشتی و تەناهییەکی ئاوا لە نێو سنوورەکانیدا فەراهەم بێنێ، چونکە ئاشوبێکی بەردەوام لە نێوان (شیعە



و سوننە) و (عەرەب و کورد) لە ئارادایە.

ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە موسڵ لە ڕووی ئابوورییەوە سوودێکی زۆری دەبێ ئەگەر ببێتە بەشێک لە عێراقی ژێر ئینتداب، بەڵام لە قۆناغی پاش ئینتداب، نووسەرانی ڕاپۆرتەکە دان بەوە دەنێن کە لە ڕووی سیاسییەوە موسڵ وڵاتێکی سەقامگیرتر دەبێ لەژێر حوکمی تورکاندا.

سەبارەت بەدژە ویستی مەیلی دانیشتوانەکانی ناوچەکەوە ئەوا ڕاپۆرتەکە دان بەوە دەنێ کە ئەوان نەیاندەتوانی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە نێویاندا بەدی بکەن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەتا عەرەبە ناسیۆنالیستە پارتیزانەکانیش کە لەسەر بنەمای ئابووری، داکۆکییان لە لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە کرد، ئەوا دەخوازن پاش نەمانی دام و دەزگای ئینتداب بگەڕێنەوە ژێر سەروەریی تورکی.

سەرەڕای ئەو هەموو ئەنجامانەش کۆمیتەی لێکۆڵینەوە «دابەش کردن»ی بە پەسەند تر زانی و هەردوو شاندی تورکی و عێراقیش (ئینگلیز) بەو بڕیارە ڕازی بوون(67).

وا پێدەچوو کە کۆمیتەکە گومانی لە دابەش کردنێکی شیاو دەکرد بە جۆرێک کە لەسەر بنەمای دوا ڕێککەوتنی هەردوولای ململانێیەکە دامەزرابێ، هەر بۆیە لەلای خۆی تەواوی کردارێکی ئاوهای بە یەکجاری لەنێو نەبرد.

## - 13 -

## شۆڕشی شێخ سەعید و کاریگەرییەکەی

لە کاتێکدا پرسی موسڵ لە کۆمەڵەی گەلان وتووێژی لەسەر دەکرا، ئەنقەرە چەند ڕاپۆرتێکی هەواڵگری بەدەست دەگات کە خێڵەکان خەریکن شۆڕشێکی سەرتاسەری لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەرپا بکەن.

هەر چەندە ئەو بەڵگانەی بە «دادگاکانی سەربەخۆیی» – کە لە پاش ڕووداوەکە دامەزرابوون – گەیشتبوون ئەوە ساغ دەکەنەوە کە سەید عەبدولقادر سەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینەی کردبێ، بەڵام لە مێژووی تورکدا ئەو ڕاپەڕینە دەدرێتە پاڵ شێخ سەعید و ناسراوە بە شۆڕشی شێخ سەعید.

نووسەرە تورکەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید لەسەر شێوازی شۆڕشەکەی (شەریف حوسێن)ی حیجازبووە کە لە ساڵی ١٩١٦دا ئاڵای شۆڕشێکی چەکداری لەدژی دەسەڵاتدارانی تورکدا بەرزکردبۆوە.

شۆڕشەکەی شەریف حوسێن (کە بە شۆڕشی عەرەبی ناسراوە) ئەو کاتە بەرپابوو کە شەریف حوسێن پاڵپشتی ئینگلیزی بەدەست هێنابوو (٢٥)(68).

نەزەری تورکەکان بۆ ڕووداوەکە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ئینگلیز هەم هانی کوردەکانی دابێ بۆ شۆڕش هەم بەڵێنی پاراستنی دامەزراندنی میرنشینێکی کوردی پێشنیارکراوی بە کوردان دابێ.

هەروەها تورکەکان باوەڕیان وایە کە ئینگلیز لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە پاڵپشتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی کردبێ.

بە پێی زانیاری دادگاکانی سەربەخۆیی مێژووی هەڵایسانی شۆڕشەکە ساڵی ١٩٢٦ی بۆ دانراوە، بەڵام ئەنقەرە پێشوەخت - بەر لەوەی ڕووداوەکە ڕووبدات - نەیهێشت بگاتە ساڵی هەڵایسان.

لە ترسی ئەوەی ئەنقەرە چوار دەورەی هێزەکانیان بدات، شێخ سەعید بەرەو گوندی پیران چوو کە برایەکی لێ دەژیا. گاڤێک سوپای تورک گەیشتە پیران داوای لە شێخ کرد کە لەبەردەم دادگای سەربازیدا ئامادەبێ، شێخ بەبێ دوو دڵی کردن لە پشتەوە تەقەی لە سوپای تورک کرد، بەم جۆرە دوژمندارییەکە ئاشکرابوو.

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی ڕکابەری چەکداری هەموو ناوچەکە بگرێتەوە، خێڵەکانی بۆتان، مەستانا، تاڤاس و سیلڤان بەرانبەر بە سوپای تورک ڕاپەڕین. لە دووی شوبات ئەلەز- ئەلعەزیز- داگیرکراو ئەویش چووە پاڵ شوێنەکانی تر وەک موش و ڤارتۆ و ئەرگانی.

یاخیبووەکان لەسەر ئۆپراسیۆنەکانیان بەردەوام بوون بەرەو ئەرزەرۆم (لە باکوور) و دیار بەکر (لە باشوور).

ئەنقەرە جاری ئەحکامی عورفی - ڕەشبگیری - دا، پاش چەند وتوویژێکی سیاسی، عیسمەت پاشا بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا.

پاش ئەوەی تورکیا شۆڕشەکەی سەرکوت کرد شێخ سەعید و سەید عەبدولقادر و هاوەڵەکانیان درانە دادگاکانی سەربەخۆیی و لە ئاکامیشدا



هەموو لە سێدارەدران (٢٦).

لێرەدا پرسیارێ خۆی دەسەپێنێ ئەویش ئەوەیە: شۆڕشەکەی شێخ سەعید تا چ ئاستێک کاریگەری لەسەر ململانێی ئینگلیز و تورکان هەبووە سەبارەت بە موسڵ؟

هەر چەندە کاتێکی بەرچاو بەسەر شۆڕشەکەدا تێ پەڕیووە، کەچی هێشتا مێژوونووسان لە بارەی سروشتی شۆڕشەکەوە دەدوێن.

ئەوەی پەیوەست بێ بە ئێمەوە ئەوەیە کەساغی بکەینەوە ئایا بێگانە لە پاڵ ئەو شۆڕشەدا بووە، ئەگەر هەبووبێ، ئەوا تاچ ئاستێک بووە، بۆ ئەوەی هەندێ سوودی سیاسی سەبارەت بە مەسەلەی موسڵەوە بەدەست بێنن؟!

یەکەم، مێژوونووسانی تورک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئینگلیز، فەرەنسای ڕازی کردووە کە گوشار نەخاتە سەر سوریا - هەروا ئینگلیز دەوری خۆی هەبوو کە دەسەڵاتی ئینتدابی فەرەنسی لە سوریا ڕێ بە تورکان نەدات سوپای خۆیان لە ڕێگای ئاسنینی سوریاوە بگوازنەوە (٢٧).

دووەم: تورکەکان هەندێ کەلوپەلی سەربازی (تەقەمەنی)یان گرت لەسەری نووسرابوو «کوردستان» ئەو کەلوپەلانە لە بەریتانیاوە وەک بەڵگەیەک ناردرابوون بۆ ئەوەی دەوری لەندەن دەربخەن لە هاندانی کوردان دژ بە تورکان. قورقورلو، لە کتێبەکەیدا.

جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیادا هۆکارێکی گرنگی بەرپابوونی شۆڕشی کورد بووە. نووسەر بۆچوونەکەی خۆی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵچنیووە کە ئیسلام بە هۆی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەورێکی زۆر گرنگی هەبووە لە کۆکردنەوەی کوردو تورکان لە ئەنادۆڵدا(69). بۆیە لە ڕوانگەی ئەو نووسەرەوە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت هەر تەنیا کاریگەری لەسەر ڕەوشی ناوخۆی ماڵی تورکیا نەبووە، بەڵکو دەورێکی گرنگیشی هەبووە لە لاوازکردنی گفتوگۆی تورک لەمەڕ موسڵەوە؛ چونکە لە موسڵ کوردێکی زۆر هەبووە. چ لە موسڵ چ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا کوردەکان وەفادار بوون بۆ خەلیفە، هەروەک شێخ سەعید خۆیشی لە دادگاکانی سەربەخۆییدا جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردەوە.

قورقولو- لەڕێگای بەڵگەنامەیەکی بەریتانییەوە، دەڵێت کاتێ ئەفسەرانی ئینگلیز هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتیان گوێ لێ بوو

باوەڕێکیان لا دروست بوو کە تورکەکان «با» لە پاپۆڕەکانی خۆیان دەگرن و بەو کارەشیان خزمەتێکی باوەڕ نەکراو بە ئینگلیز دەکەن [70] .

بۆچی تورکیا دەست بەرداری ئەو چەکە گرنگە (خەلافەت) بوو کە دەیتوانی لە دژی ئینگلیز سەبارەت بە مەسەلەی موسڵەوە بەکاری بێنێ؟!. دەبێ لەبەر ئەوە نەبێ کە مستەفا کەمال ترسی ئەوەی هەبووبێ کە ئەو چەکە لە پشتەوە لێی بدات؟![٢٨] یەکێتیی ئیسلامی، کە لەژێر چادری خەلافەتی ئەستەنبۆڵدا کاری پێ کرا بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێ، هەر لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) وەک هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی سەلامەتی یەکێتی ئەتنیکی گەلانی موسڵمانی نێو ئەمپراتۆریەت بپارێزێ. هەروەهالە هەمان کاتدا، بەشێوەیەکی بەرفرەتر لەسەردەمی ئیتحادیەکانیشدا (١٩٠٨-١٩١٨) ئاڵای ئیسلام وەک هەڕەشەیەک لە دژی دەسەڵاتی ئەو ئەوروپیانە بەکاردەهێنرا کە وڵاتی موسڵمانیان داگیر کردبوو، لە کاتی جەنگی جیهانیشدا، ئەوا جیهاد بە هەمان هیوای پێشوو جاڕی بۆ دەدرا بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو هێزە رۆحییە لە ئەرزی واقعیدا بە کردەوە بەرجەستە بکرێ. ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو نووسینەن، بەڵام مستەفا کەمال پێی باشتربوو لە ڕووی دپلۆماسییەوە پشت بە دین نەبەستێ- بە واتای دین نەکاتە هۆکارێک بۆ یەکێتی تورکیا بەهانەشی بۆ ئەو هەڵوێستەی ئەوەبوو، چونکە ئەو دەیدیت کە چۆن ئینگلیز مەغزای دینی لە شۆڕشەکەی شەریف حوسێندا بەکاردەهێنا، هەروەها ئەو دەیبینی کە چۆن ئینگلیز زۆری لە سوڵتان دەکرد فەتوایەک دەربکات بۆ لە ملدانی ئەو لە کاتی خەباتی نیشتمانی لە ئەنادۆڵدا، لەمەش زیاتر کیرزۆن لە لۆزان ئاماژەی بە مەسەلەی کەمایەتییە موسڵمانەکان دەکرد. ئەمەو بەریتانیا هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە مەبەستی پارچە پارچە کردنی ئەمپراتۆریەتی عوسمانی، داکۆکی لە مافەکانی کەمایەتییە ناموسڵمانەکانی ناو ئەمپراتۆریەت دەکرد، دەبێ مستەفا کەمال لەوە ترسابێ کە ئینگلیز ئەوسایش هەمان ستراتیژیەت بەرانبەر موسڵمانەکان بەکاربێنێ. دەکرێ لەندەن دام ودەزگای خەلیفەی وەک هێزێ بەکارهێنابێ هەر تەنیا بۆ ئەوەی توانای ناسیۆنالیستەکان تاقی بکاتەوە؟ هەروەک دواتر دەردەکەوێ کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت کاریگەرییەکی هەبووە، ئەمیر عەلی و ئاغا



خان وەک دوو ئەڵقە لەگوێی هندی لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، نامەی هۆشدارییان بۆ ئەنقەرە ناردووە، ئالێرەدا دەبێ مستەفا کەمال تەواو قەناعەتی بە تێگەیشتنی بەرایی خۆی هێنابێ کە نیزامی خەلافەت بۆتە ئامێرێکی سیاسی و یەکێتی دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە دەبێ مستەفا کەمال وای دانابێ کە تا چەند ئینگلیز کۆنترۆڵی وڵاتی موسڵمانان بکات، ئەوا دامو دەزگای خەلافەت دەکاتە بەهانەیەک بۆ دەست تێوەردانی سیاسەتی ناوخۆیی تورکیای نوێ.

ئەمەش، لە دیدی ئەودا، هەڕەشەیەک بوو لەسەروەری نیشتمانی تورک دەکرا. ڕێگا چارەیەکی ئاوا، دەکرێ بە یەکجاری کۆتایی پێ بێ، هەر لەسەر ئەو بنەمایە، مستەفا کەمال خەلافەتی هەڵوەشاندەوە![71].

هەروەها قۆرقۆلو ئەم پرسیارە دەکات: ئاخۆ سەبارەت بە ئینگلیز، هەڵایسانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید هاوکات بوو دەگەڵ ململانێ لەسەر کێشەی موسڵ یان نەء؟

لەگەڵ ئەوەشدا، قورقولو دەڵێت، کە ئەو نەیتوانیوە بەڵگەنامەیەکی تایبەت لەسەر دەست تێوەردانی ئینگلیز لە ئەرشیفی بەریتانی (فەرمانگەی تۆماری گشتی) بدۆزێتەوە[72]. هەروەها ئێمەش لە کاتی لێکۆڵینەوەکانماندا لە هەمان مەڵبەندی تۆماری ئەرشیفی بەریتانیدا نەمانتوانی بەڵگە نامەیەک بدۆزینەوە پێشنیاری دەست تێوەردانی ئینگلیز لە شۆڕشەکەدا بکات.[٢٩] دەکرێ ئەو بەڵگەنامانە لەنێو بردرابن؟! ڕاستە، ئینگلیز هەر لەسەر دەمی ئاگربەسەوە پشتی بە جوداخوازانی کورد بەستووە. هەتا ئارنۆلد تۆینبی لەو بارەیەوە دەنوسێ: ئەگەر هەر لە بەرایی داگیرکردنی موسڵەوە ئینگلیز دەوری لە پێگەیاندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوچەکە و هەتا ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵییش هەبووە دەبێ ئینگلیز پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ کورداندا نوێ کردبێتەوە؟[73] یان دەبێ کورد جارێکی تر ڕاپەڕینێکی چەکداری بکەنەوە بەو هیوایەی کە ئینگلیز بەردەوام بێ لە پاڵپشتی کردنیان هەروەک چۆن پێشتر پاڵپشتی کردوون؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامەیەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو لێکدانەوە سەرنجڕاکێشە دەبێ:

لەندەن گومانی ئەوەی هەبووە کە لەوانەیە شۆڕشەکەی شێخ سەعید بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستکردی تورکان بێ! لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە

مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٢٥/٣/٤داهاتووە: وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز بانگاشەی ئەوە دەکات کە ئەنقەرە هیچ نەبێ سێ هۆی هەبووە بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی شێخ هەڵبگیرسێنێ[74].

پێش هەمووشتێ، شۆڕشگێڕان بە مەبەستی سەرەکی «ڕزگارکردنی براکانیان لە موسڵ» دەتوانن بە ئاسانی لە سنوور بپەڕنەوە. ئەگەر ئەو ئۆپراسیۆنەش سەرکەوتووانە کۆتایی پێبێ، ئەوا بۆ تورکەکان دەلیڤەیەکی باش دەرخسێ بۆ ئەوەی بتوانن دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن.

**دووەم:**

هەروەها دەکرێ شیمانەی ئەوەش هەبێ کە کوردەکانی عێراق ئەو شۆڕشە سەرکەوتووەی تورکیا وەک بەهانەیەک بەکاربێنن بۆ یەکگرتنەوەیەکی سیاسییانەی هەموو کوردان لەژێر ڕاسپاردەی ئەنقەرەدا. «بەواتای ئەنقەرە هانی کوردەکانی تورکیای دابێ شۆڕش بکەن بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشە بکەنە بیانوێک بۆ وەرگرتنەوەی ویلایەتی موسڵ» هۆکارێکی دی ئەوەبوو کە تورکەکان دەتوانن ئەو شۆڕشە بکەنە بەهانە بۆ کۆکردنەوەو مۆڵدانی سوپا لەسەر سنووری عێراق.

شتێکی ئاشکرابوو کە هەروەک لە ناوەڕۆکی ڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی پێشتر دەبینرێ، نیگەرانیی ئینگلیز لەو بارەیەوە هەموو بێ بنەچەبووە. هەرچەندە ئەنقەرە لە دەسپێکی خەباتی نیشتمانیدا پەیوەندی نزیکی لەگەڵ لایەنگرانی تورک لە موسڵدا هەبوو، هەروا ئەنقەرە هەتا هاوکاری چەکدارانەی دەکردن لە دژی دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیز، بەڵام هەوڵ و تەقەلاکانی کاربەدەستانی ئینگلیز بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەکەدا بوون وەک هەواڵگری سیاسی: سۆن و نۆئیل کە دەوری خۆیان بینی لە لاوازکردنی ئەو یەکێتییەدا، نابێ بەکەمی تەماشا بکرێت بە واتای هەوڵ و تەقەلاکانی سۆن و تۆئیل لە درز خستنە پەیوەندی تورک و کوردا کاریگەری خۆیان هەبووە.

قورقولو بانگەشەی ئەوە دەکات: بە حوکمی ئەوەی حکومەتی ئینگلیز بەرژەوەندی گشتی لە کێشەی کورد دا هەبوو، بۆیە لەندەن لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکەی دەکرد ئەگەر پاڵپشتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدیشی نەکردبێ؟! لە کاتێکدا کە ململانێ لەسەر مەسەلەی موسڵ چاوەڕێی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بوو، سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئاوا، کە لە ناوچەیەکی بەرتەنگدا گەمارۆ درابوو، ئەگەر هیچ دەرفەتێکی بۆ



سەرکەوتنی هەوڵی جوداخوازانەی کوردی فەراهەم نەهێنابێ، ئەوا هەندێ سوودی سیاسی بۆ ئینگلیز هەبووە، ئەگەر بتوانرێ ئەوە، پێشان بدرێ کە کوردەکانی تورکیا لە دژی دەسەڵاتی تورکیا (ئەنقەرە) بێزاریان دەربڕیوە، ئەوا لە هەمانکاتدا تورکەکان داوای موسڵ- یان دەکرد و دەشیانزانی کوردێکی زۆر لە موسڵ دەژین، ئەو هەڵوێستەش بە ئاسانی دەبووە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستی تورکەکان[75]؟!

لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا - کەلە ١٦/١٠/١٩٢٤دا نووسراوە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کەچۆن حکومەتی ئەنقەرە خەریک بووە هەندێ زێدەماف بە کوردانی ئەنادۆڵ بدات بۆ ئەوەی ئەو کارەی ئەنقەرە ببێتە ئاماژەیەک بۆ کوردەکانی موسڵ، کە ئەنقەرە هیوای پێیان بوو هەڵوێستێکی چاک بنوێنن لە بەرانبەر تورکیا سەبارەت بەکێشەی موسڵ. بە گوێرەی بەڵگەنامەکە ئەوا کۆنگرەیەکی تورکی -کوردی لە دیاربەکر- باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ- لە یەکی ئابدا بەستراوە. لە کۆنفرانسەکەدا هەوڵ درابوو چوارچێوەیەک بۆ ئۆتۆنۆمی کوردان لە ناوچەکەدا دابین بکرێ. لێبووردنی گشتی، تەرخان کردنی سندوقێکی تایبەت لە بودجەی نیشتمانی (بۆ کوردان) لابردنی باج بۆ ماوەی پێنج ساڵان، دووبارە دامەزراندنەوەی دادگاکانی شەریعە، باوەڕ دەکرا ئەمانە لەو زێدە مافانە بووبن کە حکومەتی ئەنقەرە بۆ کوردان ئیمزای کردبوو هەم پەیوەست بێ پێیان. لەبەرانبەر ئەوەدا، ئەو کوردانەی لە تورکیا دەژین بەڵێنیان دابوو کە قورسایی خۆیان (وەک هێزێک) بخەنە پاڵ حکومەتی ناسیۆنالیستی تورکیا سەبارەت بە کێشەی موسڵ.

بەڵام پێش ئەوەی ئەو «یاسایانە» مۆری پەرلەمانی تورکی بە خۆوە ببینن، شۆڕشەکەی شێخ سەعید قەوما[76].

سوودێکی تر کە حکومەتی ئینگلیز لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی بەدەست هێنا ئەوەبوو ڕووداوەکە لە نێو سنووری تورکیا بوو، تورکیا تووشی شەڕێکی ناوخۆ بوو ئەمەش وای کرد کە تورکیا نەپرژێتەسەر هیچ مانۆڕێک لە دژی ئینگلیز لە میسۆپۆتامیای سەروو. تورکیا لە نێو سنوورەکانی خۆیدا تووشی بە تووشی ململانێیەکی ئەتنیکی (تورکی- کوردی) ببوو ئەمەش وای لە تورکیا کردبوو کە لەڕووی عەسکەری و دیپلۆماسییەوە نەشێت بەرەیەکی توند لە بارەی مەسەلەی موسڵەوە پێک بێنێ. لە نێو ئەو بارودۆخەدا، قورقولو دەڵێت" بەریتانیا بەرژەوەندییەکی

تایبەتی لەو ململانێیە ناوخۆیانەی، کە لە سنورێکی بەرتەنگدا بەرپادەبن هەبوو، چونکە لەندەن دەرکی بەوە کردبوو کە ئەو جۆرە «شۆڕشانە» لەندەن واپیشان دەدەن کە ئەوخۆی دەوور دەگرێ لە «تووش بوون» و «دەست تێکەڵ کردنی» هەرکاتێکیش شۆڕشەکە لەسەر ئەرزی واقعیدا ڕوویدا ئەو هەوڵ دەدات هیچ ئاماژەیەک بۆ پشتگیری کردن نیشان نەدا. لەندەن سەبارەت بەشۆڕشەکەی شێخ سەعید ئەو هەڵوێستەی سەرەوەی هەبوو کە هەر لە دوورەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دەڕوانی، هەموو ڕووداوەکانیش لە بەرژەوەندی ئەو دابوون، چونکە هەرهیچ نەبێ دەبوونە هۆی زێتر کێشە دروست کردن بۆ تورکەکان و لاوازکردنی هەڵوێستیان لەبەرانبەر کێشەی موسڵ. «قورقولو» لەو باوەڕەدا بوو کە لەوانەیە سیاسەتی ئینگلیز لەبارەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدەوە گۆڕانی تێکەوتبێ. شیمانەی ئەوەش هەیە کە ئینگلیز هەڵوێستێکی لایەنگرانەی یەکێتی تورکیای نواندبێ، چونکە زەنی وابووە کە لەوانەیە ڕوسیا ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی تورکیا بقۆزێتەوەو بەرەو ناوچەکە پێشڕەوی بکات(77). بەمجۆرە دەکرێ گومانی ئەوە بکرێ کە لەندەن زیاتر مەیلی بەلای ئەوە دابووە کە کارێکی وا بکات تورکیا لەبری ئەوەی گرنگی بە موسڵ بدات خەریک بێ بە باشووری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵەوە. بە شێوازێکی تر لەندەن نەیدەویست مەرگی تورکیا ببینێ، بەڵام وای پێ چاک بوو کە تورکیا تووشی خوێن لەبەر ڕۆیشتن ببێ و لە ئاکامیشدا ئەنقەرە بێ هێز دەبێ و ناتوانێ چی تر سیاسەتێکی کاریگەر لەسەر ئاستی دەرەوە دەربارەی کێشەی موسڵ بنوێنێ.

ئەگەر بەریتانیا هیچ کاتێ پاڵپشتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی کردبێ ئەوا لە پەنا پەردەوە ئەوەی کردووە بۆ ئەوەی دەستتێوەردانی خۆی بشارێتەوە. هەر لەو پێودانگەوە، ئینگلیز نەیدەویست جڵەوی ڕووداوەکانی لەدەست دەربچێ و شۆڕشەکە ببێ بە یاخی بوونێکی سەرتاسەری لە تورکیادا. لێرەدا، مرۆڤ کەڵکەڵەی ئەوە دەکات کە لەندەن یارمەتی یاخیبووانی دابێ، هەر ئەو کەلکەلەیەش وای لە کوردان کردووە کە ڕاپەڕن، لەدەستپێکدا لەندەن هەوڵ و تەقەلای داوە کوردەکان لەدژی تورکیا یاخی بن، هەروەها دەکرێ یارمەتی عەسکەری یان سیاسیشی دابن، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیز دڵنیا بووە کە تورکیا دەتوانێ بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵ ببێ، یارمەتی لە کوردان کەم کردۆتەوە.

لەمەش زیاتر هەریەک لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، هەروەها



شۆڕشەکەی شێخ سەعید بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر لاوازکردنی ئەگەرەکانی تورکی لە سەر مەسەلەی موسڵ. ئەگەر ئەلتەرناتیڤی دووەم وەربگرین و گریمانی ئەوە بکەین کە لە بەراییدا، بەریتانیا هیچ پەیوەندی بە شۆڕشەکەوە نەبووە، ئەوا لێرەدا، دەبێ لەندەن بە هەریەک لە ئەنقەرە و کوردانی ڕاگەیاندبێ کە ئینگلیز لە پاڵ ئەو هەموو چالاکییە جودا خوازانەدا بوون، کاتێ شۆڕشەکەی شێخ سەعید ڕوویدا، بەریتانیا هەر یەکسەر سیاسەتی «چاوەڕێ کەو ببینە»ی پەیڕەو کرد. هەروەک قورقولو باوەڕی وا بوو کە ئینگلیز هەر بەردەوام دەبێ لە پشتگیری کردنی وێرانکردنی وڵاتەکەیان هەروەک چۆن لەندەن کاتی خۆیشی هەمان سیاسەتی لە بەرانبەر دۆزی نەستورییەکاندا پەیڕەوکرد. ئەمەش لەوانەیە وەڵامێکی بنەڕەتی لەخۆ گرتبێ بۆ تورکەکان کە ئەوان «ئینگلیز» دەتوانن ئەو یاخی بوونانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن. بە واتایەکی تر، ئینگلیز ئەو یاخیوونانەی دەقۆزتەوەو وەک وەرەقەیەک بەکاری دەهێنان بۆ ئەوەی پێشگری لە پێشڕەوی تورکەکان بەرەو موسڵ بکات و نەهێلێ هەوڵەکانی تورک سەربگرن سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەرێمەکانی وڵاتەکەیان. ئەمەو لەو کاتەدا ئینگلیز بە تەواوی خۆی لە کوردە جوداخوازەکان دوور خستبۆوەو فەرامۆشی کردبوون.

هەروەک چۆن پێشتر لە کۆنفرانسی لۆزان پشتی لە ئەرمەنییە شۆڕشگێڕەکان کرد، ئەمەش شتێکی ناوازە نەبووە، چونکە ئەو جۆرە سیاسەتە بەشێک لە میسۆدۆلۆژیەتی سیاسەتی ئەمری واقیعی ئینگلیزی پێک دەهێنا. بەم جۆرە بە حوکمی ئەوەی تورکەکان نەیانتوانی تاکە بەڵگەیەکی کۆنکرێتی بدۆزنەوە کە پاڵپشتی ئینگلیز بۆ کوردان بسەلمێنێ، بۆیە خۆیان دوور گرت لە هەر چالاکییەکی سەربازی لە دژی ئینگلیز بەرەو موسڵ. ئەگەر تورکەکان هیچ پلانێکیان دانابێت هەروەک لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز، ڕۆژی ١٩٢٤/٣/٤دا هاتووە، ئەوا ئەوان لەژێر ئەو بارودۆخەدا هیچ پێشڕەوییەکی تر ئەنجام نادەن، چونکە هەر پێشڕەوییەک لە نەزەری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، کاریگەری خراپی بۆ تورکەکان دەبوو، بە جۆرێک لەو ڕەوشەدا تورکەکان بە هێزێکی هێرشکار ناو زەد دەکران. سیاسەتی ئینگلیز لە سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیددا وەک زەبرێکی دیپلۆماسی سەرکەوتوو لە مێژوودا دەنوسرێ کە لەدژی ئەنقەرە لە بارەی مەسەلەی موسڵەوە پیادە کرا.

## - 14 -

## ململانێی زیاتر لە نێو کۆمەڵەی گەلاندا

پاش ئەوەی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد، ئەنقەرە لە ١٩٢٥/٧/٢٣ لە داوایەکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان، بانگەشەی ئەوەی کرد کە کاربەدەستانی ئیدارەی ناوخۆی عەرەبی لە ناوچەکەدا کۆسپیان خستۆتە بەردەم هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروستی ڕای گشتی لە موسڵدا [78] د، تۆفیق ڕودو (ئاراس) کۆمەڵەی گەلانی ئاگادارکردەوە، کە نەتوانراوە هەست وسۆزی ڕاست و دروستی خەڵکی ناوچەکە بە دەست بهێندرێ، چونکە دەسەڵاتی داگیرکار لە ناوچەکەدا هەڕەشەیان لە خەڵکەکە کردووەو چاوترسێنیان کردوون. ئەنقەرە هانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی دا کە ڕێ بدا فەرمانبەری ڕەسمی چاودێری پرۆسەکە بکەن، بەڵام ئەو داوایەی ئەنقەرە پشت گوێ خرا. لە ئاکامدا هەموو دەنگەکانی لایەنگرانی تورکان تۆمار نەکران، هەروەها ئەوانەی دەیانویست شاهێدی بۆ تورکان بدەن، ئەزیەت دران هەتا وای لێهات کاربەدەستانی عێراقی ئەو کەسانەیان زیندانی کرد. بەپێی قسەکانی ئاراس، ئەوا چەوساندنەوەو ئەزیەتدانی بە کۆمەڵ هەتا پاش ڕۆیشتنی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەش هەر بەردەوام بووە.

کاربەدەستانی عەرەب لە ناوچەکەدا بەردەوام بوون لەسەر گوشارخستنە سەر لایەنگرانی تورک کە تەسکەرەکانیان بگۆڕن. هەروا هەتا کاربەدەستان لەوەش نەدەسڵەمینەوە کە بۆ مبابارانی ئەو خێلانە بکەن کە دەکەونە سەر ڕێگای دهۆک و ئامێدی لەمەش زیاتر، دەنگۆی وا لە ناوچەکەدا بڵاو دەکرایەوە، کە کاربەدەستان خەریکن میلیشیای لایەنگری عەرەبان چەکدار دەکەن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر خێڵەکان، لەژێر ئەو بارودۆخە تۆقێنەرەدا، خێڵەکان هیچیان بۆ نەما بۆوە تەنیا پەنابردن بۆ تورکیا نەبێ. ئاکام هەروەک ئاراس دەڵێ، دەبێ ئەو چالاکییە سەربازییانە بوەستێنرێن، هەرچی بەریتانیا بوو ئەوا بەمجۆرە وەڵامی بەیاننامەکەی تورکیای دایەوە: «بانگەشەکانی ئەنقەرە هیچ ڕاستییان تێدا نییە» هێزی ئاسمانیی عێراقی خەریکی فڕینە «چاودێریی یەکانی» بوو! هەرچەندە، ئینگلیز بەتەواوی گەمارۆی عەسکەری ڕەد نەدەکردەوە، بەڵام ئینگلیز بەهانەیان بۆ ئەوئۆپراسیۆنانە دەهێنایەوەو ئەو هەموو کردارەیان تەنیا وەک



بەشێک لە کرداری تەمبێ کردن لەدژی خێڵە کەللەڕەقەکان بۆ چەسپاندنی نیزام لە ناوچەکەدا دادەنا! لەندەن لە ١٩٢٥/٨/٢٧دا دەستی کرد بە دژە هێرشێکی دبلۆماسی. ئینگلیز لەو هەوڵە دپلۆماسییەدا تەنیا هەر شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی قۆرخ نەکردبوو، بەڵکو هەروەها بانگاشەی ئەوەشی دەکرد کە تورک بەردەوام خەریکی چەوساندنەوەی نەستورییەکانن لە هەکاریدا[79] بێگومان، تورکەکانیش هەرزوو ئەو تۆمەتانەیان ڕەدکردەوە[80] . لە یاداشتێکدا کە لەپازدەی ئابدا نوسراوە، ئەنقەرە دەڵێ: چوار ڕۆژ پێش ئێستا فڕۆکەکانی ئینگلیز هێڵی بروکسیلیان بەلای تورکیادا بەزاندووە.

لەمەش زیاتر، هێزێکی میلیشیایی پێکهاتوو لە ٥٠٠ کەس بەپاڵپشتی هێزی نیزامی هەوڵی داوە لە هێڵی سەربازی تورکی لە ئاتابان (شاتاڤان) بدات، بەپێی قسەی د. ئاراس ئامانج لەو هەموو سنوربەزاندنانە هەر بۆ «وروژاندنی» تورکان بووە[81]. بە بیانووی ئەوەی تورکەکان خەریکن مەسیحیەکان «ڕادەگوێزن» بەریتانیا بەبێ یەک و دوو لێکردن داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد کە کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بۆ ناوچەکە بنێرێ[82].

ئەنقەرە لە( ٢٥ )ی ئەیلولدا ئەوها وەڵامی فڕوفێڵەکانی ئینگلیزی دایەوە: لە ڕاستیدا دەبێ لێکۆڵینەوەیەک لە ناوچەی کێشەلەسەر سازبدرێ بەجۆرێ هەموو ئەو ئۆپراسیۆنانە بگرێتەوە کە هەر لە سەردەمی پەیمانی لۆزانەوە قەوماون! تەنیا هەر لێکۆڵینەوەیەکی تەواو دەتوانێ هەموو پێشێلکارییەکانی ئەنگلۆ – عێراقی بەدەر بخات! بۆ دەرخستنی ڕاستی و ناڕاستی بانگەشەکانی هەردوولا[83] ، ئەمینداری کۆمەڵەی گەلان ڕێزدار ئێریک درومۆند تیمێکی لێکۆڵینەوەی لەو بەڕێزانە پێکهێنا: ژەنیرال لایدۆنێر سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای ئەستۆنیا، ئۆرتێکا نونێت (لە ئەسپانیا ) هەروەها ژەنیرال ڕ. ژاک (لە چکسلۆڤاکیا ) . لەگەڵ ئەوەشدا، تورکەکان هەر لەسەر باوەڕی بەراییان بوون لەدژی دەستێوەردانی ئینگلیزی. هەروەها سووربوون لەسەر ئەوەی دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاپاگیر ئەنجام بدرێ[84].

لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا، ژەنیرال لایندۆر دەستی بە کارەکەی خۆی کرد، لە ڕاپۆرتی بەراییدا کە بۆ کۆمەڵەی گەلانی نارد بوو، لایندۆر

ڕەوشەکەی وەک پێکدادانی سنووری بچووک و ناگرنگ تەماشا کردبوو، لە هەمان کاتدا، بەریتانیا سەرنجی کۆمەڵەی گەلانی بۆ ئەو هەموو دانوستاندنانە ڕاکێشا کە لە مانگەکانی ئازارو نیسان لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز و نوێنەری ئەنقەرە لە لەندەن (زاکای) ئەنجام دراون[85] وا باوەڕ دەکرا کە گفتوگۆکان بەرەو پەیمانێکی تەمهیدی دەچوون. لە بەڵگەنامەکاندا، تورکیا وەک هێزێک دەبینرێ کە زیاتر پێی خۆش بێ کێشەی موسڵ لە ڕێگای گفتوگۆ دوو قۆڵییەکانەوە چارەسەر بکرێ نەک لە ڕێگای نێوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە!.

لە کاتێکدا گفتوکۆ لەسەر پێشێلکارییەکانی هێڵی بروکسل و دۆزی نەستورییەکان بەردەوام بوو، کۆمەڵەی گەلانیش لەڕێگا چارەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی هەردوولا بەدوا ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە ڕازی بکات. لەسەرەتای گفتوگۆکانی جنێڤ،« ئودێنی» بڕیاردەری کۆمەڵەی گەلان، لە نوێنەری ئینگلیزی پرسی ئاخۆ لەندەن دان بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دادەنێ گەر ناوەڕۆکەکەی هەرچییەک بێ یان نەء؟! وەڵامی نوێنەری ئینگلیز ئەرێ بوو. هەمان پرسیار لە نوێنەری تورکیا کرا، نوێنەری ئەنقەرە (فەتحی) بە ئیجابی وەڵامی دایەوە، بەڵام مەرجێکی دانا ئەویش ئەوە بوو: دەبێ بڕیاری کۆمەڵە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەویست و خۆزی دانیشتوانی ناوچەکە هەڵقولابێ، بۆیە ئەنقەرە هەر جەختی لەسەر بڕیاردانی دەنگدانێکی گشتی لە موسڵ دەکرد، لە پاشان کۆمەڵە ڕاسپاردەکانی ئاراستەی هەردوولا کرد. لە پاش ئەو هەموو مشتومڕە ئەو پێشنیارە بە هەردوولا درا ئاخۆ بە چارەسەری کۆمەڵەی گەلان ڕازی دەبن یان ڕەدی دەکەنەوە. ئەوسا د. ئاراس جێی فەتحی گرتبۆوەو وەزیری دەرەوەی تورکی بە ڕوون و ئاشکرایی وتی: تورکیا تەنیا ئەو چارەسەرە قەبوڵ دەکات (کە مەسەلەکە) لە چوارچێوەی سنووری میثاقی نیشتمانی تورکی دابێ، ئەگەر تەسوییەکە لەو چوارچێوەیە دەربچێ، ئەوا دەبێ ماندێتی کۆمەڵە بەوردی بڕیاری لەسەر بدرێ، بەمجۆرە تەسوییەکە - چارەسەرەکە- ڕەزامەندی لەسەر دەربڕا. بەندەکانی ٢٤،٤٨،١٠٧ی پەیمانی لۆزان بە ڕوون و ئاشکرایی شوێنی تورکیا دیاری دەکەن. لەمەش زیاتر لە بەندی (٣) پەرەگرافی (٢)ی هەمان پەیماندا هاتووە:

دەبێ کێشەی موسڵ ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ !! د. ئاراس لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ لۆرد کیرزۆن لە لۆزان وتی



دەستوری کۆمەڵەی گەلان (بەندی پێنجەم) چاوەڕێ دەکرێ بە تێکڕایی دەنگ، دەنگی لەسەر بدرێ، بەو باوەڕەوە، ئەنقەرە پێی وابوو کە مەسەلەی موسڵ بە جۆرێ چارەسەر دەکرێ لە کۆمەڵەی گەلان کە تەواو لە بەرژەوەندی و ویستی حکومەتی تورکی دایێ و هەر چارەسەرێکی تر کە ئەنقەرە هەرەسان بکا، نە پیادە دەکرێ و نە تورکیا دەتوانێ پێی مولزەم بێ[86] لە (١٩)ی ئەیلولی ١٩٢٥دا نارەزاییەکانی تورکیا بۆ دادگای دادگەری نێودەوڵەتی نێردران، لە سکاڵانامەکەدا پرسیاری ئەوە کراوە: یەکەم: سروشتی ڕاسپاردەی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە بەندی (٣)ی پەرەگرافی (٢)ی پەیمانی لۆزان چۆن دەبێ:

ئاخۆ پێویستی بە ناوبژی کردن دەبێ، یان چەند فەرمانگەیەک بەو کارە هەڵدەستن یان ڕاسپاردەکەی کۆمەڵە تەنیا ڕاسپاردەیەکی بێ بایەخە و هیچ نییە؟ ئەرێ ئەو ڕاسپاردەیە هیچ تایبەتمەندیەکی ئیجباری هەیە؟ ئەرێ دەبێ ئەو ڕاسپاردەیەی، کۆمەڵەی گەلان بە «تێکڕای دەنگ »یان بە «زۆربەی دەنگ» بڕیاری لەسەر دەدرێ؟ دووەم: کۆمەڵەی گەلان دەپرسێ ئاخۆ هەموو لایەکان دەتوانن بەشداری پرۆسەی دەنگدانەکە بکەن؟[87] ئەنقەرە، ئەوسا، وای پێ باش بوو کەخۆی لە دانیشتنەکانی دادگای دادگەری نێودەوڵەتی دووربگرێ و زۆر گرنگی بەو دانیشتنانە نەدا، بۆ ئەو هەڵوێستەش ئەنقەرە بانگاشەی ئەوەی دەکرد کە مەسەلەکە خۆی لەخۆیدا بۆیەیەکی «سیاسی» هەیەو ناتوانرێ لە ڕێگای ئیجرائاتی دادوەریانەوە چارەسەر بکرێ.

هەرچونێ بێ دادگای دادگەری نێودەوڵەتی لە ١٩٢٥/١١/٢١دا هەڵوێستی خۆی لەمەڕ مەسەلەکە خستە ڕوو: یەکەم، کۆمەڵەی گەلان ناتوانێ چارەسەرێکی ناچاری پەسەند بکات، هەرچەندە لە خودی بەندی (٣)ی پەرەگرافی (٢)ی پەیمانی لۆزاندا ناچارکردنێکی ئاوا هەیە.
دووەم: دادگا لەو باوەڕەدابوو کە دەبێ بڕیارەکە بەتێکڕای دەنگ بێ.
سێیەم: دەنگی دژەکان (ئەوانەی لەسەر کێشەکە لە ململانێ دان) وەرناگیرێ و دانیان پێ دانانرێ[88]. لێکدانەوەی دادگا بۆ مەسەلەکە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پەسەندکرا، لەبەرانبەر ئەو هەڵوێستەدا، تورکیا وتی لە چارەسەکردنی کێشەکەدا خودی دەستوری کۆمەڵەی گەلان پێشێل کرا، بۆیە نوێنەری خۆی لە جنێف کشاندەوە.

## - 15 -

# دوا دانوستاندنەکان و تەنازولاتەکان

ڕەزامەندیی کۆمەڵەی گەلان بە بڕیاری دادگای دادگەری نێودەوڵەتی، دەرگای دەست بەسەراگرتنی موسڵی بۆ ئەنگلۆ- عێراق والآکرد.

لە پاشان هەموو چاوەکان بەرەو تورکیا وەرچەرخان ئاخۆ تورکیا بەمە ڕازی دەبێ؟ ئەگەر ڕازی نەبێ، تورکیا چ کارتێکی بردنەوەی ماوە لەسەر مێزی دپلۆماسی یاریی پێ بکا؟ یان ئاخۆ تورکیا ئەوەندەی وەبەر ماوە شەڕ دەست پێ بکاتەوە؟ ئەوانە ئەو هەموو ترس و نیگەرانیانەی ئینگلیز بوون کە ڕووبەڕووی کۆمیتەی بەرگری شاهانە بوونەوە کە لە ڕۆژی ١٥/١٠/١٩٢٥دا لەو بارەیەوە کۆبۆوە. لە نێو ئەو ڕەوشەدا باوەڕێک لە بارەی هێنانی سوپا لە هیندەوە بۆ موسڵ لە بیرۆکەوە بەرەو جێبەجێ کردن گەشەی دەکرد.

چەرچل هەر چەندە لەگەڵ ئەوەنەبوو هیچ پێکدادانێک لەگەڵ تورکاندا بکرێ، بەڵام داوای لە هێزی کەشتیوانیی بەریتانی کرد کە خۆی ئامادە بکات بۆ هەر ڕووداوێکی نەویستراو لەو شوێنەی هێزی ئاسمانی فەشەل بێنێ، ئا لەوێوە هێزی دەریایی دەوری خۆی تێدا ببینێ.

مرۆزو بۆزکادا لە ئەیجان (ئیجە) دیاری کرابوون کە داگیر بکرێن(89)، لەمەش زیاتر هەر لە دەستپێکی دوژمنکارییەکاندا چاوەڕێ دەکرا، یۆنان بچێتە پاڵ هێزەکانی بەریتانیاوە.

باڵیۆز لیندسێی لە ئەستەنبوڵەوە دەنووسێ و لە نووسینەکەیدا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە هەتا لەوانەیە خێڵەکانیش پشتگیری بەرەی «دژە - تورکی» بکەن.

تێڕوانینی ئینگلیز بۆ چارەسەری مەسەلەی موسڵ چی بوو؟ لە یاداشتنامەیەکی درێژدا لەندەن ئاوا لە مستەفا کەمال گەیشت بوو: مستەفا کەمال بڕیار دروستکەری سەرەکییە لە تورکیا. ئەو ئایدیالیستێکی واقیعییە، هەروەها ناسیۆنالیستێکی توند و سیاسەتوانێکی دەوڵەتییە. خۆی ئامادە دەکا کە ئاواتەکانی بکاتە هێز و دەسەڵات بۆ تورکیا، هەروەها مستەفا کەمال پێی وابوو کە وڵاتەکەی بگەیەنەتە ئاستێک کە بۆ خۆی بیری خۆی لەسەر دامەزراندبوو، بەڵام هەر خۆی دەرکی بەوە کردبوو، کە ئەو کردارە زۆر بە ئاسانی و بە پەلە جێبەجێ



ناکرێ.

لەو پرۆسەیەدا دەبێ مستەفا ڕووبەڕووی فەشەل ببێتەوە و هەیبەتی خۆی لەدەست بدات، جا لەو ڕوانگەیەوە ئەو تا چەند وەک تاکە سەرکردەیەکی وڵات بە زیندوو دەمێنێتەوە؟

ئەو پرسیارە زیندووە، کە ئینگلیز باوەڕێ پێ بوو کاری لە هەڵوێستی ئایندەی مستەفا کەمال لەسەر کێشەی موسڵ دەکرد.

هەروا ئینگلیز پێی وابوو کە ئەگەر بێتو گەرەنتی پێویست بدرێ بە مستەفا کەمال ئەوا هیچ هێرشێکی لەناکاو لە سنوورەوە ناکرێتە سەر ئینگلیز (هەروەها خێڵەکانیش کۆنترۆڵ دەکرێن) لە بەرانبەر ئەمەشدا سەرکردەی تورک (مستەفا کەمال) زیاتر لە ڕەوشەکە دەگا وزیاتر دەسازێ.

هەر لەبەر ئەو هۆکارانەی ناوخۆ بوو، ئینگلیز هەستی دەکرد مستەفا کەمال هەر پێ لەسەر موسڵ دادەگرێ.

سەبارەت بە گرنگی دەرەوەی تورکیا، ئینگلیز پێی وابوو کە ئەگەر بێتو مەسەلەی موسڵ لە ئارادا نەبووایە ئەوا شیمانەی ئەوەدەکرا کە مستەفا کەمال وڵاتەکەی بهێنایە کۆمەڵەی گەلانەوە.

بۆ تورکان، تورکیا لە ناو کۆمەڵەی گەلاندا ئارامتر بوو لە دژی روسیا، لە نەزەری ئینگلیز، تورکیا لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی بەسەر ئەو دوورە پەرێزییە زۆرە ملێیەیدا زاڵ بێ.

لە ڕووی ئابوورییەوە تورکیا هەم پێویستی بە هاوکاری دەرەوە هەبوو، هەروەها پێویستی بە بەکاربردنی دراو هەبوو، مستەفا کەمال لە نێوان ڕێگای هات و نەهاتدا بوو.

ڕێگای هاتی- چاکی- ئەوەبوو کە قەرزو قۆڵەی شیاو لە ئینگلیز و هاوپەیمانەکان وەربگرێ، هەرچی لایەنی نەهاتی - خراپی ڕەوشەکە- خەرجی پێویستی چالاکییە سەربازییەکانی موسڵ بوو.

ئەوانە هۆکاری پێویست بوون کە مستەفا کەمال زیاتر نەرمی بنوێنی لەبەرانبەر لەندەن سەبارەت بە کێشەی سنووری عێراق، سەرەڕای ئەمانەش دەبێ ئەو ئیعتیبارانە لەگەڵ لەدەست دانی خاوەنێتی کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ بکێشرێن.

(بە واتای دەبێ تورکیا لەبەرانبەر چاککردنی باری ئابووی -ئەویش لە ڕێگای خۆشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزدا - بیریش لەوە بکاتەوە کە واز هێنان لە موسڵ واتای وازهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان دەگەیەنێ...

جا دەبێ تورکیا هەردوو ڕەوشەکە بەراورد بکات: کامەی زیاتر لە بەرژەوەندی تورکیا دایە؟).

پرسیارێک لێرەدا خۆی دەسەپێنێ: ئاخۆ تورکەکان دەتوانن لە ئۆپراسیۆنێکی عەسکەری بۆ سەر موسڵ سەرکەوتووبن؟ وەڵامی ئینگلیز بۆ ئەو پرسیارە سەرەکییە «بەڵێ»یەکی کۆتایی بوو!.

هەر چەندە لە نەزەری ئینگلیز، کێشەکە بە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تورکیاوە کۆتایی پێ نایێ[90].

لەندەن لەو باوەڕەدابوو کە تورکەکان تەنیا چوار ئەلتەرنەتیڤیان بۆ مابۆوە:

١- ئۆپراسیۆنێکی عەسکەری ئەنجام بدەن؟ ئینگلیز هەستی دەکرد کە ئەو کردارە بێجگە لەوەی هەوڵێکی بێ ئومێدکارانەیە و شیمانەی ڕوودانی زۆر دوورە و زۆر لەسەر تورکیا دەوەستێ.

٢- لەوانەیە مستەفا کەمال «هەڕەشەی» ئۆپراسیۆنێکی عەسکەری بەکاربێنێ، بەڵام ئەو ئەلتەرناتیڤەش زۆر بە توندی هەڵدەوەشێنرایەوە.

٣- تورکەکان هێشتا دەتوانن بەدوای هەندێ بەهانەی یاسایی و شەرعی بگەڕێن و بەردەوام بن لەسەر گەمەی دپلۆماسی.

٤- شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە تورکەکان لێ بگەڕێن با کێشەکە خاو بێتەوە و جارێ گەرماو گەرمی خۆی لەدەست بدا و لە نێو کارنامەی نێودەوڵەتیدا بێتە دەر.

وا دیاربوو ئینگلیز نەیاندەویست بە یەکجاری مستەفا کەمال نا ئومێد بکەن، هەر بۆیە بەردەوام خەریکی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی مامناوەندی بوون:

یەکەمیان: لەندەن هەستی دەکرد پێویستە تورکیا ڕازی بکرێ بۆ گەرەنتی پاراستنی تەناهی سنووری عێراق.

نابێ ڕێ بە خێڵەکان بدرێ ئەو سنوورە ببەزێنن و شۆڕش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەرپابکەن.

بەریتانیا لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا خۆی وا نیشان دەدا کە دەیەوێ خۆی دوور بگرێ لە مەسەلەی یەک پارچەیی هەرێمەکانی تورکیا، چیتردەستی لە کاروباری تورکیا وەرنەدا وەک پێشتر دەیکرد.

وێڕای ئەمەش، ئینگلیز دەیەویست ڕێککەوتنێکی دۆستایەتی لەگەڵ تورکاندا مۆر بکات، لە ١٢/٧دا نوێنەری ئینگلیز لە پاریس لەگەڵ



«بەرثەلۆت»ی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا قسەی کرد و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە مەسەلەی موسڵ سەبارەت بە وڵاتەکەی چەندە گرنگ و حەساسە.

لە وەڵامدا بەرثەلۆت ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو ڕۆژی پێشوو لەگەڵ ئۆدێن (لە کۆمەڵەی گەلان) قسەی کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە فەڕەنسا لە بەرەی بەریتانیایە.

بۆ تورکیا، پاریس بێجگە لەو هەڵوێستە چی دی پێ نەبوو پێشکەشی بکات: «تورکیا ناتوانێ هیچ شتێکی بەسوود بکات یان هەر ناتوانێ هیچ شتێکی سوود بەخش بەرهەم بێنێ، تورکیا هەتا ناتوانێ حوکمی خۆی بکات، تورکیا هەر بە قەسابخانە ناسراوە».

ئەمە ڕای فەڕەنسا بوو سەبارەت بە تورکیا، هەروەها بەرثەلۆت گومانی هەبوو کە ئەگەر موسڵ بۆ ئەنقەرە بەجێ بهێشترێ ئەوا ڕێگای قڕکردن و کۆمەڵکوژی مەسیحییەکانی ئەوێ دووبارە دەکرێتەوە.

لەو ڕوانگەوە نابێ کۆمەڵەی گەلان ئەو بەرپرسیارییە لە ئەستۆ بگرێ و موسڵ بە تورکەکان ببەخشێ، بەرثەلۆت پێی وابوو کە ئەو قسە توندانەی ئەو زۆر کاری لە ئودێن کردبێ[91].

لە ١٢/١٤دا لۆرد کرو لە پاریس قسەی لەگەڵ هاوشانە ڕووسییەکەی کرد، نوێنەری سۆڤیەت بۆ هاوشانی خۆی ڕوون کردەوە کە حکومەتەکەی هیچ پەیمانێکی «دوو قۆڵی» لەگەڵ ئەنقەرەدا مۆر نەکردووە کە لەسەر خۆی پێویست بکات ئەگەر تورکیا تووشی شەڕ بوو ئەوا دەستبەجێ هاوکاری عەسکەری پێشکەش بە تورکیا بکات.

ئەمەش ئەوەی لێ دەفامرایەوە کە روسیا نەیدەویست خۆی تووشی قەیرانێکی نێودەوڵەتی بکات، چونکە ڕووسیا خۆی لەناو خۆیدا گەلێ کێشەی هەبوون [92].

لە ١٢/١١دا کۆمیتەی بەرگری بە سەرۆکایەتی لۆرد بەلفۆر لە لەندەن کۆبۆوە، کێشەی سەرەکی وتوێژەکان دیاربوو: ستراتیژییەتی ئینگلیز سەبارەت بە ئۆپراسیۆنێکی عەسکەری شیاو لە دژی تورکیا چۆن دەبێ؟ وتووێژەکان بەرەو ئەوە دەچوون کە گوشار بخرێتە سەر گەرووەکان هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩١٥دا بەڕێوەچوو.

لیندسێی لە ئەستەنبوڵەوە فەرمانی پێ کرا بۆ ئەوەی زانیاری نهێنی لە

بارەی شوێنە قایمەکانی ئەوێ پەیدابکات (93).

لە ١٩٢٦/١/٥دا باڵیۆزی تورکی لە لەندەن نامەیەکی بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانی نووسی و تێیدا ئامادەباشی تورکیای ڕاگەیاند بۆ دانیشتن لە سەرمێزی گفتوگۆ سەبارەت بە مەسەلەی سنووری عێراقەوە.

بۆ ئەو وتووێژانەش ڕاو پێشنیار دەکرا کە ئەنقەرە ببێتە ناوەندی ئەو کۆبوونەوەیە، وا پێدەچوو گۆڕانێکی لەناکاو لە ناخی تورکیا ڕووی دابێ و لە هەڵوێستی توندی خۆی پەشیمان بووبێتەوە کە لە کۆمەڵەی گەلان پێشتر دەینواند.

دەبێ ئەوە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە ئینگلیز تا ئەوسا ململانێکەی تەنیا وەک مەسەلەی چارەسەرکردنی سنووری عێراقی- تورکیا دەبینی، هەرچی تورکیا بوو پەیکەری سەرەکی ململانێیەکە لای ئەو بریتی بوو لە دیارکردنی چارەنووسی موسڵ، ئەوەندەی یەکێ بتوانێ کۆی بکاتەوە و جەختی لەسەر بکات وا پێدەچوو ئەنقەرە خەریک بوو هەندێ تەنازولات بۆ ئینگلیز بکات بەو هیوایەی ئینگلیزیش هەمان هەڵوێست بنوێنێ، بەڵام هەرچی لەندەن بوو سەبارەت بەو خۆ ڕەپێشکردنەی تورکیا لە جێی خۆی نەجوڵایەوە. وەڵامێکی تەماوی بەشێوەیەکی خۆ هێشتی نێردرا کۆبوونەوەکەش کە وەک چاوەڕێ دەکرا فەرامۆش کرا (94).

بەریتانیا لە نزیکەوە چاوەدێری گۆڕانکارییەکانی دەکرد و پەنجەی لەسەر پەلاپیتکە بوو. لیندرسێی لە ١٩٢٦/١/٨ لە ئەستەنبوڵەوە دەنووسێ کە سارد و سستی کردن لە چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ بۆتە هۆی زیاتر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لە تورکیادا ئەمەش خەریک بوو پشتگیری حکومەتیشی بەدەست دەهێنا.

لە ئاکامدا ئەو ڕەوشە کاری لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوەی وڵاتدا دەکرد، کۆمپانیاکانی ئینگلیز ئەوسا لە تورکیا ڕووبەڕووی داخستن دەبوونەوە.

بە گوێرەی قسەکانی باڵیۆزی بەریتانیا، ئەنقەرە نیازی وابووە زەبرێک لە بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە تورکیا بدات(95).

لە یاداشتێکی تردا کە هەمان مێژووی سەرەوەی بەسەرەوەیە، لیندسێی ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی تری گرنگ دەکات ئەویش بڕیاری تورکیایە، کە تورکیا دەیەوێ هاوسەنگییەک لە نێوان هەردوو زلهێزی ئەوسادا دروست



بکات.

بەواتای تورکیا خەریک بوو لە باکوور، سنووری خۆی لەگەڵ ڕووسەکاندا بپارێزێ و لە باشووریشدا هەمان شت لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکات.

ئەگەر هەردەمێ ئەو هاوسەنگییە مەیسەر بوو و تورکیا توانی ئەو هێمنییە لەسەر سنوورەکانی فەراهەم بێنێ، ئەوا لەمەو دوا تورکیا توانای خۆی تەرخان دەکات بۆ بووژاندنەوە و چارەسەری ئابووری وڵاتەکەی، هەروەها دووبارە بونیادنانەوەی نێومالی خۆی، بەڵام هەروەک جەنابی باڵیۆز دەڵێ، هەوڵەکانی بە عەلمانی کردن و مەدەنی کردنی کۆمەڵگا (لەسەر ڕێڕەوی ڕۆژئاوایی) لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەوە، جۆرە نیگەرانییەکی لە نێو خێڵەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا دروست دەکرد بەواتایەکی تر خێڵەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە ترس و نیگەرانییەوە پێشوازی ئەو هەوڵانەی حکومەتی ئەنقەرەیان دەکرد، هەر بۆیە حەماسەتی دینی هاوشان لەگەڵ هەستی ئەتنیکی حکومەتی ئەنقەرەیان دووچاری نیگەرانی کردبوو، لە نێو ئەو ڕەوشەدا دەبوو ئینگلیز لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بەرانبەر تورکیا نەرمی بنوێنێ، لە کۆتاییدا دەبێ بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو زێ- عێراق) بکشێتەوەو دەمێکیش کە ئەو بڕیارە دەدات و دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە ناوچەکە بکشێتەوە، دەبێ ئینگلیز دڵنیا بکرێ کە لە پاش نەمانی ئەو لە ناوچەکەدا نابێ لە باکوورەوە هەڕەشە لە عێراق بکرێ، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەبوو: چۆن بەریتانیا دەتوانێ تورکەکان هێور بکاتەوە؟ ئایا ئینگلیز هێڵی بروکسل بۆ بەرژەوەندی تورکیا هەموار دەکات، بۆ نموونە بە جێهێشتنی ڕواندز بۆ تورکیا بەس دەبێ؟ لیندسێی زەنی وابوو کە بۆ تورکیا وا باشە جۆرە ڕێککەوتنێکی عەسکەری لەگەڵ بەریتانیادا مۆر بکا (96).

هەرچی کۆمیسیاری باڵا بوو لە عێراق (مفەوەزی سامی لە عێراق) ئەوا باوەڕی وابوو کە هەر هەموارکردنێکی هەرێمی (لە نێوان سنوورەکاندا) دەبێتە هۆی لاوازکردنی خێڵەکان و عەرەبەکانی عێراق، لەسەر ئەو بنەمایە لە ئاکامدا تەنیا چەند گۆڕانێکی لاوەکی (لە سنوورەکان) پێشکەش بە ئەنقەرە کرا (٣٠).

وەڵامی تورکیا سەبارەت بەو هەڵوێستەی ئینگلیز- کە نیازی نەبوو هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سنووری بروکسل بکات بۆ تورکیا. ئەوەبوو تورکەکان تەنیا «تەناهی» یان دەویست نەک «خاک» جا بۆ ئەوەی یەکەمیان (تەناهی) یان بەدەست بکەوێ سووربوون لەسەر ئەلتەرناتیڤی دووەم «خاک».

بە واتایەکی تورکەکان مەبەستیان بوو ئینگلیز چیتر دەست لە کاروباریان وەرنەداو ئاسایش لە وڵاتەکەیان بەرقەرار بێ، ئەو هەوڵەی لەگەڵ ئینگلیزیش دەیاندا لەسەر «خاک» هەر بۆ ئەوەبوو هەر چ نەبێ ئینگلیز «ئاسایش»یان بۆ زامن بکات، بەڵام ئەگەر بەریتانیا ئامادە نەبێ هێندێ تەنازولاتی هەرێمی بە تورکیا ببەخشێ، ئەوا ئاسایشی ڕووبەڕووی هۆکاری دی دەبێتەوە (97)، ئەو جارە بەریتانیا هێندێ تەنازولاتی نەوتی پێشکەش کرد.

بە پێی ئەو ڕێککەوتنە تورکیا دەیتوانی بەشێکی لە داهاتی نەوت بەدەست بکەوێ لە ١٩٢٦/٥/٣٠دا د. ئاراس بە باڵیۆزی بەریتانی وت کە وڵاتەکەی ڕازییە کە لە ١٠٪ لە داهاتی نەوتی عێراقی بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی پێ بدرێ، بەڵام لە ٦/٥ دا ڕێککەوتنێک بە پێنج سەد هەزار پاوەند ئیمزا کرا (98).

بەم جۆرە کێشەی موسڵ کۆتایی پێ هات! لە کاتی مۆرکردنی ئەو پەیمانە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی باڵای تورکیادا، وەزیری دەرەوەی تورکیا بە ئامادەبووانی گوت: تورکیا لەپێناو دۆستایەتی لەگەڵ بەریتانیادا لەلایەک هەروەها ئاشتی لەگەڵ عێراقدا ئەو قوربانییەی دا (99).



## پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١- ئەو ئاگر بەسە لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا مۆر کراوە.
٢- یۆنان بە ڕەزامەندی ویلسن و لوئید جورج و کلیمانسۆ توانی لە ١٥/ی مایسی ١٩١٩دا ئەزمیر داگیر بکات.
٣- ئەوسا ئینگلیز تەنها دوازدە میل لە شاری موسڵەوە دوور بوو.
٤- ئەو ژەنراڵە ناوی سێر ویلیام مارشال بوو.
٥- ئیحسان پاشا لە ١٩١٨/١١/٥دا خۆی لە موسڵ کشایەوە، بریکارەکەشی لە ١١/١٣دا لە موسڵ کشایەوە، هێزی ئینگلیز، ئاڵای عوسمانی لەسەربانی دایەرەکان داگرت و ئاڵای بەریتانیای لە جێگە چەقاند، ئەمەش نوختە گۆڕانێکی گرنگ بوو لەچارەنووسی دۆزی ویلایەتەکەدا، چونکە جارێکی تر لەو مێژووەوە ناوچەکە لە ڕووی نەزەرییەوە کرا بە بەشێک لە عێراق.
٦- ئەمە لە ڕاستی دوورە، چونکە ناوەندی حکومەتەکەی شێخ لە سلێمانی بوو، بەڵام شارەکانی وەکو کەرکوک و کفری و هەندێ لەسەرکردە کوردەکانی تر نەیاندەویست بێنە ژێر حوکمی شێخ مەحمودەوە.
٧- بەفەرمانی شێخ مەحمود، مەحمود خانی دزلی بە بیانووی زیارەتی مەرقەدی کاکە ئەحمەدی شێخ بە خۆی و سێ سەد کەسەوە لە ١٩١٩/٥/٢١دا هاتە ناو سلێمانی و داگیری کرد لە ساڵی ١٩٢٠دا مەحمود خانی دزلی لەلایەن ئێرانەوە دەستگیرکرا و درایە دەست کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراق، ئەوانیش بۆ هیندستان دووریان خستەوە، کەواتە مەحمود خانی دزلی بوو یارمەتی شێخی دا نەک ئێران وەک نووسەر دەڵێ.
٨- ئەو خۆشباوەڕییەی کورد بە تورکان، تورکی کرد بە دەوڵەت، کوردیش هەر بندەست مایەوە، چونکە هەر خودی بزووتنەوەی کەمالییەکان لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، کوردیش لە پێگەیاندنی ئەو بزووتنەوەیەدا هیچ درێغی نەکرد، ئەوانیش کە بە یارمەتی کورد سەرکەوتن، لە کورد کوشتن درێغیان نەکرد..
٩- لەو ساڵەدا زۆر گەورە لێپرسراوی ئینگلیز بەدەست کوردان کوژران وەک کوژرانی کاپتن پیرسن، کاپتن ئوللی، کاپتن سکۆت، کاپتن بێل..
١٠- لیود جۆرج بە زیرەکی خۆی توانی کلیمانسۆ ڕازی بکات کە واز لە ویلایەتی موسڵ بێنێ، لیۆد دەڵێ: ئەگەر کلیمانسۆ دەیزانی وازی لەچی هێناوە ئەوا هەرگیز شتی وای نەدەکرد..
١١- لە وتارەکەدا دەردەکەوێ مستەفا کەمال کە هێشتا دەوڵەتی تورکیای دانەمەزراندبوو، کوردستانی باشووری بە بەشێک لە تورکیا دەزانی..
١٢- تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداری و سیاسییەی کە ناوچەکەی گرتبۆوە.
١٣- کۆنگرەی قاهیرە لەچوار باسی سەرەکی کۆڵیەوە:
١٤- کەمکردنەوەی خەرجی بەریتانیا لە عێراق.

٢- ئەوانەی خۆیان بۆ تەختی پاشایەتی عێراق پاڵاوتووە.
٣- مەسەلەی کورد.
٤- لەشکری داهاتووی عێراق، هەر چەندە کۆنگرەی قاهیرە بایەخی زۆری بە مەسەلەی کورد دا، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئینگلیز لەبەرانبەریدا ڕووی نەدا..
١٤- لە دەنگدانەکەدا کەرکوک لە دژی فەیسەڵ دەنگی دا، سلێمانی بەشداری دەنگدانەکەی نەکرد، لە هەولێر و موسڵ زۆر کەس دەنگیان دا بۆ فەیسەڵ بەو مەرجەی مافی کورد و کەمینەکان بپارێزرێ..
١٥- بە پێچەوانەوە کوردەکان لە سوپای میللی کەمالییەکاندا دەورێکی گرنگیان بینی لە دەرکردنی سوپای یۆنان لە ئەزمیردا.
١٦- پارچە پارچە بوونی دەوڵەتی عوسمانلی بۆ ئەو هەموو دەوڵەتە هیچ نییە، بەڵام «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان» خەتەرە لەسەر یەکێتیی ئیسلامی، بێجگە لە شۆڤینیەت ئەو ڕایە بە چیتر تەفسیر ناکرێ.
١٧- ئۆزدەمیر خۆی ناوی «عەلی شەفیق» بوو بە ڕەگەز چەرکەسی میسر بوو، لە ١٩٢٢/٦/١٥دا بە خۆی و مەفرەزەیەکی بچووک هاتە ڕواندز، ئەوسا ڕواندز لە سوپای ئینگلیز پاک کرابۆوە.
١٨- ئەو دەربە کوشندەیەی لە دەربەند لە ئینگلیز درا، کوردەکان دەورێکی زۆر گرنگیان تێدا هەبوو.
١٩- ئۆزدەمیر و جلخوارەکان (لایەنگرانی تورک) توانی بوویان هەندێ عەشیرەتی کوردی و سەرکردەی کوردی لە بەرەی تورکان لە دژی ئینگلیز راست بکەنەوە.
٢٠- کەمالییەکان لە ١٩٢٢/٩/٢٠دا دوا نەفەری یۆنانیان لە تورکیا دەرکرد و لە ١٩٢٢/١٠/١١دا ئاگر بەسی مۆدانیایان لەو بارەیەوە ڕاگەیاند، ئینجا هەم هاوپەیمانەکان هەم کەمالییەکان ئامادەبوون، «کۆنگرەیەکی دیکەی ئاشتی» لە جیاتی «سیڤەر» لە لۆزان ببەستن، کۆنگرەکە دوو دانیشتنی سەرەکی بەخۆوە گرت، بەڵام بێجگە لە فەرامۆش کردنی «دەوڵەتی کوردی نێو پەیمانی سیڤەر» هیچی تری لێ نەکەوتەوە.
٢١- لە هەندێ سەرچاوە دەڵێ (٩) مانگ دانراوە نەک ساڵێک.
٢٢- لە پەرەگرافی (٢)ی بەندی (٣)ی پەیمانی لۆزاندا هاتووە: دەبێ هێڵی سنووری نێوان تورکیا و عێراق بەشێوەیەکی ئاسایی لە نێوان تورکیا و بەریتانیا لە ماوەی نۆ مانگدا چارەسەر بکرێ، ئەگەر لەم ماوەیەدا، ئەمە نەکرا ئەوا کێشەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، لە ١٩٢٣/٣/٦دا ئەنجوومەنی نیشتمانی باڵا، پرۆژەی ئاشتی ڕەتکردەوە، چونکە لەگەڵ میثاقی نیشتمانیدا یەکی نەدەگرتەوە، لە ٤/٢٣ دا جارێکی تر کۆبوونەوە، بەڵام هەر نەگەیشتنە هیچ ئاکامێک هەر بۆیە بەریتانیا، کێشەی دیارکردنی سنووری نێوان عێراق و تورکیا کە ناسراوە بە هێڵی بروکسلی بردە کۆمەڵەی گەلانەوە.
٢٣- فەتاح بەگ، خزمی شێخ مەحمود بوو، تورکەکان، بۆ خۆ نزیک خستنەوە لە کوردان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بۆیە ئینگلیز بەمە هەراسان ببوو، ئینگلیزیش کارتی



کوردی بەکار دەهێنا، بۆیە هەردوولا کورد یان کردبووە جۆکەری بردنەوەی یارییەکە.
٢٤- لە ١٩٢٥/١٢/١٦دا کۆمەڵەی گەلان ڕەزامەندی خۆی لەسەر کۆمیتەی لێکۆڵینەوە دا بۆ جیاکردنەوەی سنووری نێوان عێراق و تورکیا. هێڵی بروکسل بە هێڵی جیاکراوەی نێوان هەردوو دەوڵەت دانرا، هەروەها کۆمیتە بڕیاری دا کەهەموو ئەو زەوییانەی دەکەونە باشووری هێڵی بروکسلەوە بە عێراق بدرێ، بەدوو مەرج: یەکەم: ئەو زەویانە لەژێر ئینتدابێکی زیندوو دابێ بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ. دووەم: ویست و ئارەزووی کورد حسابی بۆ بکرێ، کورد لە دام و دەزگاکان دابمەزرێن و کوردی ببێ بە زمانی ڕەسمی ئەو شوێنانە.
٢٥- ئینگلیز لەگەڵ عەرەبانیش ساخ نەبوون لەلایەک شۆڕشیان بە شەریف حوسێن کرد و بەڵێنی ئیمپراتۆریەتی عەرەبییان پێ دا، لە هەمان کاتیشدا بەپێی پەیمانی سایکس بیکۆ، وڵاتی عەرەبەکانیان بۆ چەند وڵاتێک دابەش کرد.
٢٦- ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید زەبرێکی گەورەی لە حکومەتی تورکیا وەشاند. بۆ کوژاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە تورکیا پێویستی بە سی و پێنج هەزار سەرباز و دوازدە فڕۆکە هەبوو، ئەو ڕاپەڕینە ئەوەندە گرنگ بوو کە بوونی تورکیای وەک دەوڵەتێک دەخستە مەترسییەوە، ئیدی تورکەکان ناچار بوون هەشتا هەزار سەرباز لە کوردستان مۆڵ بدەن، پاش کوژاندنەوەی شۆڕشەکە: جاری یەکەم شێخ عەبدولقادر شەمزینی و (٩٠) کوردی تریان لەسێدارەدا، جاری دووەم شێخ سەعید و (٤٧) کوردی تریان لە سێدارەدا، جاری سێیەم (٩٣) تێکۆشەری دیان لە سێدارەدا. لە بەڵگەنامەیەکی تورکیدا نووسەرە تورکەکان زۆر سادییانە باسی لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە دەکەن، ئەمە وەنەبێ تورک هەر ئەوەندە کوردەی کوشت بێ، بەڵکو لە ماوەی نێوان ١٩٢٥ و ١٩٢٦دا پتر لە پێنج سەد هەزار کورد کوژراون.
٢٧- بە پێچەوانەوە هاوکاری سوریا بۆ تورکیا دربێکی کوشندەی لە شۆڕشەکە دا.
٢٨- نووسەر دەیەوێ پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بێنێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت یەکێ لەو مەرجە سەرەکییانە بوون کە بەریتانیا لەبەردەم کەمالییەکانی دانابوو، تاکو کۆمەڵەی گەلان دان بە دەسەڵاتی کەمالییەکان لە تورکیای عەلمانی دابنێ.
٢٩- بەڵگەی وا هەرگیز نادۆزرێتەوە، چونکە لە ئەسڵدا بوونی نییە، شۆڕشەکەی شێخ سەعید هەم مۆرکی دینی و هەم مۆرکی قەومی هەبووە، جا چۆن ئینگلیز پشتگیری لێ دەکا.
٣٠ - ئەو هەموارکردنەی هێڵی بروکسل بریتی بوو لە وازهێنانی هێڵی باشووری «علامات» و ئاشوتا بۆ تورکیا. وەرگێڕ

پەراوێزەکانی نووسـەر:

1- This Pomphlet is a short Summary of my book, entitled A chronology of the Mosul Question, 1918- 1926, (stanbul, 1987) and second printing Istanbul, 1991 (In Turkish).
2- India Office Records (hereafter IOR). London: L/PS/10/781, P.4870. for the turkish side of the debates, see: La Question de Mossoul de La Signature du Traite d'armistace de Moudros (Istanbul, 1926).
3- IOR, L/PS/10/781, P.5103, 16.X-1918.
4- IOR, L/PS/10/781, P.5435, 18.4.1918.
5- More Information on Noel's mission could be found in my ingliz Ajani Binbasi E.W.C. Noel'm "Kurdistan" Misyonu (Istanbul, 1989).
6- IOR, L/PS/20, C,218.
7- See My Ingiliz Ajan... For a detailtd analysis of the "Ali Galip- Noel Conspiracy".
8- IOR, L/PS/10/781, P.7328, 27,X.1919.
9- IOR, L/PS/10/781, P.6123, 3.X.1919.
10- IOR, L/PS/10/781, P.7738.
11- IOR, L/PS/10/781, 12.X.1919.
12- IOR, L/PS/10/782, P.2170, 23 iii, 1920.
13- IOR, L/PS/10/782, 22,1920.
14- IOR, L/PS/10/782, P.2648, 23, 1920.
15- Public Record Office (hereafter PRO) Foreign Office (hereafter FO). 371/5069, E.9076.
16- IOR, L/PS/10/782, P.3032, On the San Remo conference, also see: paul C. Helmreich, From



Paris to Svres: The Partition of the Ottoman Emptre at the peace conference of 1919- 20 (columbus, 1974) PP, 304-305.
17- IOR, L/PS/10/782, P.3523, 8, iii, 1920.
18- Ataturk' ün söylev ve Demecleri 1906-1938 (Ankara, 3rd printing: 1981),vol, L,pp 73-74.
19- Ghasan Atiyan, Iraq: 1908-1921: Asocro politicar study (Beirut, 1973).
20- Philip W.Ireland, Iraq: Astudy in political Development (Lodon, PP 258-9.)
21- B.C.Busch.
22- The Arabs, 1914-1921, (Berkeley, 1971), pp. 408-9.
23- Busch, OP-Cit., P.403.
24- Hehry A, Foster, The Making of Modern Iraq (Norman, 1935(, p.159.
25- IOR, L/PS/10/782, 15. vii, 1921.
26- IOR, L/PS/10/782, 21. vi, 1921.
27- IOR, L/PS/10/197, p.2162, 5.v, 1921.
28- imir, op.c.t; vol, 111, pp.54-55, 333-334.
29- PRO, FO, 3371/6353 E 10936, 28. X.1921.
30- IOR, L/PS/10/782, p.4765, 24.X.1921.
31- IOR, L/PS/11/203, p.5175, 25, X.1922.
32- IOR, L/PS/11/203, p.5274, 19, iii.1922.
33- IOR, L/PS/10/782, p.124, 26, X.1921.
34- Ibid, 5.1.1922.
35- IOR, L/PS/10/782, p.4998.
36- Ibid, p.5347, 5.X.1921.
37- Ibid, 14.X.1921.
38- Ibid, p.5571, X.1921.
39- Republic of Turkiye, chief- of staff Publica-

tions: Turk Istiklal Harbi, vol: IV: Guney cephesi (Ankara, 1966), p.267.
40- PRO, FO, 371/7780 E96/96/65, 2-i-1922.
41- Turk Istiklal Harbi, IV.pp.270-8.
42- PRO, FO, 371/7780 E 10859/33/65, “Irak Intelligence Report”, no.17, 10-X-1922.
43- PRO, FO. 371/7723 E 10470/33/65, 18.X.1922.
44- PRO, FO. 371/7722 E 13677/33/65, 5.X.1922.
45- Ibid, E.13089/33/65, 22.X.1922.
46- Ibid, E. 14319/33/65, 8.X.1922.
47- Turk Istiklal Harbi, IV.pp.282-284.
48- All Preceedings of the Lausanne Conference could be Found in Seha L.Neray (ed.): Lozan Baris komferansi: Belgeler (Ankara, 1978) vol. 1/1/1, pp.342-377.
49- See my “The Lausanne Conference (1922-23) Themas and sources in the Archives of Great Britain, “Pakistan Journal of Social Sciences, vol. VIII/1-2 (1982).
50- Also see my, The Armenian Questron, 1914-1923. (Oxford, 1988).
51- TBMM (Turkish Grand National Assembly). Gizli Zabt ceridesi, (Confidental sessioms preceedings) vol. III (Ankara, 1985), p.1153.
52- Ibid, p.1200.
53- Ibid, p. 1256.
54- Ataturk’un soykv ve.., vol. III, p.59.
55- TBMM GZC, III, p.1292.
56- Ibid, p.1309.



57- Ibid, p.1318.
58- Idem.
59- PRO, FO, 371/9005/E4725/1019/65, 8.v.1923 and E 6695/1019/65,27.v.19.
60- For the Conference, see PRO, FO, 371/10077E4834/765.
61- PRO, FO. 371/10114E 8547/5711/65, 29.X.1924.
62- F.kandemirced.). Rauf Orbay, (Istanbul, 1965), p.121.
63- PRO, 30/52/67, v.384, 1925 VII.
64- PRO, 30/52/72, c.514, VII, 23.X.1924.
65- PRO, FO, 371/10824 E 1044/32/65, 17.ii.1925.
66- C.J. Edmonds; Kurds, Turks and Arabs, (London, 1057), p.392, 401, 408, 412, 415, 419, 423, 429, 435.
67- PRO, 30/C.400, 1925 VII: Leaque of Natioms, Question of the Frontier Between Turkye and Iraq. (Reports sumitted to the council by the commission Instituted by the council Resolution of september 30th, 1924.).
68- B. Cemal Seyh Sait Isyani: (Istanbul,1955); M.Toker, Seyh said ve Isyani: (Ankara,1968); E Aybars, Istiklal Mahkemeleri: (Ankara, 1982), CF:M.Turkay, Turkiye cumhuriyetinde Tek parti Yonetiminin Kurulmasi, 1923-1931, (Ankara,1981); G chaliand (ed.); people without A country, (London, 1980), p.61 ff; Robert Olson. The Emergence of Kurdish Nationalism and sheikh said Rebelliom,1880: 1925 (Texas, 1989).

69- Omer Kurkulu Turk- Ingiliz iliskileri,1919-1926, (Ankara,1975), p.309.
70- Kurkuolu op.cit; p.309-10.
71- For more Information, see my Hilafet Hareketleri: Guney Asya Muslumanlarinin Istiklal Davasi ve Turk milli Mucadelesi, 1919-1924 (Ankara,1991).
72- kurkuolu, op.cit; p.310.
73- A.J.Toynbee/k.p.kirwood (transl.by k. Yargici); Turkiye: Bir Devletio Yenidin Sogusu, (Istanbul,1971), S.296.
74- PRO, FO. 371/13867 E 1960/1091/44.
75- kurkuolu, op.cit; p.314.
76- B.N.imir (ed.) Ingliz Belgeleriyie Turkiye'de kurt sorunu 1924- 1038, (Ankara,1975), p.13, The Document could also be found at PRO, FO, 424/261, no;63, pp.44-8.
77- kurkuolu, op.cit; p.314.
78- PRO, 30/52/93, C.399 M.138,1925 Vil.
79- PRO, 30/52/97, C.480,1925 Vil.
80- Ibid., c.479, 1925 Vil.
81- Ibid., c.477, 1925 Vil.
82- PRO, 30/52/98, C.539,1925 Vil, 15.X.1925.
83- Ibid., 28.X.1925.
84- Ibid., c.690, 1925 Vil.
85- Ibid., c.706, 1925 Vil.
86- Mehmet, Gonlubol, Milletlerasi siyasi Teskilatlanmar (Ankara,3rd printing: 1975), pp.154-5.
87- PRO, 30/52/98, C.549 (1)187,1925 Vil.
88- Leaque of Nations category v (1925); Assembly. cauncil and circuler v,23.X.1925 Geneva.



89- PRO, FO, 371/10826 E 6333/32/65, 14.X.1925.
90- W.N. Medlicott/ D.Dakin/M.E. Lambert (ed.s); Documents on British Foreign Policy, 1919-1939, (London,1966), First Series vol,1, pp.765-773 (doc. no.534, E 6635/32/65, 23.X.1925).
91- Ibid., pp. 787-788 doc. no.545, 7.X.II.1925.
92- Idem.
93- Ibid., p.791, doc. no.549, E 7773/32/65, 19.X.1925.
94- Ibid., p.799-800, doc. no.555, E 137/62/65, 5.1925.
95- Ibid., p.814. FF: doc. no.569, E 1072/373/44, 8.1925.
96- Ibid., p.818. FF: doc. no.570, E 1131/62/651, 8.1926.
97- PRO, FO. 371/11460 E 1878/62/65. 19..1926.
98- Medlicott et al, op.cit., p.844-845.
99- Ataturk'un Milli Dil Pelitikasi, 1919-1938, (Ankara, 1981).

ژێدەر:

Prof. Dr. Mim Kemal OKE (1991).
A Chronology of the Mosul Question
1918- 1926, Istanbul

# چەند سەرنجێ لە بارەی ئەم کتێبەوە

نووسەری ئەم کتێبە لە ڕێگای چەند بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزی و تورکییەوە هەوڵی داوە ڕووداوەکانی لەدەست دانی موسڵ بگێڕێتەوە، بە حوکمی ئەوەی نووسەر، تورکە، باوەڕی وایە کە ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە تورکیا. لەو بارەیەشەوە چەند جارێ وتارەکانی مستەفا کەمال بە نموونە دەهێنێتەوە.

لە پاشان هەرچەندە ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩١ نووسراوە، کەچی نووسەر لە زۆر جێگەدا کە باسی کوردان دەکات وشەی «خێڵەکان» بەکار دێنێ[1]. هەروەها هەوڵێکی زۆردەدا کە وای دەربخات هەر یەک لە شۆڕشی شێخ مەحموود و شێخ سەعید دەستی بێگانەیان لە پشتەوە بووە، هەر چەندە من لە پەراوێزدا ئەو ڕایانەم بە درۆخستۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشداو لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی «ناڕاستەوخۆ» زۆربەی لەسەر کوردانە، بۆیە بە پێویستم زانی بیکەمە کوردی و دواتر بە ئەلقە لە ڕۆژنامەی برایەتی دا بڵاوکرایەوە.

هەر چەندە ئەم کتێبە لە ڕوانگەیەکی تورکییەوە نووسراوە، بەڵام ئەوە دێنێ ئێمەی کورد بزانین گەلانی هاوسێمان چۆن لە مێژوومان دەڕوانن، هەروا زۆر نووسینی دیکەی لەم بابەتە وامان لێ دەکەن زیاتر لە مێژووی خۆمان بکۆڵینەوە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایە بەهیوام ئەم نووسینە زیاتر هانمان بدا لە مێژووی خۆمان بکۆڵینەوە.

10 100